## هەولێر ئاهەنگی سەرکەوتن دەگێڕێ

**ڕووداو-هەولێر**

یانەی هەولێر بۆ ساڵی دووەم لەسەر یەک بووە پاڵەوانی خولی یانە نایەبەکانی عێراق، دوای ئەوەی دوێنێ ئێوارە لەیاری کۆتایی خولەکەدا لە یاریگای گەل لەشاری بەغدا و بەئامادەبوونی جەماوەرێکی 65 هەزار کەسی بە گۆڵێکی بێ بەرامبەری ئەحمەد سەلاح لە یانەی (الزوراء)ی کۆنترین یانەی بەغدای بردەوە.

بەمەش یانەی هەولێر بڕی 70 ملیۆن دیناری خەڵاتی پاڵەوانی خولەکە و، 100 ملیۆنی خەڵاتی نوری مالیکیش بۆ پاڵەوانی خولەکە وەردەگرێت.

هەر دوای تەواوبوونی یارییەکەش هەولێر کەوتە ئاهەنگ و سەما.



## زەنگا مەترسیا خابیرێ زاخۆ هاتە لێدان

**ڕووداو- زاخۆ**

ڕێڤەبەرێ فەرمانگەها ئاڤا زاخۆ دداخویانییەکێدا بۆ (ڕووداو) ڕاگەهاند ئەگەر وەرزێ زستانا بێت هشکاتی بەردەوامبی "مەترسییەک گەلەک مەزن هەیە کوخابیرێ زاخۆ هشک ببیت و ئاڤ لێ نەمینیت، نهاڤی ئەم ڤێ زەنگاهان لێددەین". ڕووبارێ خابوور ل دەڤەرا زاخۆ کو 10هزار دۆنمێن عەردی ئاڤ ددەت، کەتییە ناڤ شعر و سترانێن هونەرمەندێن کەڤن و نوییێن زاخۆ، هەروەسا ل ئەگەرێ فرەدانا گلێشێ بۆ سەر ڕووباری ژ لایێ خەلکیڤە مەترسییا بەلاڤبوونا هندەک نەخۆشییێن ترسناک ژ ئاڤا خابیری دناڤ ڕوونشتڤانێن زاخۆدا گەلەک زێدە بوویە.



**لاپەڕێ ئابووری**

## کورد مافی خۆیەتی گومان لە عەرەب بکات

**تایبەت بە ڕووداو**

زانستکاری عەرەبی میسری سەعدەدین ئیبراهیم، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) پشتیوانی خۆی لە مافی چارەی خۆنووسینی کورد ڕاگەیاند و گوتیشی کورد مافی خۆیەتی دوای ئەو هەموو ئازارە گومان لە عەرەب بکات.

سەعدەدین ئیبراهیم کە بنەماڵەی حوسنی موبارەکی سەرۆک کۆماری میسر بە دوژمنی پلە یەکی خۆی دادەنێ و لەبەر ڕاوەدوانان چووەتە ئەوروپا، هەفتەی ڕابردوو لە دادگای میسر بە سێ ساڵ زیندان حوکمدرا لەبەر ئەوەی لە سەردانێکیدا بۆ لای بوش، داوای کرد ئەمریکا یارمەتییەکانی خۆی بۆ میسر پەیوەست بکات بە چاکسازییە دیموکراسییەکانەوە.



**لاپەڕەی ژیانی نوێ**

ژمارە (21)

دووشەممە 2008/8/25

3ی گەلاوێژی 2708

(750) دینار

Rûdaw

ڕووداو

خوێنەری ڕووداو زۆرتر دەزانێت

www.rudaw.net

### بەپێی نەخشەیەکی نهێنی

# سوپای عێراق دەیەوێ بگەڕێتەوە ئەو ناوچانەی تا 2003 لەژێر کۆنترۆڵی بەعسدا بوون

**ڕووداو- هەولێر**

بریکاری وەزارەتی پێشمەرگە ڕایگەیاند بەپێی نەخشەیەک کە دەست ئەو کەوتووە، سوپای عێراق دەیەوێ سەرجەم ئەو ناوچانە بخاتەوە ژێر کۆنترۆڵی خۆی کە تا نیسانی 2003 لەژێر کۆنترۆڵی ڕژێمی بەعسدا بووە.

ئەنوەری حاجی عوسمان، بریکاری وەزارەتی پێشمەرگە کە لەبارەی گرژییەکانی ئێستای نێوان سوپای عێراق و هێزی پێشمەرگە لەسنووری پارێزگای دیالە بۆ (ڕووداو) دەدوا، دڵنیایی خۆی لەوە دەربڕی کە سوپای عێراق بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆن لەدژی تیرۆر نەهاتووەتە ناوچەکەو مەبەستی ئۆپەراسیۆنەکە سیاسییە وگوتی"نەخشەکەی سوپای عێراق لای منەو بەپێی ئەو نەخشەیە بەنیازن سوپای عێراق تا پێش نیسانی 2003 لەکوێ بووە سوپای نوێی عێراق بچێتەوە هەمان ئەو ناوچانە". هەروەها ڕاشیگەیاند کە ئەمە تەنیا بە دیالەوە ناوەستێ و سەرەی موسڵ و کەرکووک و مەخمووریش دێت.

بەپێی ڕێککەوتنێک کە لەنێوان حکومەتی عێراق و شاندی هەرێمی کوردستان دوای سەرهەڵدانی ئەو گرژییە کراوە، لیوای 34ی گەرمیان کە لە 4 هەزار پێشمەرگەی یەکێتی و پارتی پێکهاتووەو مانگی 10ی 2006 لەسەر داوای حکومەتی عێراق چوونە ناوچەکانی قەرەتەپەو جەلەولا، لەو ناوچانە کشانەوە خانەقین، لە بەرامبەریشدا بەغدا ڕازی بوو، لیواکە بخرێتەسەر سوپای عێراق، بریکاری وەزارەتی پێشمەرگە وێڕای ئەوەی بەدووری دەزانێ حکومەتی عێراق ئەو بەڵێنە جێبەجێ بکات، ڕاشیگەیاند کە ئەگەر جێبەجێش بکرێت ئەوا لیواکە بەپێی ئەو ڕێککەوتنە دەخرێتە سەر فیرقەی1 کە لە بەسرایەو گوتی "دڵنیام لیواکە بەچوار ڕۆژ پێشمەرگەی تێدا نامێنێ و کەس ئامادەنییە بچێتە بەسرا".

ئەنوەری حاجی عوسمان، کە پێش کشانەوەی هێزی پێشمەرگە بەشداری گفتوگۆکانی کردووە لەوناوچەیەدا لەگەڵ عەلی غێدان فەرماندەی هێزەکانی وشکانی عێراق، لەبەر ئەوەی غێدان زۆر تووند هەڵسوکەوتی کردووە "پێمگوت لەگەڵ عەلی حەسەن مەجید تەنیا ناوی باوکتان جیاوازە،پێشمگوت باشترە لەگەڵ یەکدی نەرم بین، بەڵام ئەگەر بڕیارە شەڕبکەین بەڵێن بێت بە دیلی دەتبەمە هەولێر".

وردەکاری زیاتر لەلاپەڕە (3) بخوێنەوە

### فازل میرانی، سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان:

## دەبێ کادیرانی پارتی و یەکێتی واز لە خەڵک لەیەکتر دزین بێنن

**تایبەت بە ڕووداو**

سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی ڕایگەیاند پارتی و یەکێتی لەمەسەلە چارەنووسسازەکاندا یەک هەڵوێستن "بەڵام لە خوارێ لە ڕێکخستنەکان ململانێ هەیە"،گوتیشی ئەوە بە دەستبەکاربوونی سەرکردایەتی گشتیی هاوبەش و وازهێنانی کادیرانی هەردوولا لە خەڵک لەیەکتر دزین چارەسەر دەبێ.

فازل میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) گوتی چارەسەری ئەوململانێیە بەتێپەڕبوونی کات چارەسەردەکرێ، گوتیشی دەبێ ئاستی کادیرانی هەردوولا بەرزبکرێتەوە"ئەوەش لەسەری خۆیان دەربێنن کە خەڵک لەیەکتر بدزن، لە کاتێکدا بە هەزاران گەنجی کچ و کوڕی بێلایەن هەن کە دەبێ لەسەر بیری ئەوان کاربکەن"، ئەگەر ئەمە بکرێ هەنگاوێکی باش لە کلتووری دیموکراسی نزیک دەبینەوە" ئەگەرنا هەر ئەسیری دروشم دەبین و گرفتەکانیش یەخەمان بەرنادەن".

لە چەند مانگی ڕابردوودا مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی ژمارەیەکی زۆر کۆبوونەوەیان لەسەر دامەزراندنی کابینەیەکی نوێ ئەنجامدان، ئەوەش ببووە باسێکی سەرەکی خەڵک، بەڵام دواتر بەبێ دانی هیچ ڕوونکردنەوەیەک بەخەڵک کۆبوونەوەکان وەستان.

سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی ئەنجامی ئەو کۆبوونەوانەی بە (ڕووداو) ڕاگەیاند و گوتی"ئەنجامی دوایی ئەوەبوو لە هەردوو لامان بیرۆکەیەک هاتە کایەوە، ئەویش بەردەوامبوونی ئەو حکومەتە بە سەرۆکایەتی بەڕێز کاک نێچیرڤان بارزانی تا هەڵبژاردنی ساڵی 2009 "،بەهۆی نزیکبوونەوەی وادەی هەڵبژاردنەوەی پەرلەمانی کوردستان کە بەپێی یاسا دەبێ ساڵی داهاتوو ئەنجامبدرێ و بۆئەوەی ئەو ماوە کەمەی ماوە بەتێکەڵکردنەوەی وەزارەت و دانانی یاسای نوێی وەزارەتەکان لەدەستنەدرێ.

**دەقی هەڤپەیڤینەکە لەلاپەڕە (7) بخوێنەوە.**



### لەسەر کچێکی بەریتانی

## دوو گەنجی کورد (گۆران)ی خۆشەویستی جیما دەکوژن

**ڕووداو-بەریتانیا**

جیما کرۆنشن، کچە بەریتانییەکی تەمەن 24 ساڵە، لەگێڕانەوەی بەسەرهاتی خۆیدا لەگەڵ دوو گەنجی کوردی باشووری کوردستان، نەفرەت لە فاخیری خۆشەویستی یەکەمی و زریانی هاوڕێی دەکات دوای ئەوەی گۆرانی خۆشەویستی ئەویان لەپێش چاوی لە ئاهەنگێکدا کوشت.

فاخیر لە بەریتانیا گیرا و زریانیش لەیۆنان و ئێستا هەردووکیان بە 7ساڵ و شەش مانگ زیندان و پاشان ناردنەوە بۆ کوردستان سزادراون، دوای ئەوەی جیما وەک شاهید چووە دادگا و فیلمی ئاهەنگەکە کە بەخۆی گرتبووی دایە دادگا.

جیما کرۆنشن، کە لە تەمەنی 19 ساڵیدا پێوەندی لەگەڵ فاخیر دروستکردووە، سەبارەت بەیەکەم بینینی فاخیر دەڵێ"خۆشحاڵ بووم کە بە کوڕێکی گەنجی وەکو فاخیر گەیشتم، پاش ماوەیەک کەوتینە داوی شێتانەی خۆشەویستییەوە". بەڵام دواتر کە بۆ کار دەچێتە هەمان ئەو کارگەیەی فاخیر کاری لێدەکرد، فاخیر دڵپیسی لێدەکات و پێیدەڵێ تۆ خیانەتم لێدەکەی، بەوشێوەیە جیما فاخیر بەجێدێڵێ و دوای سێ مانگ دەبێتە هاوڕێی گەنجێکی دیکە بەنێوی گۆران و دەڵێ" ئەویش کوردێکی عێراقی بوو لەلایەن خێزانەکەیەوە نێردرابوو بۆ ژیانێکی ئاسوودەتر، بەڵام جیاواز لەفاخیر، هێمن و لەسەرخۆ". دوای 18 مانگ پێکەوە ژیان، گۆران داوای مارەکردنی لێدەکات و ڕازی دەبێ، بەڵام هەواڵەکە زوو بەنێو کورداندا بڵاودەبێتەوە، وەک جیما دەڵێ" بڵاوبوونەوەی هەواڵ لەنێو ڕەوەندی کوردیدا زۆر خێرایە". دوای چەند هەفتەیەک فاخیر لەشەقامێک دەیانبینێ و هەڕەشە لەگۆران دەکات.

ئەوان هەڕەشەکان بەهەند وەرناگرن و پاش ماوەیەک دەچنە ئاهەنگێکی کوردی، لەوێ فاخیر لەگەڵ زریانی هاوڕێی بەچەقۆ هێرش دەکەنە سەر گۆران "کاتێک گەیشتمە سەر گۆران، وەک منداڵێکی ساوا بەزمانی کوردی بانگی دایکی دەکرد". دوای ئەوەی دەیگەیێنێتە نەخۆشخانە گیان لەدەستدەدات. جیما بەخەمگینییەوە دەڵێ" هیواخوازم ڕۆژێک سەردانی گۆڕەکەی بکەم لە کوردستان".

**بەسەرهاتەکە لەلاپەڕە (6) بخوێنەوە**

### ئاشووریەکان داوای ئۆتۆنۆمی دەکەن

## پەتریارکێکی ئاشووری داوا دەکات ناوچەکەیان سەربە بەغدا بێت

**ڕووداو- هەولێر**

پەتریارکی کڵێسای مەشریقی ئاشووری بە داوای دروستکردنی ناوچەیەکی ئۆتۆنۆم بۆ مەسیحییەکان ئەو مشتومڕەی لەنێو لایەنە مەسیحییەکاندا بەرپاکردەوە کە ئایا ئەو ناوچە ئۆتۆنۆمە سەر بەهەولێر بێت یان بەغدا.

قسەوباسی هێنانەئارای ئەو ناوچە ئۆتۆنۆمە لەکاتێکدا گەرم دەبێت کە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان لەدوایین قۆناخی پێداچوونەوەدایەو سەرۆکی لیژنەی یاسایی پەرلەمان ڕایکەیاند لەدوا پرۆژەی دەستووردا مافی مەسیحییەکان زیاتر ڕەچاوکراوە.

مانگی ئایاری ئەمساڵ ژمارەیەک لایەنی مەسیحی پێشنیازێکیان خستە بەردەم لیژنەی پێداچوونەوەی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان سەبارەت بەدانانن بەدامەزراندنی ئەو ناوچە ئۆتۆنۆمیدارەو گرێدانەوەی بەهەرێمی کوردستان، بەڵام شیروان حەیدەری بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە بڕیاردان لەسەر ئۆتۆنۆمی لەدەست دەسەڵاتە فیدراڵەکانی عێراقدایە.

نزار حەننا، بەرپرسی لقی هەولێری بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری ڕەتیکردەوە کە ئەوان پێداگیری لەسەر بەستنەوەی دەشتی نەینەوا بە بەغداوە بکەن و ڕایگەیاند کە ئەوان لەگەڵ ئەوەن "خەڵکی ناوچەکە بە ریفراندۆم بڕیار بدەن سەر بەهەرێمی کوردستان دەبن یان بەغدا".

**وردەکاری زیاتر لەلاپەڕە (4) دا بخوێنەوە.**

## خەولە و ئەنەس لەناو ئۆتۆمبێلی باوکیاندا خنکان.... لاپەڕە 13



دراوسێیەکی ماڵی مەلا ئەمجەد دەڵێ هەردوو منداڵە 2 ساڵی و 3 ساڵییەکە هەوڵی خۆرزگارکردنیان دابوو، بەڵام دەرگایان پێ نەکرابووەوە

## چەند وەزیرێک داوای نەهێشتنی گەندەڵی دەکەن

**ڕووداو-هەولێر**

دوای ئەوەی ژمارەیەک وەزیری حکومەتی هەرێمی کوردستان چەند پرۆژەیەکیان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی پێشکەشی سەرۆکایەتی حکومەت کرد، لیژنەیەک بۆ لیکۆڵینەوە لەپرۆژەکان پێکهێنراو بڕیارە لەتەواوی ئەو پرۆژانەش چەند ڕێنماییەک بۆ ڕووبەڕووبونەوەی گەندەڵی دەربهێندرێن.

د.زریان عوسمان، وەزیری تەندروستی حکومەتی کوردستان کە لەکۆبوونەوەی دوێنێ یەکشەممە ئەنجوومەنی وەزیران ئامادەبوو کە تێیدا باسی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی کرا، لەلێدوانێکدا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "کۆمەڵێک پرۆژە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی گەندەڵی لەلایەن چەند وەزیرێکەوە پێشکەشکران و لیژنەیەک بۆ لێکۆڵینەوە لەو پرۆژانە دانرا". هەروەها گوتیشی لە کۆبوونەوەی هەفتەکانی ئایندەی ئەنجوومەنی وەزیراندا چەند ڕێنماییەک بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی دەردەکرێن.

وەزیرێکی دیکەی بەشداربووی کۆبوونەوەکەی ئەنجوومەنی وەزیران،کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە بە (ڕووداو) ڕاگەیاند هەرچەندە هیچ کەس بۆ سەرۆکایەتی لیژنەی چاودێریکردنی جێبەجێکردنی ئەو ڕێنماییانە دیاری نەکراوە"بەڵام بڕیارە سوود لەشارەزایی کەسانی دەرەوەو ناوەوەی کوردستان وەربگیرێت".

## مالیکی ڕۆژنامەنووسێک دەردەکات



ڕووداو-بەغدا

◆ بەپێی هەواڵێکی ماڵپەڕی (الجیران)ی عێراقی، نوری مالیکی سەرۆک وەزیری عێراق فەرمانی دەرکردنی سالم ساعدی لە تەلەڤزیۆنی(العراقیە) و تۆڕی ڕاگەیاندنی عێراقی دا، بەهۆی ئەوەی هەروەک لە فەرمانەکەدا هاتبوو"نەفەس"ی ساعدی دژی حکومەت و پرۆسەی سیاسی و دیموکراسییە. ژمارەیەک کارمەندی تۆڕی ڕاگەیاندنی عێراقی داوای گەڕاندنەوەی ساعدییان کردو ئەوەشیان بەبیر هێنایەوە کە مالیکی کاتی خۆی بەڵێنی دابوو دەست لە ئازادی ڕاگەیاندنی عێراقی وەرنەدات.

# هەر کەسێک لە ڕەمەزاندا جگەرە بکێشێ 5 ڕۆژ زیندانی دەکرێت

ڕووداو- هەولێر

بەبڕیاری پارێزگاری هەولێر لەمانگی ڕەمەزاندا کڕین و فرۆشتن و خواردنەوەی مەشروب و جگەرەکێشان بەئاشکرا و خواردن و خواردنەوە لەدامەزراوەکانی حکومەتدا قەدەخە دەکرێ و ئەوەی سەرپێچی بکات 5 ڕۆژ زیندانی دەکرێت.

عەمید عەبدولخالق تەلعەت، بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگای هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بە بڕیاری پارێزگاری هەولێر کڕین و فرۆشتن و خواردنەوەی مەشروب و جگەرەکێشان بە ئاشکرا لە مانگی ڕەمەزاندا قەدەخەیە، هەروەها هەموو خواردن و خواردنەوەیەک لەناو دامودەزگاکانی حکومەتدا قەدەخەیە".

سەبارەت بە سزای سەرپێچیکارانیش، عەمید عەبدولخالق گوتی "هەر کەسێک سەرپێچی لەو بڕیارە بکات، بۆ ماوەی 5 ڕۆژ زیندانی دەکرێ".



## لقی بانکی هاریکاری هەرێمی ئیسلامی لە سلێمانی دەکرێتەوە

ڕووداو-سلێمانی

ڕۆژی 2008/8/20 لقی بانکی هاریکاری هەرێمی ئیسلامی بۆ گەشەپێدان و وەبەرهێنان لەسلێمانی کرایەوەو لەئایندەشدا لقێکیش لە هەولێر دەکرێتەوە.

سەروەت لەتیف، بەڕێوەبەری لقی سلێمانی بانکی هاریکاری هەرێمی ئیسلامی ئامانجی کردنەوەی بانکەکەی بۆ (ڕووداو) ڕوونکردەوەو گوتی "ئامانجمان چالاککردن و ئەکتیڤکردنی کاری بانکییە لەعێراق و کوردستاندا".

ناوبراو هۆکاری سستی کاری بانکی لەکوردستان و عێراق بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە بانکی ناوەندیی عێراقی فائیزی زۆری دەدا، بۆیە بازرگانەکان پارەکانیان لەوێ دادەنا و نەدەهاتن کاری بانکی پێوە بکەن "بەڵام ئێستا سیاسەتی بانکی ناوەند گۆڕاوەو کاری بانکیش ڕوو لەگەشەکردنە".

دڵشاد عوسمان، بریکاری وەزیری هەرێم بۆ کاروباری دارایی، ڕایگەیاند کە بانکەکە مۆڵەتی فەرمی لەوەزارەتی دارایی وەرگرتووەو گوتیشی "هەنگاوی لەم شێوەیە بەرەو کاری بانکی و تەئمینکردن و ڕێگەی ڕاستمان دەبات بۆ پێشخستنی ئابووری".

بانکی هاریکاری هەرێمی ئیسلامی بۆ گەشەپێدان و وەبەرهێنان بانکێکی ئەهلی عێراقی-ئێرانییەو لەساڵی 2007 دا بەسەرمایەی 25 ملیار دینار دامەزراوەو ئەمساڵ سەرمایەکەی گەیشتووەتە 50 ملیار دینار، لەشارەکانی بەغدا، نەجەف، کەربەلا، بەسرە لقی هەیەو وا بڕیارە لقێکیش لە شاری هەولێر بکاتەوە.

## برینداریێکی چەکی کیمیایی لە ئەمەریکا داوای هاوکاری لە حکومەتی کوردستان دەکات

ڕووداو-ئەمریکا

برینداریێکی دیکەی چەکی کیمیایی بەهۆی هەڵمژینی گازی خەردەلەوە لە هەڵەبجە بەڕێژەی 100% سییەکانی لە کارکەوتوون و پێویستی بەنەشتەرگەرییە لەئەمریکاو داوا لەحکومەت و دەزگا خێرخوازەکان دەکات هاوکاری بکەن.

محەممەد عەزیز هەڵەبجەیی، قوربانییەکی دیکەی چەکی کیمیایی کارەساتەکەی هەڵەبجەی شەهیدە، ئێستا بەمەبەستی چارەسەرکردن لەئەمریکایەو ڕەوشی ژیانی لەمەترسیدایە.

لەبەیاننامەیەکدا کە ئاراستەی لایەنە پەیوەندیدارەکان کراوەو کۆپییەکی دراوەتە (ڕووداو) هاتووە "هاووڵاتی محەمەد عەزیز بەهۆی هەڵمژینی گازی خەردەلەوە بەڕێژەی 100% سییەکانی لەکارکەوتووەو پێویستە سییەکانی کەسێکی دیکەی بۆ بروێندرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی لیستی ناوی ئەو کەسانە زۆر درێژە کە چاوەڕوانی ڕواندنی سییەکانیان دەکەن و تەندروستی محەمەدیش بەشێوەیەکی زۆر خێرا بەرەو خراپبوون دەڕوات، بیر لەمیتۆدی دیکەی چارەسەرکردن کراوەتەوە بۆ ڕزگار کردنی ژیانی، خۆشبەختانە ئەو جۆرە چارەسەرییە ئێستا لەئەمریکا هەیە".

ئەگەرچی ئێستا محەممەد لە ئەمریکایە، بەڵام لەبەر گرانی نرخی چارەسەرییەکە نەتوانراوە چارەسەربکرێت، لەڕاگەیاندنەکەشدا هاتووە "ئەم چارەسەرییە پارەیەکی زۆری تێدەچێت".

بەپێی بەیاننامەیەکی گرووپی ڕۆژنامەنووسانی بێسنوور

## پاسەوانانی بەرپرسی مەڵبەندی هەڵەبجە هێرش دەکەنە سەر ڕۆژنامەنووسێک

ڕووداو- هەڵەبجە

بەپێی بەیاننامەیەکی گرووپی ڕۆژنامەنووسانی بێسنوور، لەسەر داواکردنی دادگاییکردنی بەرپرسانی هەڵەبجە، پاسەوانانی بەرپرسی مەڵبەندی یەکێتی لەهەڵەبجە هێرشیان کردە سەر ڕۆژنامەنووسێک دەڵێن ژیانی ئەو ڕۆژنامەنووسە لەمەترسیدایە.

لەبەیاننامەیەکی گرووپی ناوبراودا کە ئاراستەی کۆمیتەی بەرگری لەڕۆژنامەنووسان و سەندیکای ڕۆژنامەنووسان و باڵیۆزخانەی فەرەنسا لەعێراق کراوەو وێنەیەکی دەست (ڕووداو)کەوتووە، هاتووە "ڕۆژنامەنووس ناسیح عەبدولڕەحیم، لەکاتێکدا لەبەردەم پارێزگاری سلێمانی کەسەردانی هەڵەبجەی کردبوو، داوایکرد بەرپرسانی هەڵەبجە دادگایی بکرێن، حەمەی حەمە سەعید بەرپەرچی دایەوەو دواتر کۆمەڵێک لەچەک بەدەستانی حەمە پەلاماریان دا، خۆشبەختانە کاک ناسیح باری تەندروستی باشە، بەڵام ئێستا ژیانی لەمەترسیدایە".

بەیاننامەکە داوا لە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان دەکات "تەدەخول بکەن و لەسەر ئەو ئاستەنگانەی بۆ میدیای ئازاد دروست دەکرێن بێنە وەڵام و دەنگی ناڕەزایەتی هەڵبڕن".

ئەنوەر حسێن، ئەندامی ئەنجوومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لەوبارەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەگەر ئەو ڕۆژنامەنووسە ژیانی لەمەترسیدابێت هەوڵدەدەین بەهەموو شێوەیەک پارێزگاری لێبکەین".

## چیتر ئیقامە نادرێتە کرێکارانی بیانی



ڕووداو-هەولێر

بەبڕیاری وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ، لەمەودوا مافی مانەوە (اقامە) نادرێتە ئەو کرێکارە بیانیانەی کە بەمەبەستی کارکردن دەهێنرێنە کوردستان.

فایەق تۆفیق، بریکاری وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ لەلێدوانێکیدا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بەهۆی ئەوەی خەڵکێکی زۆر بێکارە لەکوردستان، بۆیە بڕیارمانداوە چیتر مافی مانەوە نەدەینە کرێکارانی بیانی".

سەبارەت بەچارەنووسی ئەو کرێکارە بیانیانەی لەکوردستانن و مافی مانەوەیان دراوەتێ، بریکاری وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ناوخۆ، گوتی "بەهەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی، ئێستا لەڕەوشی ئەو کرێکارانە دەکۆڵینەوە کە لەکوردستانن".

لەماوەی 2 ساڵی ڕابردوودا بەهەزاران کرێکاری بیانی لەوڵاتە هەژارەکانی وەک بەنگلادیش، ئەسیوپیا و فلیپین بەمەبەستی کارکردن ڕوویان کردووەتە

600 کرێکاری کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار

## داوایدیاریکردنی چارەنووسیان لە حکومەت دەکەن

ڕووداو-سلێمانی

دوای داخستنی کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە لەمانگی نیسانی ئەمساڵدا و بێکاربوونی 600 کرێکار، بۆ جاری دووەم سەرجەم کرێکار و فەرمانبەر و تەکنیککارانی کارگەکە لەڕێگەی یاداشتێکەوە داوا دەکەن لەماوەی 10 ڕۆژدا چارەنووسیان دیاری بکرێ.

لەیاداشتێکی تەکنیککاران و کرێکاران و فەرمانبەرانی کارگەی چیمەنتۆی سەرچناردا، کە دانەیەکی دەست (ڕووداو) کەوتووە، هاتووە" دوای وەستاندنی کارگەکەمان لە 2008/4/27و بێکاربوونی 600 کرێکار، ئێمەی تەواوی کرێکار و تەکنیکار و فەرمانبەران کەوتووینەتە هەوڵ و تەقەلای بێوچان و چەندین ڕاگەیاندن و یاداشتمان ئاڕاستەی لایەنە پەیوەندیدارەکان کردووە بۆ دیاریکردنی چارەنووسمان، بۆ ئەوەی لەشکرێکی بێکار نەکەوێتە بازاڕەوە کە بژێوی 600 کرێکار چاوەڕوانی بڕیاری یەکلاکەرەوەیە"

کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار دەکەوێتە گەڕەکی سەرچناری سلێمانی، بەهۆی ناڕەزایی هاووڵاتییانی گەڕەکەکەوە لە2008/4/27دا کارگەکە وەستێنرا، بەو هۆیەوە ژمارەیەکی زۆر لەکرێکار و فەرمانبەر و تەکنیککار بێکار بوونە.

زرار مەولود، بەڕێوەبەری گشتی دیوانی وەزارەتی پیشەسازی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند"تائێستا بەفەرمی هیچ یاداشتێکمان پێنەگەیشتووەو ئەگەر پێمانگەیشت لێکۆڵینەوەی لەبارەوە دەکەین".

بەڕێوەبەری چاکسازی سلێمانی:

## تاوەکو من لێرە بم هیچ زیندانییەک مان ناگرێ

پشتیوان سەعدوڵڵا

ڕووداو-سلێمانی

13 زیندانی لەگرتووخانەی چاکسازی کۆمەڵایەتی (معەسکەر سەلام) لەسلێمانی، کە 5 ساڵە بەتۆمەتی پەیوەندی هەبوون بە ڕێکخراوی ئەنسارولئیسلامەوە دەستگیرکراون، بەهۆی دادگایی نەکردنیان مانیان گرت.

هیوا ساڵح، برای یەکێک لەبەندکراوەکان، کەناوی (شەوقی ساڵح)ە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەوزیندانیانە بەهۆی مانگرتنەکەوە باری تەندروستییان زۆر خراپ بووەو داوای بینینی دکتۆریان کردووە، ئەوان 5 ساڵە زیندانیکراون، تائێستا هیچ کەس و لایەنێک لێی نەپرسیوونەتەوە، تەنها داوای ئەوە دەکەن، کە دادگایی بکرێن".

موقەدەم شوان محەممەد، بەڕێوەبەری چاکسازی سلێمانی ڕەتیکردەوە ئەو زیندانیانە مانیان گرتبێت وگوتی "تاوەکو من لێرەبم هیچ کەسێک مان ناگرێت، ئەوانەشی کە لێرە زیندانین هەموویان حوکمدراون و هیچ تۆمەتبارێک لێرە زیندانی نییە".

هەرچەندە ماوەیەک پێش ئێستا دادگا بڕیاری ئازادکردنی هەر 13 بەندکراوەکەی داوە، بەڵام تائێستا بڕیارەکە جێبەجێنەکراوە.

شوفێری تاکسییە کۆنەکانی هەولێر

## داوای هەڵوەشاندنەوەی بڕیارێکی حکومەت دەکەن

زیاد ئیسماعیل

ڕووداو- هەولێر

لەبەرامبەر بڕیاری لەکارخستنی تاکسییەکانی خوار مۆدێل 1989 بەدەیان شوفێری تاکسی لەبەردەم سەندیکای گواستنەی هەولێر دژی ئەو بڕیارە خۆپیشاندانێکیان ئەنجامدا کە تێیدا داوای هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیارەی حکومەتیان دەکرد.

کەیفی عەبدولقادر، تەمەن 35ساڵ خاوەنی بەڕازیلیەکی تاکسیە کە بژێوی ژیانی دووخێزانی لەسەرە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند " ئەم بڕیارە تەنها لێرە دراوە بۆ ئەوەی تاکسیە تازەکانی کوردستان بفرۆشرێن، ئێمەش بووین بەقوربانی، بەبێ ئەوەی ئاگادارمان بکەنەوە بڕیارەکە دەرچووە، بۆیە بەهەموو شێوەیەک ئەم بڕیارە ڕەتدەکەینەوە".

ئیسماعیل یونس، سەرۆکی سەندیکای گواستنەوەی هەولێر لەو بارەیەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند"لەڕاگەیاندنەکان بڕیارەکەم بیست، پێشبینم دەکرد بەو شێوەیە ناڕەزایی لێبکەوێتەوە".

سەرۆکی سەندیکای گواستنەوە گوتیشی "ئێمە داکۆکی لەمافی ئەو شوفێرانە دەکەین، ئەو زانیاریانەی لەیاداشتەکەشدا هاتووە گەڵالە دەکەین و بۆ لایەنی پەیوەندیدار بەرزی دەکەینەوە".

## ئاوارەکانی موسڵ لەهەولێر و دهۆک لە ناوەکانیان دڵنیادەبن

سابیر زەنگەنە

ڕووداو ـ موسڵ

ئەو ئاوارە کوردانەی موسڵ کە ئێستا لەهەولێرو دهۆک دەژین دەتوانن لەڕێگای 47 ناوەندی هەڵبژاردنەوە لەهەولێر و دهۆک لە بوونی ناوەکانیان دڵنیا ببنەوە بۆ هەڵبژاردن.

خەسرۆ گۆران جێگری پارێزگاری موسڵ بە ( ڕووداو)ی ڕاگەیاند "دەیان هەزار کوردی ئاوارەی موسڵ لەهەردوو پارێزگای هەولێرو دهۆک هەن و بۆ ئەوەی بتوانن لەهەڵبژاردن بەشداربن 33 بنکەی هەڵبژاردن لەهەولێرو 14 بنکە لە دهۆک کراونەتەوە بۆیان و ئاسانکاری زۆریان بۆ کراوەو هەموویان دەتوانن بەشداری لەهەڵبژاردندا بکەن".

## ڕیپۆرتاژ



**قەززافی : کورد شایستەترین گەلی دەوڵەتی سەربەخۆن**

رووداو- تەها پرێس

◆ سەرۆک لیبیا لە مەراسیمێکدا کە بۆ ئاشتبوونەوەی دوو عەشیرەتی مالی و نیجیری سازیدابوو، لە وتەیەکیدا جارێکیتر پشتیوانی خۆی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دووپاتکردەوەو گوتی"خاکی کوردستان بەزۆر لەنێوان چەند وڵاتێکدا دابەشکراوەو ئەو وڵاتانەش زوڵمیان لە گەلی کورد کردووە، تەنانەت سادەترین مافی کوردیان پێشێلکردووە، ئەوەش هۆیەکی بەهێزە کە بتوانم پشتیوانی و بەرگری خۆم لەو گەلە رابگەیێنم کە کوردەکان شایستەترین گەلی دەوڵەتی سەربەخۆن".

# ئۆپەراسیۆنی سوپای عێراق لەدیالە دەبێتە ئۆپەراسیۆنێکی سیاسی دژی کورد

## نوێنەری مام جەلال لە گەرمیان: حزبەکان لە قەرەتەپە دەبێ بینایە حکومییەکان چۆڵ بکەن

**رووداو-خانەقین**

هێزەکانی سوپای عێراق لەناحیەی قەرەتەپە دەچنە سەر بارەگای حیزبە کوردستانییەکان و ئاڵای عێراقیان لەسەر هەڵدەکەن و لەتەواوی ناوچە کوردنشینەکانی پارێزگای دیالەش ماوەی هەفتەیەک بۆ چۆڵکردنی بارەگای حیزبە کوردییەکان دادەنرێ کە لەبینایەکانی حکومەتی سەردەمی بەعسدان، لەکاتێکدا هەواڵەکان دەڵێن د.بەرهەم لەسەر ئەو چۆڵکردنە رازیبووە، مەحمود سەنگاوی نوێنەری مام جەلال لەناوچەکە دەڵێ "چۆڵکردنی بینایە حکومییەکان شتێکی یاساییە و بەرهەم سالح لەوبارەوە لەگەڵ وەزیری بەرگری عێراق دانراوەو ماوەی مانگێک بۆ گفتوگۆکردن لەوبارەوە دانیشتووەو".

کاتژمێر 10ی سەرلەبەیانی 2008/8/24، هێزەکانی لیوای 4ی سوپای عێراق بەبێ پرس و ئاگادارکردنەوەی پێش وەختە هەڵیانکوتایە سەر بارەگای حیزبی شیوعی کوردستان، ناوچەی پارتی و کۆمیتەی یەکێتی لە ناحیەی قەرەتەپەو ئاڵای عێراقیان لەسەر بینایەکان هەڵکردو داوای چۆڵکردنیان لێکردن لەبەر ئەوەی لەنێو بینایەی حکومیدان.

سیروان شوکر، بەڕێوەبەری ناحیەی قەرتەپە، لەوبارەوە بە (رووداو)ی راگەیاند " ئەو هێزە بڕیارە لە کۆبوونەوەیەکدا بەرەسمی هۆی ئەو بەسەرداگرتنە روونبکاتەوە".

لیوای 34 ی پێشمەرگەکە لە 2000 پێشمەرگەی یەکێتی و 2000 پێشمەرگەی پارتی پێکهاتبوو ساڵی رابردوو، بۆ کۆنترۆڵکردنی باری ئەمنی چووە ناوچەکانی دیالە، لەسەر داوای بەغدا و ئەمریکا. بەتایبەتیش کە عەشیرەتی زرگوشی کوردی شیعە و کوردانی دیکەش لەناوچەکە کەوتبوونە بەر هێرشی گرووپە چەکدارە توندڕەوەکان، لەوماوەیەشدا 24 پیشمەرگەیان لەو ناوچەیەدا لێکوژراوە، بەڵام لەکاتی دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنی دیالە، سوپای عێراق بەفەرمانی بەغدا زۆر بەتووندی داوای کشانەوەی بەپەلەی لیوای 34ی پێشمەرگەی کرد، دوای مشتومڕێکی زۆر کشایەوە. مەحمود سەنگاوی نوێنەری مام جەلال، لەناوچەی گەرمیان دەڵێ "ئەو ناوچانە لە 2003دا رزگارکراون و پێشووتر لە ژێر دەسەڵاتی سوپای عێراقدا بوونەو ئێستاش ئەو کێشانەی لەسەر ناوچە دابڕاوەکان هەیە یەکلایی نەبوونەتەوەو ناوچەیەکە تیرۆری تێدایە، بۆئەوەی لەگەڵ سوپای عێراقدا تووشی رووبەڕووبوونەوە نەبین، لەسەر بڕیاری سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان پێشمەرگە کشایەوە".

عامر رەفعەت، بەرپرسی لقی حەمرینی پارتی دیموکراتی کوردستانیش دەڵێت، ئۆپەراسیۆنی سوپای عێراق لە پارێزگای دیالە کە وا راگەیێندرا ئامانجەکەی تەنیا راوەدوونانی گرووپە چەکدارەکانی قاعیدە و توندڕەوەکانە، ئێستا چووەتە قاڵبێکی سیاسییەوە"بڕیار بوو تیرۆرستان لەناوچەکە دەربکرێن، بەڵام کە هاتنە ناوچەکە مەرامێکی سیاسیان هەبوو، سنووری ناوچەکەیان تەعریبکردەوەو ئاڵای کۆنی بەعسییان لەشوێنە کوردنشینەکان هەڵدایەوە، ئەو شوێنانەی کە گومانی بوونی تیرۆرستی لێیە، وەک بەعقوبە، شارەبان و بەلەدروز، ئۆپەراسیۆنێکی ئەوتۆی سەربازی لێنەکراوە، هێزەکانی خۆیان لەسنوری ئێمەدا چڕکردووەتەوە".

بەپێی زانیارییەکان، لەچەند رۆژی رابردوودا چەند گوندێکی کوردنشینی ناوچەکە تۆپبارانکراون، تۆپبارانەکەش خراوەتە ئەستۆی گرووپەکانی قاعیدە لەکاتێکدا هێزێکی زۆری سوپای عێراق بۆ ئۆپەراسیۆنی (مژدەکانی خێر-بشائر الخیر) لەناوچەکەیە.ئەمەش بەرپرسانی کورد و خەڵکی کوردی ناوچەکە لەو بڕوایەدان کە پیلانێکی داڕێژراوی حکومەتی مالیکی هەیە دژی کورد لەو ناوچەیەدا.

بەرپرسی لقی حەمرینی پارتی بە (رووداو)ی راگەیاند "پاش ئەوەی لیوای 34ی پێشمەرگە لەسنورەکە کشایەوە، پیلانیان دانا بۆ گواستنەوەی فەوجی 1ی لیوای 18 لەناوچەکەدا بۆ ناوچەی بەعقوبە، بەم هۆیەشەوە بەشێک لەئەفسەرەکان دەستیان لەکارکێشایەوە، پاشان بنکەی پۆلیسی جەلەولا کرا بە بەڕێوەبەرایەتی، لەکاتێکدا جەلەولا ناحیەیەو سەر بەخانەقینە، ئەمەش لەپێناوی دابڕان لەپۆلیسی خانەقین".

رۆژی 2008/8/22، سوپای عێراق داوای لە یەکێتی، پارتی، شیوعی و زەحمەتکێشان کرد، کە بارەگاکانیان چۆڵبکەن بەبیانوی ئەوەی بارەگاکانیان لەناو ئەو بینایانەدان کە کۆن فەرمانگەی حکومیان لەنێودابووە.

مەحمود سەنگاوی، لەبارەی چۆڵکردنی بینایە حکومییەکان لەلایەن حیزبەکانەوە لەناوچەکەدا گوتی "هەندێک بینایە هەن لە رابردوودا بینایەی حکومەت بوونەو ئێستا بارەگای حیزبیان تێدایە و لەهەموو عێراقیشدا ئەم جێگایانە گەڕاونەتەوە ژێر دەسەڵاتی حکومەت، لەبەرئەوە نابێت ئەو جێگا حکومیانە بکرێنە بارەگای حیزبە سیاسیەکان و ئەوحیزبانە دەبێ خانوو بۆخۆیان پەیدا بکەن و ئەمە شتێکی یاساییە، بەڵام تائێستا رەزامەندی بۆ ئەو مەبەستە نەنوێندارەوەو ئێوارەی 2008/8/23، جێگری سەرۆکی حکومەت لەگەڵ وەزیری بەرگری عێراق دانیشتووەو ماوەی مانگێک دانراوە بۆ ئەوەی لەماوەی ئەم مانگەدا گفتوگۆ لەوبارەوە بکرێت".

عامر رفعەت، ئەوەی بۆ (رووداو) خستە روو "سوپای عێراق بەبەردەم بارەگای حیزبە کوردییەکاندا دەهاتن و دەچوون هەڵسوکەوتی ئستیفزازیان دەکرد، بەڵام ئێمە هەرخۆمان گرت، تاوەکو دواجار داوای چۆڵکردنی بارەگاکانیان لێکردین". بەرسی مەڵبەندی کەلاریش لە لێدوانێکدا بۆ کوردسات جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە سوپای عێراق لەناوچەکدا هەڵسوکەوتی ئیستفزازی بەرامبەر بارەگانیان ئەنجامداوە و ئەوان دانیان بەخۆدا گرتووە.

لەبارەی وادەی چۆڵکردنی بارەگاکانیشەوە عامر رەفعەت گوتی"لەسەرەتادا مۆڵەتی 3 رۆژیان پێدابن بۆ چۆڵکردن و پاشان کردیانە هەفتەیەک". هەروەها گوتیشی بەپێی گوتەی فەرماندەکانی سوپای عێراق کە هاتوونەتە ناوچەکە ئەو بڕیارە لەلایەن حکومەتی بەغداوە دراوە" بەڵام ئێمە بەبێ بڕیاری حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ بارەگایەک چۆڵناکەین و تائێستاش هیچ بڕیارێکمان بۆ نەهاتووە".

# کۆمسیۆنی هەولێر گلەیی لە بەغدا دەکات

**سۆران بەهائەدین**
**رووداو-هەولێر**

رۆکان نەجمەدین، 18 ساڵ، خەریکی کرێکاری بوو، زۆری پێ سەیربوو کە پرسیاری دەنگدانی لێدەکرێت، گوتی"دەنگدانی چی؟ هەفتانە بەزۆر رۆژێک کارم دەستدەکەوێت، حکومەت ئەگەر بەرژەوەندی منی دەوێت با لەسەربازی وەرمبگرێت ئامادەم بچمە فەلوجەش".

رۆژی 2008/7/15 لەسەرتاسەری عێراق 560 بنکەی تۆمارکردنی ناوی دەنگدەران کرانەوە، تاوەکو خەڵک دڵنیا بێت لەراستی و دروستی ناوەکانیان، بەڵام بەهۆی نەچوون و بایەخ نەدانی خەڵک بەو پرۆسەیە ماوەکەی تا 2008/8/28 درێژ کرایەوە.

هەندرێن محەممەد ساڵح، بەڕێوەبەری ئۆفیسی هەولێری هەڵبژاردنەکان بایەخنەدانی خەڵکی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە هەڵمەتێکی گەورەی وشیارکردنەوە نەکراوە "هەندێکیش بێزار بوونە لەپرۆسەی سیاسی، بەڵام هەر دەبێت بگەڕێینەوە سەر سندوقەکانی دەنگدان".

بەپێی ئەو ئامارانەی دەست (رووداو) کەوتوون لەئۆفیسی هەولێری هەڵبژاردنەکان، لەکۆی 900 هەزار دەنگدەر تا ئێستا 165 هەزار کەس سەردانی بنکەکانی تۆماری دەنگدەرانیان کردووە، تەنیا 650 کەس ناویان نەبووە، لەسلێمانیش لەکۆی 1 ملیۆن دەنگدەر نزیکەی 75 هەزار کەس سەردانی بنکەکانیان کردووە.

زۆربەی ئەوانەی سەردانی بنکەکانی تۆماری دەنگدەرانیان نەکردووە، پاساو بەگەندەڵی بەرپرسان و جێبەجێنەکردنی بەڵێنەکانی کاتی هەڵبژاردن دەهێننەوە.

پارێزەر نەبەز موحسین، 24ساڵ، گوتی "دەنگ بدەیت و نەدەیت هیچ لەکێشەکان ناگۆڕێت، هەڵبژاردنەکانی رابردوو باشترین نموونەیە، هەڵبژاردن لەوڵاتی ئێمە پرسە خەسوانەیەو شتێکی کارتۆنی و گاڵتە جارییە، بۆیە دەنگ نەدان چاکترین رێگەیە".

31 بنکەی تۆماری دەنگدەران لەشاری هەولێر کراوەتەوە، کە 372 کارمەند تێیاندا کاردەکەن و تاوەکو 8/28 دەرگایان کراوە دەبێ.

بەپێی قسەی هەندرین، 95%ی ناوی دەنگدەران تەواوە، ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کۆمسیۆن هەموو ئامارو داتاکانی لەکۆمپانیای خۆراکی عێراقی کڕیوەو بووەتە لیستی دەنگدەران.

کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان 60 هەزارپۆستەریان لەهەولێرهەڵواسیوون، بەڵام زۆر کەس لەکوردستان پێیوایە دروشمەکان لەگەڵ واقیعی کوردستان ناگونجێن.

هەندرێن محەممەدساڵح بەهەمانشێوە ئەو دروشمانەی پێ شتێکی "هەڵە" بوو "هەندێک لەپۆستەرەکان لەدوورەوە مۆرکی عەرەبی پێوە دیارە، هەڵەی رێنووسیشی زۆرە".

## ئەنوەر حاجی عوسمان بریکاری وەزارەتی پێشمەرگە:

# ئەگەر سەرکردایەتی کورد فەرمان بدات بە 6 سەعات سوپای عێراق دەبەینەوە ناو بەعقوبە

رووداو- هەولێر

بریکاری وەزیری پێشمەرگە رایگەیاند بەپێی نەخشەیەکی سوپای عێراق کە دەست ئەو کەوتووە، مەبەست لەهێنانی هێزەکانی سوپای عێراق بۆ دیالە ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆن نییە، بەڵکو"سوپای عێراق دەیەوێ بگەڕێتەوە هەمان ئەو ناوچانەی تا پێش نیسانی 2003 لەژێر کۆنترۆڵی بەعس بووە".

ئەنوەر حاجی عوسمان کە لەبارەی گرژییەکانی ئەم دواییەی نێوان هێزی پێشمەرگەو سوپای عێراق لەسنووری پارێزگای دیالە بۆ (رووداو) قسەی دەکرد، بەدووری زانی حکومەتی عێراق پابەندی ئەو رێککەوتنە بێت کە لەسەروبەندی بەرپابوونی ئەو گرژییەدا لە بەغدا لەنێوان حکومەتی عێراق و شاندی هەرێمی کوردستاندا مۆر کرا.

بەپێی ئەو رێککەوتنە وەک لە میدیاکانەوە راگەیێندرا، لیوای 34ی گەرمیانی هێزی پێشمەرگە کە ماوەی پتر لە ساڵێکە ئاسایشی ناوچەکانی قەرەتەپەو جەلەولا دەپارێزێ، لەسنوورەکە دەکشێتەوەو هێزەکانی سوپای عێراق شوێنیان دەگرنەوەو لە بەرامبەریشدا لیواکە کە لە 4 هەزار پێشمەرگە پێکهاتووە، دەبێتە بەشێک لە سوپای عێراق.

بریکاری وەزیری پێشمەرگە وێڕای ئەوەی بەدووری دەزانێ لیوای 34 بخرێتە سەر سوپای عێراق، راشیگەیاند کە ئەگەر رێککەوتنەکەش جێبەجێبکرێ ئەوا لیوای 34 دەخرێتە سەر فیرقەی یەک کە لە بەسرایەو گوتی "دڵنیام لیواکە بەچوار رۆژ پێشمەرگەی تێدا نامێنێ و کەس ئامادەنییە بچێتە بەسرا".

ئەنوەری حاجی عوسمان ئامادەی بەوەدا کە بەڵێنی وەرگرتنی لیوای 34 لەریزەکانی سوپای عێراقدا تازە نییە و دەگەڕێتەوە بۆ مانگی 10ی ساڵی 2006، کە ئەوکات نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق بەهۆی ئاڵۆزیی بارودۆخی ناوچەکانی سنووری پارێزگای دیالەوە داوای لە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان کرد یارمەتی حکومەتەکەی بدات بۆ کۆنترۆڵکردنی ناوچەکە و دەرهێنانی لەدەست کۆنترۆڵی گرووپە چەکدارەکانی قاعیدە، ئەو لیوایەی پێشمەرگەش کە دواتر رەوانەی ئەوێکرا 24 پێشمەرگەی کردە قوربانی ئەو داوایەی مالیکی. ئەنوەری حاجی عوسمان لەوبارەوە گوتی "هەر ئەوکات نوری مالیکی بەڵێنی دا کە هەر بەگەیشتنی لیواکە بۆ ئەو ناوچەیە، دەستبەجێ دەخرێتە سەر فیرقەی 5ی سوپای عێراق و گوایە لیواکە ئۆتومبێل و چەک و پێداویستی بۆ دابین دەکرێ، بەڵام بەداخەوە ئەو قسانە راست دەرنەچوون". ئەو بریکارەی وەزارەتی پێشمەرگە هەروەها گوتیشی "بەداخەوە حکومەتی عێراق نەک هەرهیچ پێداویستییەکی بۆ دابین نەکردین، بەڵکو لەبەرچاوی ئێمە سەربازێکی عێراقی لە دیالە کە خۆیشی پێنەدەپارێزرا مووچەکەی 900 هەزار دینار بوو، هی پێشمەرگەیەکی ئێمەش 260 هەزار دینار بوو".

ئاگادارکردنەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ چۆڵکردنی سنووری پارێزگای دیالە لەمانگی ئایاری رابردووەوە دەستیپێکردو رۆژی 2008/7/20 بەرپرسانی وەزارەتی پێشمەرگە لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ فەرماندەیی هێزی وشکانیی سوپای عێراق و فەرماندەی فیرقەکانی 1 و 5 کە لەنێوەڕاست و باشووری عێراقەوە هێنراونەتە ناوچەکە، رایانگەیاند کە پێشمەرگە کاتی خۆی بە فەرمانی سەرکردایەتی کورد هاتوونەتە ئەو ناوچەیەو بەفەرمانی ئەوانیش دەکشێنەوە.

ئەنوەری حاجی عوسمان دەڵێت"لەو دانیشتنانەدا بەئاشکرا هەستمان دەکرد قسەکانیان قسەی شەڕ و داگیرکارین، بەڵام سەرکردایەتی کورد داوای لەئێمە کرد نەرم بین و خۆمان لەشەڕ دوور بگرین". ئەنوەری حاجی عوسمان کە پێشمەرگەیەکی دێرینی سەردەمی شاخە و چەندین ساڵ بەرامبەر سوپای عێراقی سەردەمی سەدام شەڕی کردووە، هەر سەبارەت بەو کۆبوونەوەیان لەگەڵ ئەو فەرماندە عێراقیانە گوتی"پێمانگوتن ئەم زمانەی ئێوە زمانی شەڕەو پێمان خۆش نییە بە دەبابەو هەمەر بمانترسێنن".

ئەو بەرپرسەی وەزارەتی پێشمەرگە بەپێچەوانەی هەواڵی نێو میدیاکانەوە گوتی کە گفتوگۆکانی نێوان بەرپرسانی سوپای عێراق و بەرپرسانی پێشمەرگە لەکەشێکی لەوپەڕی گرژیدا بەڕێوەچوون.

ئەنوەری حاجی عوسمان،



کیلۆمەتر خوار کەلار بێن، واتە سوپای عێراق تا پێش نیسانی 2003 لەکوێ بووە سوپای نوێی عێراق بچێتەوە هەمان ئەو ناوچانە"، دڵنیایی خۆیشی لەوە دەربڕی کە ئەمە تەنیا بە دیالەوە ناوەستێ و سەرەی موسڵ و کەرکووک و مەخموریش دێت.

دوو رۆژ دوای ئەو دیدارەی (رووداو) لەگەڵ ئەو فەرماندەیەی

### به عەلی غێدانم گوت لەگەڵ عەلی حەسەن مەجید تەنیا ناوی باوکتان جیاوازە

عەلی غەیدان فەرماندەی هێزەکانی وشکانی عێراق بە "پیاوێکی زۆر توووند" وەسف دەکات و دەڵێت "پێمگوت لەگەڵ عەلی حەسەن مەجید تەنیا ناوی باوکتان جیاوازە"، هەروەها گوتی"بە عەلی غەیدانم گوت باشترە لەگەڵ یەکدی نەرم بین، بەڵام ئەگەر بڕیارە شەڕبکەین بەڵێن بێت بە دیلی دەتبەمە هەولێر".

سەرەتای ئەو مانگە، سوپای عێراق دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆن ( مژدەکانی خێر —بشائر الخیر) لە پارێزگای دیالە راگەیاند بۆ پاککردنەوەی ناوچەکە لە گرووپە توندڕەوەکان، بەڵام ئەو بەرپرسەی وەزارەتی پێشمەرگە بەدڵنیاییەوە باس لەوەدەکات کە سوپای عێراق بۆ ئۆپەراسیۆن لەدژی تیرۆر نەهاتووەتە دیالە،"نەخشەی سوپای عێراق لای منەو بەپێی ئەو نەخشەیە بەنیازن تا کولەجۆ بێن، هەتا چوار پێشمەرگە، سوپای عێراق لە قەرەتەپە بە سەر بارەگاکانی یەکێتی و پارتی و شیوعیدا گرت و ئاڵای عێراقی لەسەر بارەگاکانیان چەقاند، هەروەها داوایان لێکردوون ئەو بارەگایانە چۆڵبکەن، لەهەمانکاتدا گرووپە چەکدارەکانیش کەوتوونەتە تۆپبارانکردنی گوندە کوردنشینەکانی ناوچەکە، بەشێوەیەکی گشتی دوای کشانەوەی پێشمەرگە بارێکی ناهەموار بۆ کوردنشینانی ناوچەکە دروستبووە.

ئەنوەری حاجی عوسمان، ئەگەرچی زۆر جەخت لەوە دەکاتەوە کە سەرکردایەتی کورد داوای لێکردوون نەرم بن، بەڵام راشیگەیاند کە ئەگەر فەرمانیان پێبکرێ بە ماوەی 6 سەعات سوپای عێراق دەبەنەوە ناو بەعقوبە "خەڵکی کوردستان دڵنیا دەکەم ئەگەر سەرکردایەتی سیاسی کورد بڕیار بدات بە 6 سەعات سوپای عێراق دەبەینەوە ناو بەعقوبە".

راشکاوانەش رایگەیاند کە ئەو بە بیرکردنەوەی حکومەتی عێراق و جموجوڵی سوپاکەی دڵخۆش نییەو زۆر رەشبینە.





## فەلەکەدین کاکەیی:
# داوای گوڵ دەکەم، بۆم ناکڕن

**فەلەکەدین کاکەیی، وەزیری رۆشـــنبیری حکومەتی هەرێمی کوردســـتان رایگەیاند تاوەکو ئێستا مەســـەلەی لێدان و رفاندنی ئازاد ئەرگۆشی، بەڕێوەبەری سەتەلایتی نەورۆز روون نەبووەتەوەو نازانرێ کێ ئەو کارەی ئەنجامداوە، رەتیشکردەوە کە بەنیاز بێ ئەرگۆشی لابدات و گوتی "خۆم ئازاد ئەرگوشیم داناوەو لاینادەم".**

سالّح قادر
رووداو-هەولێر

### ئازاد ئەرگۆشی لانادەم

دوای رفاندنـــی ئـــازاد ئەرگۆشـــی، 4 کارمەندی پلەداری وەزارەتی رۆشنبیری بە تۆمەتی دەســـتهەبوون لە ئەنجامدانی ئەو تاوانەدا دەســـتگیر کران و دواتر بەکەفالەت ئازاد کران، بەڵام بەپێی قســـەی فەلەکەدین کاکەیی "تاوەکو ئێستا روون نەبووەتەوە کێ ئەو کارەی ئەنجامداوە".

ســـەبارەت بەدەســـتگیر کردنـــی ئەو 4 کەسەش، فەلەکەدین کاکەیی گوتی "ئەو 4 کەسە تۆمەتەکەیان لەسەر ساخ نەبووەتەوە، ئەوە تەنیا گومان بوو، کاک ئازادیش مافی خۆیەتی گومـــان بکات، دادگا لێکۆڵینەوەی لەگەڵـــدا کردوون، بۆی روونبـــووەوە ئەوانە هیچ پەیوەندییەکیان بەو مەسەلەیەوە نییە، وا دیارە کاک ئازادیش گەیشـــتووەتە هەمان قەناعەت".

ئازاد ئەرگۆشی، بەڕێوەبەری سەتەلایتی نـــەورۆز، شـــەوی 1-2008/7/2 لەکاتـــی گەڕانەوەی بۆ ماڵەوە لەسەر رێگای هەولێر-پیرمام لەلایەن چەند کەسێکی نەناسراوەوە رفێندرا و، دوای ئەشـــکەنجەدان و لێدانێکی زۆر لە نزیک گوندێکی ســـەر رێگاکە فڕێدرا. دواتر سکاڵای لەسەر 4 کەس تۆمار کرد، کە سێیان کارمەندی تەلەفزیۆنەکەی بوون، بەڵام دواتر 4 کەسەکە بەکەفالەت ئازاد کران.

هـــەر دوای رووداوەکـــە دەنگـــۆی ئەوە بڵاو بووەوە کە وەزیری رۆشـــنبیری دوای گەڕانەوەشـــی لـــە ســـەفەر و مۆڵەتە دوو مانگیەکەی لە ئەرگۆشـــی نەپرسیوەتەوەو پشـــتگیری ئەو کەسانەشـــی کـــردووە کە بەتۆمەتی رفاندنی ئازاد ئەرگۆشی دەستگیر کرابوون، بـــەڵام فەلەکەدیـــن کاکەیی ئەو دەنگۆیانـــەی رەتکـــردەوەو گوتـــی "کاتی رووداوەکە لەدەرەوەی وڵات بووم، بەتەلەفۆن پەیوەندیـــم بەکاک ئـــازادەوە کـــرد، دوای گەڕانەوەشم کاک ئازادم بینی و دڵم دایەوە". کاکەیی هەروەها گوتیشـــی "پشتگیری هیچ لایەکیشم نەکردووە، چاوەڕێی ئەوەم لەگەڵ هەردوو لا دابنیشین و بەڕاشکاوی قسە بکەین و کۆتایی بەهەموو شتێک بێنین".

ســـەبارەت دەنگۆی ئەوەش کە بەنیازە ئازاد ئەرگۆشی لە پۆســـتی بەڕێوەبەرێتی تەلەڤزیۆنی نەورۆز لابـــدات، کاکەیی گوتی "شتی وا هەتا ئێستا لەئارادا نییە، من خۆم ئازاد ئەرگۆشیم داناوە، چونکە رابردوویەکی لەگـــەڵ کاری تەلەڤزیۆندا هەیـــە و تاوەکو ئێستاش لێی رازیم".

### تەنیا لە تەلەڤزیۆنی نەورۆز کێشەمان هەیە

هەرچەنـــدە فەلەکەدیـــن کاکەیی دەڵێ لە بەڕێوەبـــەری تەلەڤزیۆنی نەورۆز رازییە، بـــەڵام لـــە هەمانکاتدا دەڵێ لە ســـەرجەم بەڕێوەبەرایەتییەکانـــی ســـەر بەوەزارەتی رۆشنبیری هیچ کێشەیەکیان نییە "جگە لە بەرێوەبەرایەتی تەلەفزیۆنی نەورۆز نەبێت"، هەر بۆیە وەزیری رۆشـــنبیری گەیشتووەتە ئەو باوەڕەی بڵێت "وەکو ئەو بەرنامەیەی بۆ تەلەفزیۆنەکەم دارشتبوو، لە تەلەڤزیۆنەکە رازی نیم".

فەلەکەدیـــن کاکەیـــی، کێشـــەکان دەگەڕێنێتـــەوە بۆ ســـەرەتای دامەزراندنی ســـەتەلایتەکەو دەڵێـــت "کێشـــەکان سەرجەمیان لە هەڵنەبژاردنی کەسانی شیاو بۆ تەلەڤزیۆنەکە سەرچاوەی گرتووە، ئێستا وردە وردە خەریکە جێگیر دەبێت و رێڕەوێکی راست دەگرێت".

ئێستا گەورەترین کێشەی ئەو تەلەفزیۆنە، کـــە فەلەکەدین کاکەیی "بـــە زەحمەتترین کار"ی نـــاو دەبـــات، مەســـەلەی بێلایەنی تەلەفزیۆنەکەیە، هەندێ کەس، بەتایبەتی ئەوانی یەکێتی رەخنەی ئەوە لە تەلەڤزیۆنەکە دەگرن کە لە رووی سیاسی و پێکهاتەیەوە بێلایەن نییە، کاکەیی دەڵێ "زۆر زەحمەتە تەلەفزیۆنێک هەبێت هەوڵبـــدات بێ لایەن بێت، هەموو لایەک رازی بکات، ئاسان نییە، کێشـــەکەمان ئەوەیە چۆن بتوانین لەکاتی دەنگ و باســـدا هاوســـەنگییەکە رابگرین، بۆ نموونە بایـــەخ نەدرێت بەوەزیرێک لەبەر ئەوەی پارتییە و وەزیرە ئیســـلامییەکەش پشـــتگوێ بخرێت، یـــان بەپێچەوانە بایەخ بدرێت بەوەزیرێکی یەکێتی و شـــیوعییەکە فەرامۆش بکرێت".

بەپێی راپۆرتێکی بڵاوکراوە لە رۆژنامەی هاووڵاتیدا، وەزارەتی رۆشـــبیری لەماوەی 4 مانگـــی رابردوو (3 تاوەکـــو 7) زیاتر لە 4 ملیار دیناری بۆ دەرکردنی ســـیدی و کلیپ و سازدانی فســـتیڤاڵ و میوانداری بیانیان و ســـەفەرکردن خەرجکردووە، ئەوەشی بە بەهەدەردانی پارە وەسفکردووە.

### تەنیا یەک هەفتە گوڵیان بۆ هێنام

هەر چەندە وەزیری رۆشنبیری ئەو راپۆرتە درێـــژەی بینیوە، بـــەڵام وەک خۆی گوتی بەنیازە بە ســـێ چوار دێـــڕ وەڵام بداتەوە، هەروەهـــا فەلەکەدیـــن لەو بـــاوەڕە داننییە کە ئـــەوە بەهەدەردانی پـــارە بێ و دەڵێت "هەوڵدەدەین خەرجییەکانمان کەم بکەینەوە، یان ئەگەر کارێک پێویست نەبوو رایدەگرین، بـــەڵام ئەوکاتیش گازاندەمـــان لێدەکەن کە چالاکـــی ناکەین، کێشـــەکە لێرەدایە، یان دەبێت چالاکی ئەنجام نەدەین، ئەو کات پارە خەرج ناکرێت، ئەگەر چالاکیشمان ئەنجامدا پارە خەرج دەکرێت".

لەخەرجییەکانی چـــوار مانگی رابردووی وەزارەتی رۆشـــنبیری دا ئاماژە بەوە دراوە کە مانگانـــە 1 ملیۆن و 500هـــەزار دینار تەرخانکراوە بۆ کڕینی گوڵی سروشـــتی بۆ ژووری وەزیـــر. بەڵام ئـــەو رۆژەی وەزیری رۆشنبیری بۆ (رووداو) لە ژوورەکەیدا دەدوا هیچ گوڵی تێدا نەبوو، کاکەیی کە زۆر حەز لە گـــوڵ دەکات گوتی "عەیبە ژووری وەزیر گوڵی تێدا نەبێ".

فەلەکەدین کاکەکەیی کە بە رۆشنبیرێکی پێشـــمەرگەی دێرینی رابردووی پاکی شاخ ناسراوە، ئەوە کردوویەتییە خاوەن رێزێکی زۆر لە نێو خەڵکدا،بەڵام هەمیشـــە لە رووی کارگێڕییەوە رەخنەی لێدەگیری بەتایبەتی لە هەڵبژاردنی کەساندا بۆ کارکردن لەگەڵی.

فەلەکەدین لەبارەی ئەوەی کێ دەڵێ ژووری بێ گولی بەگوڵ لێ دانراو لەســـەر حســـاب نەکراوە، ئەوەی رەتیکردەوە کە ئەو پارەیە بـــۆ کڕینی گوڵی ژوورەکـــەی خەرجکرابێ، لەهەمانکاتدا گلەیی لەدیوانی وەزارەت هەبوو کە گوڵ بـــۆ ژوورەکەی ناکـــڕن "بەداخەوە گوڵ لەژوورەکـــەم نییە، بروا بکەن چەندین جار گلەییـــم لەدیوانـــی وەزارەت کردووەو داوامکردووە گوڵ بۆ ژوورەکەم بکڕن نایکڕن". گوتیشـــی "ئەگەر وەڵامی (هاوڵاتی)شـــم دایەوە، هـــەر داوا لەدیوانی وەزارەت دەکەم گوڵم بۆ بکڕن".

فەلەکەدین کاکەیی ئەوەی نەشـــاردەوە کـــە دوای ئەوەی وەزارەت چووەتە نێو بینا تازەکـــەی، گوڵیـــان بۆ لەژوورەکـــە داناوە "هەفتەیەک گـــوڵ هەبوو لەژوورەکەم رەنگە ئەو پارەی کە باسی دەکەن بۆ کڕینی گوڵی ژووری وەزیـــر تەرخانکراوە هەر هی ئەوکات بێ".کەواتـــە ئەوەی دەبـــێ لێبکۆڵدرێتەوە ئەوەیـــە چۆن هەفتەیەک بـــووە بەو هەموو مانگە".

### 5 ملیۆن دۆلار لەبەرهەمهێنانی فیلمی سینەمایی خەرجکراوە

هەروەک وەزیری رۆشنبیری بە (رووداو) ی راگەیاند لەماوەی 5 ساڵی رابردوودا، زیاتر لە 5 ملیۆن دۆلار لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتی رۆشـــنبیری بـــۆ بەرهەمهێنانی فیلمـــی ســـینەمایی خەرجکـــراوە، بەڵام فەلەکەدیـــن کاکەیی ئەو برە پارەیەی بەزۆر نەزانی و گلەییشـــی لەکەرتـــی تایبەت کرد

## ئەگەر کۆپیکردن نەمێنێ، هونەرمەندی ئاست نزمیش قازانج دەکەن

کە ئاوڕ لەو بوارە ناداتەوە "کەرتی تایبەتی ئێمە ترسنۆکە، دەیەوێت راستەوخۆ قازانج بکات".

کاکەیی هەر یـــەک لەوڵاتی کۆباو ئێرانی بەنموونە هێنایەوەو گوتی "وڵاتێکی وەکو کوبا ساڵانە 5 ملیۆن دۆلاربۆ سینەما تەرخاندەکات، کە ئەسلەن فیلمی سینەماییان نییە، ئێرانیش ســـاڵانە 60 ملیۆن دۆلار بۆ بەرهەمهێنانی فیلمی ســـینەمایی تەرخاندەکات، بۆیە ئەو پارەیەی لەکوردستان بۆ بەرهەمهێنانی فیلم خەرجدەکرێت بەبەراورد لەگەڵ وڵاتانی دیکە زۆر کەمە".

بەڵام رەخنەی لەهەندێک لەو فیلمانەش گرت کە لە کوردستان بەرهەم هاتوون "هەندێک لەو فیلمانەی لە کوردستان دەرهاتوون زۆر فاشیلن، من دەزانم چ فیلمێکی خراپ بەرهەم هاتـــووە!"، وەزیری رۆشـــنبیری هەروەها گوتیشـــی "ئەگەر لە 10 فیلم، فیلمێکمان باش بێ، کەواتە سەرکەوتووین".

### دهۆک پێش پەرلەمان کەوتووە

یەکێک لـــەو گرفتانەی ئەمـــڕۆ بەرۆکی هونەرمەندانی کوردســـتانی گرتووە، گرفتی کۆپیکردنی بەرهەمەکانیانە، ئەوەش وادەکات سوود لەفرۆشی بەرهەمەکانیان نەبینن و لە بەرهەمهێنانی نوێدا سارد بن.

بەپێی قســـەی فەلەکەدین کاکەیی، ئەو کاتـــەی لەکابینـــەی ســـێیەمی حکومەتی کوردستان وەزیری رۆشنبیری بووە، لەساڵی 1998 پرۆژەیەکـــی بـــۆ پاراســـتنی مافی هونەرمەندان ئامادە کـــردووە، دوای ئەوەی کاکەیی لەکابینەی پێنجەم دەبێتەوە وەزیری رۆشنبیری دووبارە بەپرۆژەکەدا دەچێتەوە.

وەزیری رۆشنبیری گوتی "کە ساڵی 2006 هاتمەوە وەزارەت پرۆژەکە هەر مابوو، بۆیە رەوانەی لێژنەی یاساییمان کرد لەئەنجوومەنی وەزیران، دواتر لەوێوە راوانەی لیژنەی یاسایی پەرلەمان کراوەو، تا ئێســـتا دووجار قسەم لەگەڵ لێژنەی یاســـایی پەرلەمان کردووە، پرۆژەکەیـــان زۆر بەلاوە بـــاش بووە، تەنیا ماوەتەوە ســـەرۆکایەتی پەرلەمان گفتوگۆی لەبارەوە بکات و بیخاتە دەنگدانەوە".

ئـــەوەی جێگـــەی دڵخۆشـــی وەزیـــری رۆشنبیرییە، یاساکە بەر لەوەی لەپەرلەمان دەربچێ، لەشـــاری دهۆک جێبەجێدەکرێ، کاکەیی گوتی "هێشـــتا یاساکە دەرنەچووە لەدهـــۆک جێبەجێدەکـــرێ، ئێســـتا هەر هونەرمەندێـــک لـــە دهۆک 20 هـــەزار دانە لەبەرهەمەکـــەی دەربکات، هـــەر هەمووی دەفرۆشـــێت، چونکە لەوێ سیســـتمێکیان داناوە کەس ناتوانێت بەرهەمی هونەرمەندان کۆپی بکات".

فەلەکەدیـــن کاکەیـــی لـــەو باوەڕدایـــە بەدەرچوونی ئەو یاسایە هونەرمەندان دەتوانن لەسەر پێی خۆیان بوەستن و چیتر چاویان لەدەســـتی وەزارەتی رۆشـــنبیری نەبێت، کاکەیی گوتی "ئەگەر ئەو یاسایە دەربچێت و کۆپیکـــردن نەمێنێـــت، ئاســـت نزمترین هونەرمەند دەتوانـــێ قازانج لەبەرهەمەکەی بکات، چونکە لەوڵاتانـــی دیکە کۆپیکردن نییە، بۆیە هونەرمەندەکانیان ملیۆنێرن".

## مەسیحییەکانی کوردستان
# یەکدەنگی لەسەر داوای ئۆتۆنۆمی و دابەشبوون لەسەر هەولێر و بەغدا

سەلام سەعدی
رووداو- هەولێر

مار دنخای چوارەم، پەتریارکی کلێســـای مەشـــریقی ئاشووری لەکاتی ســـەردانیدا بۆ لای ئاشـــوورییەکانی نیشتەجێی سوێد داوای لە ئاشوورییەکان کرد پێکەوە بۆ هێنانەئارای ناوچەیەکی ئۆتۆنۆم کە مەسیحییەکانی عێراق لەخۆبگرێت کاربکەن و گوتیشی ".

مار دنخای چوارەم کە ســـاڵی رابردوو بۆ ئاگاداربوون لە رەوشـــی مەسیحییەکان هاتە کوردستان و بەهۆی خراپیی بارودۆخی ئەمنی نەیتوانی بچێتە بەغـــدا، ناوی ئەو ناوچەیەی نەهێنا کە پێویستە ببێتە ناوچەیەکی ئۆتۆنۆم، بەڵام مەســـیحییەکان بەگشتی کۆکن لەسەر ئەوەی کە دەشـــتی نەینەوا خودان رێژەیەکی زۆری مەســـیحییەو بۆ دروســـتکردنی ناوچە ئۆتۆنۆمەکەیان دەستدەدات، بەڵام لەوەدا کە ئەو ناوچە ئۆتۆنۆمە ســـەر بە بەغدا بێت یان هەرێمی کوردستان مەسیحییەکان بۆ دوو بەرە دابەش دەبن.

بەشـــی زۆری ناوچەکانی دەشتی نەینەوا دەکەونە چوارچێوەی ئەو ناوچانەی کە ماددەی 140ی دەستووری عێراق دەیانگرێتەوە، بۆیە یەکلاکردنەوەی چارەنووسی ئەو ناوچەیە بە رادەی جێبەجێکردنی ئەو ماددە دەستوورییەوە بەندە.

قسەوباسی هێنانە ئارای ناوچەیەکی ئۆتۆنۆم بۆ مەسیحییەکان لەکاتێکدا بەرەو گەرمبوونە کە پرۆژەی دەســـتووری هەرێمی کوردستان لەدوایین قۆناخەکانی پێداچوونەوەدایەو وەک شـــیروان حەیدەری سەرۆکی لیژنەی یاسایی پەرلەمـــان بـــە (رووداو)ی راگەیانـــد رەنگە لەخولـــی داهاتـــووی پەرلەمانـــدا کە مانگی ئەیلول دەستپێدەکات، خوێندنەوەی یەکەمی بۆ بکرێ.

شـــیروان حەیدەری لەبارەی رەچاوکردنی مافی نەتەوەکان لە دەستووری چاوەڕوانکراوی هەرێمی کوردســـتاندا، ئاماژەی بەوەکرد کە لـــەم پرۆژەیەی ئێســـتا گەلاڵە بـــووە مافی مەســـیحییەکان زیاتـــر رەچاوکـــراوە لەوەی کە لە ئەســـڵی پرۆژەکەدا هاتبوو، گوتیشی دەروازەیەکـــی تایبەتی بـــۆ مافی نەتەوەکان تەرخانکراوە.

دوای ئەوەی ســـاڵی رابردوو ســـەرگیس ئاغاجـــان، وەزیری دارایی حکومەتی هەرێمی کوردســـتان، کە خۆی خەڵکی قەزای سۆرانە پێشنیاری دامەزراندنی ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی بۆ ئاشوورییان لە دەشتی نەینەوا خستەڕوو.

مانگی ئایاری رابـــردوو ژمارەیەک لایەنی مەسیحی لە کوردستان چەند پێشنیازێکیان خستە بەردەم لیژنەی پێداچوونەوەی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان کە دیارترینیان بریتیبوو لـــە داننان بەمافـــی ئۆتۆنۆمی بۆ مەسیحییەکان و گرێدانەوەی ناوچەی دەشتی نەینەوا بە هەرێمی کوردستانەوە.

لەبەشـــێکی ئەو پێشـــنیازەدا کە حیزبی نیشتمانی ئاشووری، حیزبی دیموکراتی بێت نەهرێـــن و کۆمەڵەی رۆشـــنبیریی کلدان و چەند لایەنێکی دیکە بەهاوبەشـــی گەڵاڵەیان کردبـــوو، ئامـــاژە بەوە دەکەن کە دەشـــتی نەینەوا بەهەموو قەزاو ناحیەکانیەوە دەکەوێتە ســـنووری مێژوویی و نەتەوەیی و جوگرافیی هەرێمی کوردستانەوەو دەبێت دەستوور ئەوە مسۆگەر بکات کە مەسیحییەکانی ئەو ناوچەیە مافی ئۆتۆنۆمییان هەیە.

ئـــەو لایەنانە هەروەهـــا رایانگەیاندبوو کە پاش جێگیرکردنی ئەو مافانە لەدەســـتووری هەرێمی کوردستاندا بەشێوەیەکی فەرمی داوا لە حکومەتی فیدراڵ دەکەن دەشـــتی نەینەوا بخاتە سەر هەرێمی کوردستان.

شێروان حەیدەری وێڕای ئاماژەکردن بەوەی کە لە پرۆژەی دەســـتوورەکەدا هەوڵدراوە تا دوائەندازە مافی نەتەوەکان مسۆگەر بکرێت، بەڵام رەتیکردەوە کە بڕیاردان لەسەر ئۆتۆنۆمی لەدەسەڵاتی هەرێمی کوردستاندا بێت، چونکە وەک ئەو گوتی "ئۆتۆنۆمی خۆی سیستەمە، ئەگـــەر لـــە شـــوێنێک زۆرینە بـــوون مافی خۆیانـــە خۆیان بەڕێوەببەن، بەڵام ئۆتۆنۆمی جۆرێکـــە لە حوکمڕانی کە ئەوە بەدەســـتی ئێمە نییەو بەشێکە لە دەسەڵاتی فیدراڵی"، گوتیشی "ئەوەی پەیوەندی بەئێمەوە هەبێت لـــەرووی کەلتـــووری و کۆمەڵایەتی و مافی خۆبەڕێوەبردنـــەوە ئێمە لـــەو چوارچێوەیەدا دەتوانین مافەکانیان دابین بکەین".

ســـەرۆکی لیژنـــەی یاســـایی جەختـــی لەوەکردەوە کە دامەزراندنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی دەشتی نەینەوا دەبێت لە دەستووری عێراقدا جێگیر بکرێت، ئەگەرنا دەستووری کوردستان نابێت پێچەوانەی دەستووری عێراق بێت.

لەبەرامبەر ئەو بەرەیەدا کە دەشتی نەینەوا بە بەشـــێک لەهەرێمی کوردســـتان دەزانن، هەندێ لایەنی دیکەی ئاشووری سیاسەتێکی توونڕیان بەرامبەر دەســـەڵاتدارێتی هەرێمی کوردســـتان گرتووەتەبەر و تەنانەت هەندێک لەوانە شارەکانی هەولێرو دهۆکیش بەدوو شاری ئاشـــووری ناودەبەن. هەندێک لەوانەی داوای ئۆتۆنۆمی بۆ دەشتی نەینەوا دەکەن، پێیانوایە دەبێت پرسی یەکلاکردنەوەی چارەنووسی ئەو ناوچەیە بۆ خەڵکەکەی جێبهێڵرێت.

نـــزار حەننا بەرپرســـی لقـــی هەولێری بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری ئاماژە بەوە دەکات کە بەپێی ماددەی 125ی دەستووری عێراق کەمینەکان لـــەو ناوچانەی چڕییەکی دانیشـــتوانیان هەیە مافی خۆبەڕێوەبردنیان هەیە. نزار حەننا لەوبارەوە بۆ (رووداو) گوتی "ئێمە لەدەشتی نەینەوا زۆرینەین و پێمانوایە مافی خۆمانە بیکەینە ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی، ئەوەش بەتەنیا بۆ ئاشوورییەکان نییە، بەڵکو ئێزدی و شـــەبەکیش لـــەو ناوچەیە دەژین و دەبێت ئەوانیش لە بەڕێوەبردنیدا بەشداربن".



### پێویستە ئەو ناوچە ئۆتۆنۆمییەی ئاشوورییەکان راستەوخۆ سەر بە بەغدا بێت

پەتریارکی کلێسای مەشریقی ئاشووری

ئەو بەرپرســـەی بزووتنـــەوەی دیموکراتی ئاشـــووری کە یونادەم یوســـف کەننا سەرۆکایەتی دەکات، رەخنەی ئەوە لە حیزبە کوردییـــەکان دەگرێت کە ئەم مافی خۆبەڕێوەبردنە بەشـــێوەیەکی راســـتەقینە نادەنە مەسیحییەکان و دەڵێت "لەچەندین ناوچەی کوردستان کۆمەڵـــگای مەســـیحی هەیە، بەڵام ئەوانەی وەک بەرپرس لەوێ دانراون هەڵبژێردراو نین لەلایەن مەســـیحییەکانەوە بەڵکو لەلایەن حیزبەکانەوە دانراون".

نـــزار حەننا رەتیکردەوە کـــە ئەوان وەک بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشـــووری پێداگری لەســـەر ئەوە بکەن کە ناوچـــەی ئۆتۆنۆمی دەشـــتی نەینەوا سەر بە بەغدا بێت و گوتی "ئێمە دەڵێین بـــا ناوچەی ئۆتۆنۆم بەفەرمی دابمەزرێ پاشان خەڵکی ناوچەکە بە ریفراندۆم بڕیار بدەن سەر بە هەرێمی کوردستان دەبن یان بەغدا".

هەندێ لایەنی دیکەی مەسیحی هەڵوێستێکی دیکەیان هەیـــەو پێیانوایە وێـــڕای نەبوونی دەســـتووریش، بەڵام لە هەرێمی کوردستاندا زۆربەی هـــەرەزۆری مافەکانیـــان بەکردەوە بەدیهاتوون. جەمال شـــەمعون ئێلیا ئەندامی پەرلەمانی کوردســـتان و ئەندامی کۆمەڵەی رۆشنبیریی کلدان لەوبارەوە گوتی "بەکردەوە زۆربەی هەرەزۆری مافەکانی ئێمە بەدیهاتوون، وەک مافی سیاســـی کە پێنـــج ئەنداممان لە پەرلەمـــان هەیە، هەروەهـــا لەنێو حکومەتدا بوونی مەســـیحییەکان رەچاوکراوەو تەنانەت لە ئەنجوومەنی باڵای پارتە سیاسییەکاندا دوو نوێنەرمان هەیە، لەڕووی مافە کەلتوورییەکانەوە ئەوپـــەڕی ئازادیمان هەیە، مافی خوێندن بۆ مەسیحییەکان دابینکراوەو دەتوانین بەزمانی خۆمان بخوێنین، بەڵام ئەم مافانە پێویستیان بە چوارچێوەیەکی دەستووری هەیە".

جەمال شەمعون پێیوایە ناوچەی دەشتی نەینەوا لە چوارچێـــوەی ئەو ناوچانەدایە کە بەناوچەکانی جێی ململانێ ناسراون و هێشتا چارەنووســـیان یەکلانەبووەتـــەوە بەگوێرەی ماددەی 140، دەربارەی پێکهێنانی ناوچەی ئۆتۆنۆمیش دەڵێت ماددەیەک لە رەشنووسی دەســـتووری هەرێمی کوردســـتاندا هەیە کە نابێت هیچ هەرێمێک لەچوارچێوەی هەرێمی کوردســـتاندا پێکبهێنـــرێ و گوتـــی "ئێمە پێشـــنیازی ئەوەمان کردووە کە ئەو بڕگەیە لابچێت، پێمانوایە ئـــەو بڕگەیە زیادە، ئەوە بەو مانایە نییە کە ئێمە دەمانەوێ هەرێمێک دروســـت بکەین، بـــەڵام ئەوە دەســـتوورەو یاسایەکی کاتی نییە دوومانگی دیکە بتوانی هەمواری بکەیتەوە، ئەوە دەستوورەو لەلایەن گەلەوە لە ریفراندۆمدا دەنگی بۆ دەدرێ و بۆ هەتاهەتایە دەمێنێتەوە، بۆیە پێویست ناکات هەر لەئێستاوە هەموو دەرگاکان لەسەر خۆمان دابخەین".

هەنـــدێ لە لایەنە مەســـیحییەکان دەڵێن ئێمە لەســـەر ئـــەوە یەکلابووینەتـــەوە کە ئاشووری- کلدان- سریانی یەک نەتەوەن و ئەو (واو)ەی ئەو سێ ناوە پێکەوە دەبەستێتەوەو لەدەســـتووری عێراقدا جێگیرکراوە، دەبێت هەڵبگیرێت. بەڵام شتێک کە هێشتا بەتەواوی لەســـەری رێکنەکەوتـــوون ئەوەیـــە کە ئایا چارەنووسی خۆیان بە هەولێرەوە گرێدەدەن یان بە بەغداوە.

### هەرێمی ئۆتۆنۆمی و را جیاوازەکان

- سالّی رابردوو سەرگیس ئاغاجان پێشنیاری دروستکردنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی دەشتی نەینەوای بۆ ئاشووریان کرد.
- ژمارەیەک حیزبی ئاشووری داوادەکەن هەرێمەکە بخرێتە سەر هەرێمی کوردستان و بزووتنەوەی ئاشووریش دەیەوێ ئەوە بە ریفراندۆمی خەڵکی هەرێمەکە یەکلایی بکرێتەوە.
- پەتریارکی کلێسای مەشریقی ئاشووری دەڵێ پێویستە ئەو ناوچە ئۆتۆنۆمە سەر بە بەغدا بێت.
- کۆمەڵەی کلدانی پێشنیار دەکات ئەو بڕگەیە لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان لابدرێ کە دەڵێ نابێت هیچ هەرێمێک لەچوارچێوەی هەرێمی کوردستاندا دروستبکرێ.
- سەرۆکی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان دەڵێ رێگەدان بە دامەزراندنی ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی لە دەست دەسەڵاتە فیدراڵەکانی عێراقدایە.



**تاریق زیا ئیکینجی:**
**چارەسەر ئاگربەستی دوولایەنەیە**

رووداو- ئاژانسەکان

◆ رۆشنبیرو سیاسەتوانی کورد د.تاریق زیا ئیکینجی، رایگەیاند کە بۆ بەرقەراربوونی ئاشتی پێویستە PKK و هێزەکانی دەوڵەتی تورک دەستبەرداری چەک بن، چونکە بە ئاگربەستی یەکلایەنە ئاشتی بەرقەرار نابێت. ئیکینجی گومانی لەوە دەربڕی PKK دەستی لە تەقینەوەکانی ئیستەمبوڵدا هەبووبێت و گوتی "ئەگەر ئەوان بوونایە بەرپرسیارێتیەکەیان دەخستە ئەستۆی خۆیان". داواشیکرد دەوڵەتی تورکیا بۆ بەرقەرارکردنی ئاشتی سوود لە ئەزموونی ئیسپانیا و بەریتانیا وەربگرێت.

## لە شارەکانی تورکیا و باکووری کوردستان

# مانگرتن و خۆپیشاندان بۆ مافی خوێندن بە زمانی کوردی دەکرێت

**سـیدار بەنگین ئەپۆزدەمیر**
**رووداو-ئیزمیر**

لەساڵی 2006 رێکخراوێکی کوردی بەنێوی (بزووتنـەوەی زمـان و پـەروەردەی زمانی کـوردی (TZP-Kurdî) لە تورکیا بۆ دوارۆژی زمانی کـوردی و بەو خەباتە بۆ پاراسـتنی ناسـنامەی کـوردی کار دەکات و چالاکـی دەنوێنێ. خەجێ شەن یەکێک لە دامەزرێنەرانی ئـەو رێکخراوە دەڵێ " ئێمـە پەروەردەیەکی چالاک دەخوازین، بـەڵام بەداخەوە دەوڵەت لەوە دەترسێت".

TZP-Kurdî مامۆستایانی زمانی کوردی ئامادەدەکات، سەمینار، کۆبوونەوە و هەندێجار خۆپێشـاندانیش رێکدەخات بـۆ داواکردنی خوێندن بە زمانی کوردی لە تورکیا و باکووری کوردستان بۆ قوتابیانی کورد.

خەجێ شان، کە جگە لەوەی دامەزرێنەرێکی رێکخراوەکەیە وانەکانی زمانی کوردیش دەداتە لاوانـی کورد،"وانە بە کـچ و کوڕانی تەمەن 18-21 سـاڵی و لاوانی بـە تەمەنتر دەڵێم، ماوەیەک پێش ئێستا لە هۆڵێکی وانە گوتنەوە لە خوێندکارەکانم پرسـی ئایـا دەزانن من بۆچی وانەیان پێدەدەم، لەسەر بێدەنگبوونی خوێندکارەکان باسی گرنگیی پاراستنی زمان بۆ پاراسـتنی بوونی نەتەوەییمان کرد، دوای ئەوە تێگەیشتن کێشـەی ئێمە چییە"، ئەو مامۆستایە خۆبەخشـەی زمانی کوردی، کە بەشـێوەی خولی نافەرمـی دەیڵێتەوە، زۆر دڵخۆشـە بەوەی کە لاوانی کورد ئێسـتا بە بایەخەوە لە زمانی دایکیان دەڕوانن

"ئەوە هۆی دڵگەرمی و بەردەوامی ئێمەیە لەو بوارەدا".

زمانی کـوردی کە لەلایەن کۆماری تورکیا لە ژێر دروشـمی (یـەک وڵات، یەک زمان، یەک ئاڵا) دا بۆ تواندنـەوەی نەتەوەی کورد قەدەخەکرا، وەک کۆمەڵناسی نێوداری تورکیا د.ئیسماعیل بێشکچی دەڵێ، کۆمۆنیستە کورد و تورکەکانیش کە لە باکووری کوردسـتان و تورکیا بەکوردی قسـەکردنیان بەنیشـانەی دواکەوتـن و بەتورکی قسەکردنیشـیان بە نیشـانەی پێشـکەوتنخوازی دادەنا یارمەتی ئەو سیاسـەتەی لەنێوبردنی زمانی کوردییان دەدا.بەڵام ئێستا هەڵمەتی گەڕانەوە بۆ زمانی کوردی لە باکووری کوردستان و تورکیا لەلایەن هاووڵاتیان بەگشتی و لاوانی کورد بەتایبەتی دەستپێکردووە.

شـەن بـاس لـە گرفتەکانـی بـەردەم زمانـی کـوردی دەکات و دەڵێ " یەکێک لە مەترسـییەکان ئەوەیـە کە زمانـی کوردی زمانـی کاروباری رۆژانە نییە لە وڵاتی ئێمە"، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا ئەوەی شەن دلخۆش دەکات ئەوەیە کە بەهۆی بەهێزبوونی هەستی بندەستی لەلای هاووڵاتیانی کورد لەوبەشەی کوردسـتان دیسـانیش زمانی کوردی بوونی هەیە. بەڵام شەن لەوبارەوە دەڵێ " بەداخەوە زمانی رۆژانە تورکییە، هەتا تورکی قسەکردن هەبێ کاریگەری خراپی بۆ سەر زمانی کوردی دەبێ، بەتێکچوونی زمانی کوردیش ناسنامەی کوردی دەکەوێتە بەر هەڕەشەیەکی گەورە".

شـەن زۆر حەسـرەت بـەوە دەخوات و بەمشێویە هەسـتەکانی خۆی دێنێتە زمان" جارێک ئەوباسـەم لەگەڵ سیاسەتمەدارێکی گەورە باسکرد و باسـی دڵداریم لەگەڵ کرد و گوتم ( نابێ خۆشەویستەکەم زمانی کوردی نەزانێت)، ئەویش لەوەڵامی مندا گوتی کاری تۆ زۆر دژوارە لەبەر ئەوەی ناتوانی کەسێکی وای بەدڵی خۆت پەیدا بکەی، منیش پێمگوت کەواتە منیش تا کۆتایی تەمەنی خۆم بەتەنیا دەبم".




هەروەک لە قسـەکانی خەجە شـەنەوە دەردەکەوێ رێکخراوەکەیان پلان و بەرنامەی هیوابەخشـی هەن بۆ بووژاندنـەوەی زمانی کوردی " ئێمە دەخوازین ئەکادێمیایەکی زمانی کوردی لە ئامەد دابمەزرێنین، ئەکادێمیایەک بۆ لێکۆلینەوە لە زمان و وێژەی کوردی، هەروەها دەمانەوێ مامۆستای زمانی کوردی پێبگەیێنین بۆ ئەوەی خوێندکاران فێری کوردی بکەن".

زمانی کوردی کە لە ئەنجامی پێشکەوتنی خەباتی کورد و گەیشتی کەسێکی نەرمڕەوی وەک تۆرگـۆت ئۆزال بۆ پۆسـتی سـەرۆک وەزیران و دواتریش بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار، کەبەپێی قسەی بنەماڵەکەی لەلایەن گرووپە نهێنییەکانی سەر بەسوپای تورکیا تیرۆرکرا، قەدەخەکاری پێشـووتری بەکردەوە لەسەر نەما، بەڵام بەپێی دەستوور و یاساکانی تورکیا تەنیا زمانـی تورکی زمانـی فەرمییە، هیچ زمانێکی دیکە بێجگـە لە زمانی تورکی نابێ لە کۆبوونەوەی سیاسـی و پروپاگەندەکانی هەڵبژاردندا بەکاربێت، هەروەها تورکیا ئێستا بە بیانـووی نەبوونی هەندێ پیتی وەک (و) لەزمانی تورکیدا شەڕی هاتنە پێشەوەی زمانی کوردی دەکات و تا ئێستا چەندان نووسەر و خەڵکی کورد لە بەر نووسینی نێوی (نەورۆز) سـزادراون، چونکە تورکیا دەیەوێ بنووسرێ (نەڤرۆز)، لەوەشدا دەردەکەوێ تورکیا دەیەوێ زمانی کوردی کە زۆر لە زمانی تورکی کۆنترە بە بەشێک لە زمانی تورکی نیشانبدات.

خەجە شەن، سەرەڕای هەموو بەربەستەکان دەڵێ ئەوان مکوڕن لەسەر پێشخستنی خەباتی رێکخراوەکەیـان لە پێنـاو زیندووکردنەوەی زمانی کـوردی لە نێو کۆمەڵگـەی کوردی لە تورکیا و باکووری کوردسـتان . هەر لەو چوارچێوەی بە گەلێـری وجەماوەری کردنی خەباتەکەیاندا، ئێستا ئامادەکاری مانگرتنێکی فراوانی خوێندکارانی کورد دەکەن " هەفتەی یەکەمی ساڵی تازەی خوێندن منداڵەکانمان نانێرینە قوتابخانە، هەفتەی دووەمیش لە شارە جیاجیاکان خۆپیشاندانی گەورە سازدەکەین".

TZP-Kurdîهیواداره کە وەک خۆپێشـاندانە ملیۆنییەکەی مانگـی حوزەیرانی رابردوو بۆ داواکردنـی خوێندن بەزمانی کـوردی، ئەم چالاکییە ئاشتی و مەدەنیانەیان لەلایەن گەلی کوردەوە بەبەشدارییەکی فراوان بەڕێوەبچێ.

### کوردی زمانی قەدەخە

– دوای دامەزرانی کۆماری تورکیا لە 1923 ئاخفتن بە زمانی کوردی لە تورکیا و باکووری کوردستان قەدەخەکرا.
– ئەو پیرەمێردانەی نەیاندەزانی بەتورکی قسەبکەن لە بازاڕ و چایخانەکان بە ئیشارەت قسەیان لەگەڵ یەک دەکرد.
– منداڵەکان لە قوتابخانە لەسەر قسەکردن بەزمانی کوردی سزا دەدران.
– لە ئەنجامی خەباتی کورد و هاتنە سەرکاری تۆرگۆت ئۆزال ئەو قەدەخەکارییە توونده لەسەر زمانی کوردی نەما.
– تا ئێستا رێگە بە خوێندنی زمانی کوردی نادرێ و رێکخراوی TZP-Kurdîبۆ هەڵگرتنی ئەو قەدەخەکارییە هەوڵدەدات.
– قسەکردن لە کۆنگرە سیاسییەکانی حیزبەکان و هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن بە کوردی قەدەخەیە بەپێی یاسای حیزبە سیاسییەکانی تورکیا.
– تورکیا بەبیانووی نەبوونی پیتەکانی (و خ) ئاستەنگ لەبەردەم زمانی کوردی دادەنێن و تا ئێستا چەندان کەس لەسەر ئەو پیتانە دراونەتە دادگا.

# دادگاییکردنی ئەرگەنەکۆن دەرگایەک بۆ کورد دەکاتەوە

**هێمن خۆشناو**
**رووداو-هەولێر**

سـەرۆکی پارتـی دیموکراتـی تورکیـا باس لەهەبوونـی پەیوەندی نێـوان pkk و رێکخسـتنی ئەرگەنەکۆن دەکات، ئەو قسەی عەبدوڵـڵا ئۆجەلانیـش رەتدەکاتـەوە کە دەڵێت ئەرگەنەکۆن لەسـاڵی 1950 لەلایەن ناتۆ و ئەمریکاوە دامـەزراوە. هەروەها چەند ئەندامێکی کۆنی سەرکردایەتی pkkەش ئاماژە بەبوونـی پەیوەندی نێوان هەردوو لا دەکەن، لە هەمانکاتدا pkk لەچەند بەیاننامەیەکدا ئەو دەنگۆیانـەی رەتکردەوە و بەتوندی رەخنەی لـەو نێوەندانە گرت کە بە هەبوونی پێوەندی لەگـەڵ ئەرگەنەکـۆن تۆمەتبـاری دەکەن. لەلایەکی دیکەوە ئەوەش بڵاوبووەوە کە چەند کەسـێکی کوردی نەیاری pkk پەیوەندییان لەگەڵ ئەرگەنەکۆن هەیە.

پەیوەنـدی نێـوان pkk و ئەرگەنەکۆن ئێستا باسێکی گەرمی نێو میدیای تورکیایەو عەبدوڵـڵا ئۆجەلانیش کە ئێسـتا لەدورگەی ئیمراڵی زیندانییە، ئامادەیی خۆی نیشانداوە بۆ ئەو مەبەستە بچێتە بەردەم دادگا.

زوبێر ئایدار سـەرۆکی کۆنگـرەی گەل، بەتووندی ئەو دەنگوباسانەی نێو میدیای تورکی رەتدەکاتەوەو نکۆڵی لەبوونی ئەو پەیوەندییە دەکات. ئایـدار لەلێدوانێکـدا بـۆ (رووداو) گوتی"ئەو پڕوپاگەندانە دوورن لەراستی و ئەو سەرچاوانەی ئەم هەواڵانە بڵاودەکەنەوە نزیکن لەپارتی داد و گەشـەپێدانی دەسـەڵاتدار لە تورکیا و گرووپەکەی فەتحوڵڵا گولەن".

پارتـی داد و گەشـەپێدان AKP، لەدوای رێدان بە ئۆپەراسیۆنی سوپا بۆ ناو باشووری کوردسـتان و توندوتیژییەکانـی پۆلیس لە نەورۆزدا و پشتگوێخستنی بەڵێنەکانی بەرامبەر گەلی کورد لە باکووری کوردستان، رووبەڕووی ناڕەزاییەکی بەرفراوانی جەماوەری بووەتەوە کە لایەنگرانی pkk ش ئەو هەڵمەتە توندتر و فراوانتر دەکەن، تاوەکو لە هەڵبژاردنەکانی سـاڵی داهاتوودا لـە باکووری کوردسـتان دەنـگ نەهێنێ، هەندێ چاودێر لەو بڕوایەدان کـە AKP ش هەوڵدەدات لـە بەرامبەردا بە مەسـەلەی ئەرگەنەکۆن تۆڵەی خۆی لە pkk بکاتەوە، لەوبارەشـەوە رۆژنامەی (زەمان)ی تورکی کەنزیکی AKPیە زۆر لەسەر هەبوونی پەیوەندی نێـوان ئۆجـەلان و ئەرگەنەکۆن دەوەسـتێ. هەندێ چاودێر پێیانوایە، گرتنی گرووپی ئەرگەنەکۆن لەلایەن حکومەتی AKP وە وەڵامدانەوەیەکـی حیزبەکەی ئەردۆغان بوو بۆ هەوڵەکانی سـوپا و دادوەری،کە دوو پێکهاتەی سەرەکی کەمالیزمن، بۆ داخستنی AKP، ئەویـش دوای رەزامەندی ئەمریکا بۆ کەمکردنەوەی رۆڵی سـوپا لە تورکیا. دوای دەسـتگیرکردنی ئەندامانـی ئەرگەنەکۆنیش راگەیێندرا کە ئەو رێکخراوە پلانی کودەتاکردن بەسەر حکومەتی ئەردۆغانیان هەبووە.

نێوی ئەرگەنەکۆن لەساڵی 1996 لەکاتی روودانـی کۆکـوژی سوسـورلوک، کە تێیدا کۆمەڵێک رۆشـنبیرو کەسـایەتی کـوژران، وەک ئەنجامدەری ئەو کۆکوژیە کەوتە سـەر زاری خەڵـک. ئەندامانی ئـەو رێکخراوە کە ئێستا بەشـێکیان دەستگیر کراون، زۆربەیان بریتین لەو ئەفسـەرە خانەنشـینکراوانەی پێشتر لەباکووری کوردستان کاریان کردووەو لەسـەردەمی کارکردنی ئەوانیشدا، چەندین هاووڵاتی سڤیل و رۆشنبیر و سیاسەتمەداری کورد لەئەنجامی کردەوەکانی (بکەر نادیار)دا کوژراون.

رای جیاواز هەیە لەسەر سەرهەڵدانی گرووپی ئەرگەنەکۆن. عەبدوڵڵا ئۆجەلان، سـەرەتای دامەزراندنـی ئەو گرووپـە دەگەڕێنێتەوە بۆ سـاڵی 1950 و دەڵێـت "لەلایـەن ناتۆ و ئەمریکاوە دامەزرا".

بەڵام شـەرەفەدین ئالچی، سیاسەتکاری کورد و یەکێک لە نەیارە دیارەکانی PKKئەو قسـەیەی عەبدوڵڵا ئۆجـەلان رەتدەکاتەوە، ئالچی لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەی (زەمان)ی تورکـی دەڵێ "ئۆجەلان بۆ ئەوەی پەیوەندی خۆی و ئەرگەنەکۆن بشـارێتەوە دەخوازێت دامەزراندنـی ئەرگەنەکـۆن بگەڕێنێتەوە بۆ سـاڵانی 1950، بەڵام راستییەکەی یەکەمجار لەسـاڵی 1974 لەژێر نـاوی بەڕێوەبەرایەتی شـەڕی تایبەت دامەزرا، کە ئەوکات قەیرانی قوبرس سەریهەڵداو دەرکەوت کە رێکخراوێکی لەو شێوەیە هەیە".

کاتێک باس لەپەیوەندی نێوان ئەرگەنەکۆن و PKK دەکرێـت ناوی دوغـۆ پەرینچەک، سـەرۆکی پارتی کاری تورکیـش دێتە نێو ناوانەوە، کە گوماندەکرێت ناوبراوهەڵسوڕاوێکی ئەرگەنەکۆن بێت و چەند جارێک سـەردانی ئۆجەلانی کردووە لە لوبنان و سوریا.

شـەرەفەدین ئالچی، پەرینچەک بە "برا و


زوبێر ئایدار دەڵێ دوغو پەرینچەک بۆ کاری رۆژنامەنووسی دووجار هاتە لای ئۆجەلان، نەیارانی PKKـەش دەڵێن بۆ هەماهەنگی لەگەڵ ئەرگەنەکۆن چووە

مامۆسـتای فیکری" و، هەروەها بە "جێگری ئۆجـەلان" وەسـفدەکات، بەبـێ ئـەوەی روونیبکاتەوە لە چیدا جێگری بووە.

زوبێر ئایدار، سـەرۆکی کۆنگرەی گەل زۆر بەتووندی ئەو تۆمەتانەی ئالچی رەتدەکاتەوەو لەبارەی پەرینچەکەوە دەڵێت "دۆغو پەرینچەک لەساڵانی 1990 وەک رۆژنامەنووسێک دوو جار سەردانی کەمپەکانی PKKی کردووە لەبیقاع، چەند ریپۆرتاژێکـی رۆژنامەوانی ئەنجامدا"، ئایدار لـە درێژەی لێدوانەکەیـدا بۆ (رووداو) دەڵێـت "پەرینچـەک ئـەوکات هەوڵیدەدا، رێکخستنی پارتی رەنج لە باکووری کوردستان دابمەزرێنێـت، بۆ ئەوەش هەوڵیدەدا سـوود لەتواناکانی PKK وەربگرێت، بەڵام سەرۆکایەتی PKK داواکانی پەرینچەکیان پەسەند نەکرد، پەیوەندییەکانیـش تەنیا لـەو چوارچێوەیە دابوون" .هەروەهـا گوتیشـی "پەرینچەکیش وەک کەسـانی دیکەی ئەرگەنەکۆن دژایەتی بزووتنەوەکەمانی کردووە".

داواکاری گشتیی لە راپۆرتەکەیدا بۆ دادگا، ئاماژە بەوە دەکات کە ئەرگەنەکۆن پەیوەندی لەگـەڵ PKK هەبـووە، هەروەهـا ئیدیعای ئەوە دەکات کـە "عەبدوڵڵا ئۆجەلان یەکێکە لەرێبەرانـی ئەرگەنەکۆن". بـەڵام ئۆجەلان لەرێگەی پارێزەرەکانیەوە رایگەیاند کە 15 هەزار کەس لەباکووری کوردستان لەلایەن کەسانی نەناسـراوەوە کوژراون و بەپارێزەرەکانیشی گوتووە "خۆزگە سـەر دۆزگەری ئەرگەنەکۆن بانگهێشتی دەکردم بۆ ئەوەی بەدوورو درێژی باسی ئەرگەنەکۆن بکەم".

ماڵپەڕی نەفەل، کە دۆسـیەیەکی تایبەت بـە پێوەندی نێـوان کـورد و ئەرگەنەکۆن کردووەتەوە، ئاماژە بەوە دەدات دوو ئەندامی ئەرگەنەکـۆن بەناوەکانی ئەمین گورسـەس و بوڵەنـد ئاکار، کە ئێسـتا لە لایەن تورکیا دەسـتگیر کراون، لەلێکۆڵینەوە ئەمین دانی بەوەداناوە کـە عەبدوڵڵا ئۆجەلان پەیوەندی بەئەرگەنەکۆنەوە هەبووە .

بەگوێـرەی راپۆرتی داواکاری گشـتیی و ئیفادەی تونجای گونای، کە هاوڕێیەکی نزیکی دوغـۆ پەرینچەکەو لەسـاڵی 2001 لەلایەن پۆلیسـی تورکیاوە دەسـتگیرکراوە، کاتێک ئۆجەلان سوریای جێهێشتووە، کەسێک بەناوی دۆغان ئەرباشی رەوانەی لای هەر یەک لە وەلی کوچوک (ئەندامی ژمارە 10ی ئەرگەنەکۆن) و دوغـۆ پەرینچەک کردووە و ئامادەیی خۆی نیشـانداوە بۆ ئەوەی خۆی رادەست بکات و گووتویەتی" با 3 هـەزار گەریلای PKKوەک هێزی سێیەمینی دەوڵەتی تورکیا لەباشووری کوردستان بمێننەوە".

تونجای، کە ئەو کات لەگەڵ دۆغوپەرینچەک کاریکردووە دەڵێ "دۆغان ئەرباش سـەردانی پەرینچەکی کردو گوتـی: ئۆجەلان خوازیارە یارمەتی سوپا بدات و خۆی ڕادەستی دەوڵەت بکا".

تونجای لە ئیفادەکەیدا ئاماژە بەوە دەدات کە 3 جار لەگەڵ پارێزەرەکەی عەبدوڵڵا ئۆجەلان قسەیان کرد "لەیەکێک لەکۆبوونەوەکان باس لـەوە کراوە کاتێک ئۆجەلان خۆی رادەسـت دەکات رووبەڕووی لێکۆڵینەوە دەبێتەوە، دەبێت لەم لێکۆڵینەوانەدا بـاس لەپەیوەندییەکانی ئۆجـەلان و پەرینچەک بکرێـت"، هەروەها دەڵێت لەکۆبونەوەکەدا دانەیەک لەپەرتووکی عەبدوڵڵائۆجـەلان لەژێـر نـاوی ( لەیەکێک دەگەڕێم قسەی لەگەڵ بکەم) بۆ وەلی کوچوک کرا دیاری و لەنـاو پەرتووکەکەدا نامەیەکی چاپکراو هەبوو".

بەپێی قسـەی تونجـای، ئۆجەلان چەند مەرجێکی هەبـووە بۆ خۆڕادەسـتکردنەوە لەوانـەش "هەندێـک لەگەریلاکانـی عێراق بگەڕێنـەوە گوندەکانیان و دەوڵەتیش چاوی خۆی لەوە بگرێت، بەرپرسـە پایە بەرزەکانی وەک جەمیـل بایـک و مورادقەرەیلان بچنە ئەوروپا،

ئەو کادیرانەی بەشـداری شەڕی چەکداری نەبوونە، وەک ئاشـتیخواز خۆیان ڕادەستی تورکیـا بکـەن، کامپـە سـەربازییەکانی PKKکەمبکرێنـەوەو لەعێراقدا بەتەنیا یەک کامـپ بمینێـت و کامپی سـوریاش بدرێت بەبزووتنـەوەی رزگاریخـوازی فەلەسـتین، هەروەها هێزەکانـی PKK لەباکووری عێراق وەک هێزی سێیەمینی تورکیا بمێنێتەوە".

ئیبراهیم گوچلو، کـە خۆی بە یەکێک لە دۆسـتە کۆنەکانی ئۆجەلان دەناسـێنێ، لە لێدوانەکانیـدا بۆ رۆژنامـەی زەمانی تورکی دەڵێت "ئەرگەنەکۆن و PKK بەیەکەوە کاریان کردووە". هەروەها سـەلیم چوروکایاش، کە یەکێکبووەلە ئەندامانی سەرکردایەتی PKKەو چەند ساڵێکە وازی لە PKKهێناوەو لە ئەڵمانیا دەژی و لە چەند پەرتووکێکدا بە توندی رەخنە لە ئوجەلان دەگرێ. پاڵپشـتی لەو زانیاریانە دەکات،هەروەها زۆر بەسەرسوڕمانەوە سەرنج دەداتە سەر دوا چاوپێکەوتنی ئۆجەلان لەگەڵ پارێزەرەکانـی کاتێک دەڵێت "هەندێک هاتنە لای ئێمەو گوتیان، ئێمە تانسۆچیللەر دەکوژین و، ئێوەش بەرپرسیارێتییەکە بخەنە ئەستۆی خۆتان، بەڵام ئێمە قبوڵمان نەکرد". هەروەها شوکرگولموشی ئەندامی پێشووی سەرکردایەتی PKK دەڵێـت "کاتێک کارو کردەوەکانی ئەو 30 ساڵەی پێشـوو هەڵدەسەنگێنم دەگەمە ئـەو ئەنجامەی کە ئەرگەنەکـۆن و ئۆجەلان پەیوەندییان هەبووە".

هەروەهـا بەپێی ماڵپەڕی نەفەل، ئەحمەد زەکـی ئۆکچوئۆغلـۆ، کە یەکـەم پارێزەری عەبدوڵـڵا ئۆجەلان بووە لەدوای دەسـتگیر کردنی و دواتر ئوجەلانی بە پیاوی میت دادەنا و هێرشـی دەکردە سـەر، یەکێکە لەوانەی لەدۆزی ئەرگەنەکۆندا، ناوی هاتووەو تۆمەتی ئەوەی خراوەتە پاڵ کە سـەر بەدەزگای میت بووە.

ئۆغوز، کە بەرپرسیاری ئەم هێزە تایبەتییە بوو کە ئۆجەلانیان دوای رفاندنی لە کینیاوە گواسـتەوە تورکیا لەچاوپێکەوتنێکی لەگەڵ پارێزەرێکی ئۆجـەلان دەڵێت "ئێمە دەزانین پارێزەرەکانـی ئۆجەلان دوولایەنە یان سـێ لایەنە کاردەکەن و ئەوەی ئەم کارانەش دەکات بەتەنیا ئەحمەد زەکی ئۆکچوئۆغلۆ نییە".

زۆربـەی رووداوەکانی رابردووی ناو تورکیا کە بکەرەکانیان نادیارن خراونەتە ئەسـتۆی ئەرگەنەکـۆن، حکومەتـی تورکیاش تا دێت دۆسیەی لێکۆڵینەوەی تایبەت بەئەرگەنەکۆن فراوانتـردەکات، راوبوبۆچوونی جیاواز هەیە لەو بارەیـەوە، هەندێکیان کرانـەوەی دۆزی ئەرگەنەکۆن لـەدادگادا بەخاڵی وەرچەرخان دادەنێن بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد.

بـەڵام زوبێر ئایدار، رەخنـە لەحکومەتی تورکیـا دەگرێت، کە چاوپۆشـی لەو ژمارە زۆرەی تاوانەکانـی ئەرگەنەکـۆن دەکات کە بەرامبەر کـورد ئەنجامیداون و دەڵێ"ئەندامە چالاکەکانی ئەم گرووپە کە دەسـتگیر کراون زۆربەیان ئەو ئەفسـەرانەن کە لەکوردستاندا کاری نایاسـایی و خراپەکارییـان دژی کورد ئەنجامداوە. کەچی لەدۆسیەی دادگاییکردنی ئەرگەنەکۆن باسی تاوانەکانی گرووپی ناوبراو لە باکووری کوردستان نەکراوە".

لەلایەکی دیکەوە هەندێک کەسی نێو PKK بەتایبەتیـش کەسـێکی وەک جەمیل بایک لەو باوەڕەدایە کـە "هەوڵدان بۆ فراوانکردنی لێکۆڵینەوەکانـی تایبـەت بەئەرگەنەکـۆن هەڵمەتێکی نوێیە دژ بەگەلی کورد".

ئیبراهیم گوچلو، سیاسـەتمەداری کوردو هاوڕێی کۆنـی ئۆجـەلان، دەڵێت"لەوانەیە ئۆجـەلان خوازیاربـێ لای دادوەر بڵێـت ئەرگەنەکۆن هەوڵـی دا ئێمە بۆ مەرامەکانی بەکاربێنێت، بەڵام پەسەندمان نەکرد"، هەروەها دەڵێت"کاتێکتایبەتمەندییەکۆمەڵایەتییەکانی ئۆجەلان وەک مرۆڤێک دەهێنینە بەرچاومان، کارکردنی لەگەڵ ئەرگەنەکۆن بەدوور نازانرێت، من وەکو کەسێک کە زۆر لەنزیکەوە ئۆجەلان دەناسـم، بەڕاشـکاوانە دەڵێم داخوازیەکانی لەمەڕ چوونی بۆ دادگا تەنیا بۆ ئەوەیە بەرگری لەخۆی بکات و ئەستۆی خۆی پاکبکاتەوە".

## تاراوگە

### ئیتاڵیا 704 کۆچبەری قاچاخ رزگاردەکات



رووداو-AFP

◆ پاسەوانە ئیتاڵییەکانی کەنار دەریا رۆژی 2008/8/22 لە پاپۆڕێکدا 349 کۆچبەری قاچاخی لە بەرامبەر دوورگەی لامبیدۆسیای باشووری ئیتاڵیا بە دوو بەلەمی دار رزگارکردن، کە 42یان ژن بوون و یەکێکیان سکپڕبوو.بەڵام ناسنامەی ئەو کۆچبەرانە نەهاتووەتە زانین.رۆژێک پێشتریش 355 کۆچبەری دیکە لەهەمان شوێن رزگارکران. هەرچەندە نەزاندراوە کە ئایا کورد لەنێو کۆچبەرانەدا هەن یان نا، بەڵام ئەمساڵ شەپۆلێکی دیکەی گەنجان لەکوردستانەوە بەرەو ئەوروپا بەرێکەوت، بەڵام کەمتر لە ساڵانی پێشوو.

# گۆرانی بۆ کوشتارگە

## بەسەرهاتی ئەو کچە بەریتانیەی خۆشەویستە کوردەکەی لەلایەن دوو کوردی دیکەوە کوژرا

**کاوەڕەش**
**رووداو- بەریتانیا**

ئـەم چیرۆکە چیرۆکێکی راسـتەقینەیە، بەسەرهاتی کچێکی ئینگلز و سێ کوردی باشووری کوردسـتان، کە لە ژمارە 31ی گۆڤاری that's life لە رۆژی 2008/7/31بڵاوکراوەتەوەو، لەلایەن (جیما کرۆنیش) ی تەمەن 24 ساڵ، نووسراوەو باسی چیرۆکی سەرنەکەوتووی خۆشەویستی خۆی لەگەڵ فاخیرو، خۆشەویستییە نەمرەکەی دواتری لەگەڵ گـۆران دەکات، کە لە ئاهەنگێکی کوردی دا لەلایەن فاخیر و زریانەوە کوژرا. ئەو بەسەرهاتە لەو گۆڤارەوە بۆ (رووداو) وەرگێڕدراوە:

مـن کـە نـاوم (gemma)یـە کاتێک خوێنـدکاری بەشـی کۆمپیوتـەر بووم و تەمەنـم 19 سـاڵ بوو، شـەش مانگ لەمەوبەر لە گەڵ فاخیر بەیەک گەیشتین، فاخیر پێیگوتم من کـوردی عێراقم و بۆ ژیانێکی ئاسوودەتر هاتوومەتە ئێرە. من ئەوکات خۆشحاڵ بووم کە بە کورێکی گە نجی وەکو فاخیر گەیشتم. پاش ماوەیەک کەوتینە داوی شێتانەی خۆشەویستییەوە. منیـش ماڵـم گواسـتەوەو بەیەکەوە لە خانـووی فاخیردا ژیایـن، هەموو رۆژێک دوای تەواوبوونی لە کار، فاخیر چەپکێک گوڵی لەگەڵ خۆی بـۆ دەهێنامەوە، ئەو وەکو راوچییەک، هەمیشە راوی دەکردم، هەمیشـە منیش ئارەزووم لـەو خواردنە کوردییانە بوو، کە ئەو دروستی دەکردن. وەکو، برنج و مریشک بە شێوەی کوردی، ژیانمان خۆش و ئاسودە بوو. لەوماوەیەدا گۆرانیمان بۆخۆشەویستی دەگوت. پاش چەند هەفتەیەک منیش لەوکارگەیە دامەزرام کە فاخیر کاری لێدەکرد. چەندین کوردی دیکەی عێراقی لەوێ کاریان دەکرد. سـەرەتا هەستم بە ورووژان دەکرد لەنێـو کوردەکاندا، پاش مانگێـک فاخیر دەسـتی بەبۆڵەبۆڵکرد لەگەڵم.

هەر کاتێک قسەم لەگەڵ کوردێک بکردبا، هەمیشـە شـێتانە بەمنیـەوە دەگرت و بۆڵەبۆڵی لەگـەڵ دەکردم. من نازانم چی روودەدات لە داهاتوودا؟ هەمیشە هاورێکانی فاخیر رەخنەو پلاریان تێدەگرتم، بۆچی؟ چونکە من ئینگلیز بووم.

دواتر دەسـتم دەکـرد بەگریان، هاورێکانـی فاخیـر دەیانگـوت تۆ زۆر باش نیـت بۆ ئێمە، چونکە داب و نەریتمان زۆر جیاوازە. فاخیر هەمیشە بە منی دەگووت تۆ خیانەتم لێ دەکـەی، بۆیە منیش زۆر لەو قسـانەی دەترسام. هاوڕێکانیشی هەمیشە هەوڵیان دەدا خۆشەویستییەکەمان تێکبدەن. زۆر لـە فاخیر پاڕامەوە کەوا گوێ لەوان نەگرێت، بـەڵام ئەو گوێی لەمن نەدەگرت دوای دەمانگ بەیەکەوە بوون من لە هەموو شتێک بێزار بووم ئیدی جانتاکەم هەڵگرت و ماڵەکەیم بەجێهێشت.



زریان سابیر ئەو تاوانبارەی لەگەڵ فاخیر گۆرانی کوشت

لە ئوتیلێکـدا ژیانم بەسـەر برد. فاخیر هەرەشـەی ئەوەی لەمن کرد کەتۆ بۆمن نەبی ناهێڵم هەتا هەتایە ببیە هی کەس. ئەوتفی کردە هەموو ئەو خۆشەویستییەی هەمانبوو لە رابـردوودا، گۆران ئەو کورە هەژدە سـاڵەی کە دوای سـێ مانگ لە جیابوونـەوەم لەفاخیر، ناسـیم ئەویش هاوشـێوەی فاخیر کوردێکی عێراقی بوو لەلایەن خێزانەکەیەوە نێردرابوو بۆ ژیانیکی ئاسودەتر، بەڵام جیاواز لەفاخیر: هێمن و لەسەر خۆ و ئارام.

گەنجێکـی زیـرەک و پێگەیشـتوو بوو، خەریکی خوێندن بوو بۆ فێربوونی زمان. پاش چەند هەفتەیەک گۆران ماچی کردم و وتی"لەوکاتەوەی تۆم بینیوە دڵم کەتووەتە تـۆ، دڵم بۆت فریـووە". منیش وتم ئەو کورەم دۆزییـەوە کەمن خـەوم پێیەوە دەبینی.

خانووێکمان بەکرێ گرت و لەیەک کارگەی دروسـتکردنی ئاوێنەی ئۆتۆمبێل کارمان دەکـرد، دوای 18 مانگ بەیەکەوە بوون، رۆژێک گۆران بردمی بۆ چیشـتخانەیەکی کوردی بەبۆنەی چەژنی لەدایک بوونمەوە. پێیدەگووتم خۆشـم دەوێی و گوارەیەکی زێڕو هەندێـک گەوهەری بۆ کریم و داوای مارەکردنیشی لێکردم.

منیش بەهەنسکی گریانەوە گووتم باشە، بڵاوبوونـەوەی هەواڵ لە نێـو رەوەندی کوردیدا زۆر خێرایە! دوای چەند هەفتەیەک فاخیرمان لەیەکێک لەشـەقامەکانی شار بینی و هاتە لامان و هەڕەشـەی لەگۆران کرد، ددانی لەگۆران جیڕ کردەوەو گوتی"تۆ بەدوای پاشەرۆی من دەکەویت، لێت بەسەر ناچێت". چەندین هەڕەشەی دیکەی کرد.

بەترسـەوە چووینە ماڵەوە، بەڵام گۆران بەهێمنانـە گوتی گوێ مـەدەرێ و خەم مەخۆ. ئێمە هەوڵماندەدا ژیانێکی ئاسودەو خۆش بەرێبکەین و منداڵ دروستبکەین و رۆژێک لەرۆژان سـەردانی خیزانی گۆران بکەین لە کوردستانی عێراق.

وارێکەوت رەوەندی کوردی ئاهەنگێکیان رێکخست کە سەدان کەس لەخێزانە کوردەکان بەجلوبەرگـی کوردی و خواردنی کوردی شایی و هەڵپەرکێ، تێیدا بەشداربوون لەنزیک queen elithabeth country park منیش بەکامێرا تۆمارم دەکرد، بـەڵام هـەر کە دەسـگیرانە کۆنەقیـن لەدڵەکەم، فاخیرم لەگەڵ هاورێکەی زریان سابیر بینی، دڵم نغرۆی خەمبوو، ئەوان ویستیان کێشەمان بۆ دروست بکەن، بەڵام گۆرانی دەسگیرانم گوتی خەم مەخۆ بەردەوام بە لەتۆمار کردن، کاتێک گوێـم لەدەنگێکی بەرز بوو کەسەیرم کـرد فاخیری کۆنە دەسـگیرانم لەگـەڵ زریـان سـابیری هاورێی دەستیان ناوەتە قورگی گۆرانی دەسـگیرانم و بەچەقۆ بەربوونەتە گیانی وخەڵتانی خوێنیان کردووە.

کاتێک گەیشتمە سەرگۆران، وەک منداڵێکی ساوا بەزمانی کوردی بانگی دایکی دەکرد. منیش بە پەشۆکاوی ژمارەی فریاکەوتنم لێدا، بەڵام کار لەکار ترازابوو، گۆران لە ناو خوێندا دەگەوزا.

کاتێک پۆلیس هاتن پرسیاریان لە گۆران کرد کە چۆن ئەم رووداوە روویداوە، بەڵام چاوەکانی لەسەر یەک نابوون و نەیتوانی هیچ بڵێ. دوای دوو رۆژ لە نەخۆشـخانە گەرامەوە مـاڵ بۆخۆشـۆردن، زەنگێکم بۆهـات لەلایەن یەکێک لە دکتۆرەکانەوەو گوتی"بە داخەوە گۆران گیانی لەدەستدا". ئێستا فاخیر بە تۆمەتی کوشتن لە زیندان دایـە و زریانیش دوای مانگێک بە هەمان تۆمـەت لە وڵاتی یۆنان دەسـتگیرکرا. لاشـەی گۆرانیان بردەوە کوردستانی عێراق. ئێستا گۆڕێکیش نییە بچم لەسـەری بگریم و ناتوانم بە بێ ئەو بژیم.

پێیانگوتم فاخیرو زریان لە دادگا گوتوویانە کە ئەوان دەسـتیان لەو تاوانەدا نەبووە، بۆیە خۆم بۆنەگیراو کاسێتی رۆژی کوشتن وئاهەنگەکەم نیشانی دادگا دا کە ئەوان چۆن دەستیان لەکوشتنی گۆراندا هەبووە. زریان و فاخیر ئەو دوو ترسنۆکانەن کە بە حەوت و شەش مانگ سزای زیندان زیندانیکراون و پا شـا نیش رەوانـەی وڵاتەکەیـان دەکرێنەوە. پاش دوو مانگ پۆلیس کاسـێتی ڤیدیۆکەیان دامەوە کە دواساتە خۆشـەکانی ژیانمـان بـوون، لـە گەڵ گۆران، بەڵام ئێستا ناتوانم سەیری بکەم! هیواخـوازم رۆژێک سـەردانی گۆڕەکەی بکەم لە کوردسـتانی عێراق و، پێی بڵێم خۆشەویستەکەم تۆ هەمیشە گۆرانی لە نێو دڵمدا دەڵێی.



گۆران لە ئەلبوومی یادگارییەکانی جیما کرۆنیش دا



> **هیواخوازم رۆژێک سەردانی گۆڕەکەی بکەم لە کوردستانی عێراق و، پێی بڵێم خۆشەویستەکەم تۆ هەمیشە گۆرانی لەنێو دڵمدا دەڵێی**
>
> جیما کرۆنیش



## ب 500 دۆلاران و بێ پاسپۆرت و ڤیزە

# ل کوردستانێ سیاربـــوو و ل ئەڵمانیا دابەزی

**رووداو- ئەڵمانیا**

ل دەسـپێکا ڤێ مەهێ، کچەکا 18 سالی یا خەلکا باشوورێ کوردستانێ، ب بێ پاسپۆرت و ڤیزە و بێ پرس و بەرسڤ ژ خالێن پشکنین و کۆنترۆلێ یێن کوردستانێ دەربازبوو و گەهشتە ئەڵمانیا.

بەریا چەنـد رۆژان ئافرەتێن بازاری دهۆکێ دەسـت ب کۆمکرنا ئیمزایان کرن ژ بـۆ دیارکرنا نەرازیبوونا خوە ل دژی رێڤەبەریا گشـتییا پاسپۆرت و رەگەزنامەیـا عێراقی کو بڕیار دایە پاسـپۆرتێ ژ ژنان رە چێنەکەن بێی رازیبوونـا هەڤژین یـان ئەندامەکێ نێـر یێ مالباتا وێ. لـێ دیارە ژ بۆ دەرکەتنـێ ژ کوردسـتان و عێراقێ هندەک ژنان پێویستی ب پاسپۆرت و ڤیزەیان ژێ نینە. وەک دەزگرا "ز.س" یێ 25 سـالی کو بەریا دوو هەفتیان هاتییە ئەڵمانیا.

ف.س، پیاوەکێ 50سالییە و خزمێ وێ مالباتێ یە. وی چیرۆکا هاتنا وێ کچکا هەژدە سـالی ژ مە را ڤەگێرا و گۆت"دگەل دەستپێکرنا بهێنڤەدنا هاڤینێ، خزمەکێ مە کو رەگەزنامەیا ئەڵمانـی هەیە و ل ئەڵمانیـا دژیت. دگـەل هەڤژین و زارۆکێـن خوە قەسـتا کوردسـتانێ کـرن. دەما زڤرینـێ وی خزمێ مە برازایەکا خوە ژی دگەل خوە ئینا ئەڵمانیـا". ئەو پیاوە رازی نەبوو کـو رازینەبـوو هو ر د ە کا ر ییـن دەربازکرنا وێ کچکێ بهێنـە بەلاڤکـرن، گۆت"وی خزمێ مە ب رەگەزنامەیا ئەڵمانی یا کچا خوە، برازایا خوە ژ خالێن کۆنترۆلی یێن کوردستانێ دەربازکر. هەڵبەت پێش وەخت وی پەیوەندی و هەماهەنگی دگـەل فەرمانبەر و پۆلیسـێن کۆنترۆلا پاسـپۆرتان کربوو و نێزیکی پێنج سەت دۆلار ژێ دابوونـە یەکـێ ژ وان داکو کارئاسـانیێ بۆ وان بکەت و دەما گەهشتینە ئەڵمانیا ژی هیچ کۆنترۆل نەبـوو، چونکی ب خـوە ئەڵمانن".

وی پیاوی هەروەسـا ئاماژە ب چەند حالەتێن دی ژی دا کو دڤێ هاڤینێ دا ب هەمان شێوە هاتینە ئەڵمانیا. لێ هیچ زانیارییەک دەربارەی وان نەدان. ئەڤە نێزیکی سالەکێیە ئەوکچا هەژدە سالی دگەل پسمامێ خوە یێ کو ل ئەڵمانیا دژیت د دەزگرییێ دایە. لێ ژ بەرکو مەرجێن ئینانا ژنێ بۆ ئەڵمانیا گەلەک د سەختن و رێکێن قاچاخ ژی پر بها و ب ترسن. لەوما دەزگرێ وێ نەدشیا وێ بینیت. ئەڤجا نەچاربوون ب ڤێ رێکێ وێ دەربازبکەن. (س.ب) مرۆڤەکێ رەوشەنبیرە و ئاگاداری ڤێ مەسەلەیێ یە و دبێژیت "ئەگەر ئەم ب چاڤەکێ مرۆڤایەتی تەماشەی ڤێ مەسەلێ بکەین، دێ بێژین وان کارمەند و پۆلیسێن پاسـپۆرتان یێن کو رێ دانە وێ کچا هەژدە سالی دەربازببیت و بهێتە ئەڵمانیا و بگەهیتە دەزگیرانێ خوە، کارەکێ هێژا یێ کری. لێ دەما ئەم کوور بچینە دناڤ مەسـەلەیێ دا و بزانیـن کو وان ئـەڤ کارە ل بەرامبەر پێنج سـەد دۆلاران کرییە. وێ دەمێ دڤێت ئەم بترسن، چونکی ئـەو کارمەندێ ئەڤـرۆ ل بەرامبەر پارەیەکێ کێـم مرۆڤان دەربازبکەت، سـوبە ل بەرامبەر پارەیەکێ زۆر دێ کەرەستەیێن بێهۆشکەر و تیرۆرستان ژی دەربازی ئاخا کوردستانێ کەت. ئەڤجا دڤێت حکومەت یا ئاگەهداری سەرپێچکەرێن یاسایێ بیت و دەهمان دەمێدا ئاسـانکاریێ ژی بۆ کەسێن پێویست بکەت".

■ فازل میرانی، سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان، کە بەشداریکی سەرەکی کۆبوونەوەو رووداوە هەستیارەکانی سەرکردایەتی کوردستانە، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) وەڵامی چەند پرسیارێکی تایبەت بە کاروباری پ د ک و رەوشی نێوخۆی کوردستان و ناوچە دابڕاوەکان و عێراق دەداتەوە.

رووداو- هەولێر

## فازل میرانی، سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان:

# ئێمەو یەکێتی رێککەوتووین ئەو حکومەتە تا هەڵبژاردنی 2009 بە سەرۆکایەتی کاک نێچیرڤان بەردەوامبێ

**رووداو: کۆنگرەی پارتی زۆر دواکەوت، تۆ وەک سکرتێری مەکتەبی سیاسی لەگەڵ ئەو دواکەوتنەی؟**

**فازل میرانی:** کۆنگرەی پارتی راستە بەپێی پەیرەوی ناوخۆی حزب دواکەوت و، من خۆم لەگەڵ ئەوەدام کۆنگرەکانی حزب لە کاتی دیاریکراوی ناو پەیرەودا ببەسترێن، بەڵام ئەم مەسەلەیە دید و خواستی تاک نییە، پەیوەندی بە بارودۆخی کوردستان و عێراق و حزبەوە هەیە. ئەگەر تەماشای بارودۆخی عێراق و کوردستان بکەین لە دوای کۆنگرەی 12، دەبینین حزب و سەرۆک و سەرکردایەتی مەشغولی هەندێک ئەرکی نیشتمانی بوونە بۆ بەرژەوەندی کورد و کوردستان کە خۆی لەخۆیدا لە ئەرکەکانی حزبدا هاتوون کە خەباتیان بۆ بکات، ئەگینا بڕیاری بەستنی کۆنگرە لەلایەن کۆمیتەی ناوەندییەوە دراوە و جەنابی سەرۆک بارزانی خۆی زۆرجار ئاماژەی پێکردووە، مەسەلەی کاتە، بە ئومێدی ئەوەی لە سەرەتای ساڵی 2009 ببەسترێت، ئەگەر بارودۆخ گۆڕانی بەسەردا نەیێت.

**رووداو: وەک بەرپرسی لقێکی پارتی دەڵێن پارتی لە پرۆگرامەکەیدا ئێستاش داوای رووخاندنی رژێم دەکات، بۆ ئەو قۆناخە پێویست نییە پارتی کارنامەیەکی نوێکۆیی لە کۆنگرەدا دابڕێژێ؟**

**فازل میرانی:** بەڵێ راستە زۆر شتی گرنگ کە لە بەرنامەی حزبدا لە کۆنگرەی 12 بڕیاریان لەسەر دراوە، بەدیهاتوون و لە هەموویان گرنگتر نەهێڵانی رژێمی دیکتاتۆری عێراق بوو کە ئامانجێکی ستراتیژی پارتیمان بووەو پارتی رۆڵی بەرچاوی بینی لە ئۆپۆزسیۆنی عێراقی و کۆنگرە و بڕیارەکانیدا و تەنانەت میوانداری دوایین کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی کرد هەر ماوەیەکی کەم پێش رووخانی رژێم، هەروەها بەشداریی لە پرۆسەی ئازادی عێراقیشدا کرد. بەڵام پێویستە ئەوەش بگوترێ کە هێشتا هەندێک بڕگە لە کارنامەی حزبدا ماون بۆ جێبەجێکردن و لە کۆنگرەی داهاتوو حزب خۆی ئامادەکردووە کارنامەی تازە دابڕێژێ کە لەگەڵ باری تازە پێشهاتووی عێراق، کوردستان و خودی حزبیش بگونجێ لە بواری سیاسی، جڤاکی (کۆمەڵایەتی)، ئابووری. هتد. پارتیمان هەمیشە لەسەر ئەم شێوەیە خۆی رێکخستووە، لە کۆنگرەیەکەوە تا کۆنگرەیەکی دیکە.

**رووداو: بەڕای ئێوە پارتی توانیویەتی زیانی 1ی شوبات بە هێنانەپێشی کادیرە گەنجەکان پڕ بکاتەوە؟**

**فازل میرانی:** پارتیمان خاوەن مێژوویەکی درێژە لە خەباتی سیاسی و شۆڕشگێڕیدا و خاوەن ئەزموونێکی دەوڵەمەندە، چونکە پێکهاتەی لە رووی قاعیدەی جەماوەری و سەرکردایەتیشی لە هەموو چین و توێژەکانی خەڵکی کوردستان پێکهاتووە، بۆیە هەمیشە بە گەرمی هەموو رووداوە خۆش و ناخۆشەکانی دیوە، ئەوەی لە 1ی شوبات روویدا کەم هێزی سیاسی ئەمڕۆ توانای ئەوەیان هەیە بەرگەی بگرن، چونکە ئەو زیانە گەورەیەی بە پارتی کەوت ئێجگار قورس بوو، زۆربەی هەرە زۆری شەهیدەکانمان ئەندامی سەرکردایەتی حزب بوون، کادری ریزی پێشەوەی حزب و ئیدارە بوون. لێرەدا سەری رێز و نەوازش لە هەمبەریان دادەنوێنم، بەڵام هەروەک پێشتر گوتم پارتییەکی تەمەن درێژ، خاوەن جەماوەر، خاوەن ئەزموون، خاوەن رێبازی بارزانی نەمر، توانی ئەم بۆشاییە بەرە بەرە پڕ بکاتەوە، هەرچەندە ئێستاش جێگایان دیارە لە ناو دڵ و دەروونمان و ئەو شوێنانەی کە کاریان تێدا دەکرد، بەڵام کاری ئەم حزبە هیچ کاتێک نەوەستاوە و ناشوەستێ. ئەمڕۆ پۆلێک گەنجی لێهاتوومان لە حزب، حکومەت و پەرلەماندا کار دەکەن و زۆریشیان لە کۆنگرەی داهاتوودا بە لێهاتوویی و بە ئەزموون دەتوانن ببنە ئەندامی سەرکردایەتی حزب، ئێمەش لە سەرکردایەتی ئێستا هەر بۆ ئەوە کارمان کردووە و کاریشی بۆ دەکەین، چونکە بە کورتی و بە کوردی پارتی پێگەی پێگەیاندنی سەرکردەکانە بۆ کورد و کوردستان. هەر واش بووە.

**رووداو: زۆر گفتوگۆ لەنێوان پارتی و یەکێتی لەبارەی کابینەی شەشەمی حکومەت کران، دوای ئەوەی سەرنجی هەموو خەڵک لەسەر پێکهێنانی کابینەی تازە بوو، گفتوگۆکان بەبێ روونکردنەوەدانێک بۆ خەڵک، وەستان. هۆی چیبوو ئەو گفتوگۆیانە وەستان و کابینەی شەشەم پێکنەهات؟**

**فازل میرانی:** بەڵێ راستە کۆبوونەوەی زۆرمان ئەنجامدان لەگەڵ برایانی ی.ن.ک سەبارەت بە رەوشی حکومەت، بەڵام کۆبوونەوەکان بەبێ ئەنجام نەوەستان، بەڵکو ئەنجامی دوایی ئەوەبوو لە هەردوو لامان بیرۆکەیەک هاتە کایەوە، ئەویش بەردەوامبوونی ئەو حکومەتە بە سەرۆکایەتی بەڕێز کاک نێچیرڤان بارزانی تا هەڵبژاردنی ساڵی 2009 کە پەرلەمانی کوردستان دوا بڕیار لەسەر کاتەکەی دەدات، یەکخستنەوەی وەزارەتەکانی دارایی، پێشمەرگە، ناوخۆ یەک دوو جزئی و جەنابی سەرۆک بارزانی کە سەرۆکی هەرێمیشە خۆی سەرپەرشتی پرۆسەی یەکخستنی ئەم وەزارەتانە دەکات. ئەو بڕیارەش بەهۆی ئەوەبوو چونکە ئەم حکومەتە بەرنامەی خۆی دارشتووە، هەر وەزارەتێک میزانییە و پرۆژەو پەیوەندی خۆی هەیە، زۆریش نەماوە بۆ هەڵبژاردنەکان، کەواتە بۆ ئەوەی کات بە فیرۆ نەڕوات، لەبەرئەوەی بەهۆی مەشغولبوون بە تێکەڵکردنی وەزارەتەکان و دانانی یاسای تازەی وەزارەتەکان و بردنی بۆ پەرلەمان و ئینجا دانانی وەزیر و ستافی تازە، حکومەت ناتوانێ کار بکات تا هەڵبژاردنەکان و ئەمەش لە بەرژەوەند نەبینرا و لە بەرژەوەند نییە. پێویستە ئەوەش بڵێم کە لەناو هەردوولاشماندا بیرۆکەیەک هەبوو پشتگیری لە بچووککردنی حکومەت و راگەیاندنی کابینەیەکی تازە دەکرد، بەڵام زۆرینەی هەردوولامان ئەوەیتریانی پەسەند کرد لە کۆبوونەوەی هاوبەشدا و ئەوەش بووە بڕیاری کۆتایی.

**رووداو: ئایا بڕیاری تازەی یەکخستنەوەی هەرسێ وەزارەتی پێشمەرگە، دارایی، ناوخۆ بەهۆی فشاری کێشەکانی بەغدا بوو؟**

> **لە کودەتای 22ی تەممووزدا ئەگەر سەرۆک بارزانی فریا نەکەوتبا کورد تووشی گرفتێکی یاسایی دەبوو**



**فازل میرانی:** بۆ یەکخستنی ئەو وەزارەتانە لێژنەیەک لە هەردوولا پێکهاتووە بە سەرپەرشتی جەنابی سەرۆک بارزانی، ئەم یەکخستنەش لە ئەنجامی فشاری هیچ لایەک نییە، بەڵکو بەرژەوەندی کوردستانە و قەناعەتی تەواوی هەموو لایەکمانە.

**رووداو: دوای یەکخستنەوەی وەزارەتی پێشمەرگە، پێشمەرگەیەکی پارتی خەڵکی دهۆک دەچێ بۆ سلێمانی و پێشمەرگەی یەکێتی لە چەمچەماڵ دێت بۆ هەولێر؟**

**فازل میرانی:** بەڵێ پێش یەکخستنی وەزارەتی پێشمەرگەش، پێشمەرگە لە سلێمانییەوە دەتوانێ لە موسڵ و دهۆک ئەرک ببینێ، هەروەها پێشمەرگە لە دهۆکەوەش دەتوانێ بچێتە سلێمانی و خانەقین ئەرکی فەرمی خۆی ئەنجامبدات، ئەویش بە حوکمی بەرژەوەندی کوردستان و هەماهەنگی لە نێوان هەردوولا، بەڵام پاش یەکخستنی وەزارەتەکان ئەو کارە زۆر ئاسایی و ئاسانتر دەبێت، چونکە ئەوسا هێزی پێشمەرگە یەک وەزیر و رەئیس ئەرکانی دەبێت لەژێر فەرماندەیی گشتیی جەنابی سەرۆکی هەرێم. هەروەها بە نسبەت پۆلیسەوەش.

**رووداو: پارتی و یەکێتی لە زۆر رووەوە یەکهەڵوێستی نیشاندەدەن، ئەوەش جێی رەزامەندی خەڵکە، بەڵام هەمیشە هەواڵی دژایەتییەکی شاراوەو نیمچە ئاشکراش هەیە لە خوارەوە، بۆچی ئەوە لە دژایەتییەوە نەبووەتە ململانێیەکی سیاسی ئاشتیانە؟**

**فازل میرانی:** راستە ئیتیفاقی ستراتیژیمان کردووە و کاریشی پێدەکەین، لەمەسەلە چارەنووسسازەکاندا یەک هەڵوێستین، بەڵام لە خوارێ لە رێکخستنەکان ململانێ هەیە، ئەویش بە بەسەرچوونی کات چارەسەر دەکرێ، بەگەڕخستنی سەرکردایەتی هاوبەشی گشتی و لێژنە هاوبەشەکانی پارێزگاکان، هەروەها بەرزکردنەوەی ئاستی تێگەیشتنی کادیرەکانی هەردوولا لە گرنگی ئەم قۆناغەی خەباتی کوردە، هەردوو حزب، ئەوەش لەسەری خۆیان دەربێنن کە خەڵک لەیەکتر بدزن، لە کاتێکدا بە هەزاران گەنجی کچ و کوڕی بێلایەن هەن کە دەبێ لەسەر بیری ئەوان کار بکەن، ئەگەر ئەمەمان ئەنجامدا ئەوا ئەو گرفتە لە بنەڕتدا نامێنێ و هەنگاوێکی باش لە کلتووری دیموکراسی و بیری ئازاد نزیک دەبینەوە بەرەو پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی، ئەگینا هەر ئەسیری دروشم دەبین و گرفتەکانیش یەخەمان بەرنادەن.

**رووداو: موسڵ بەپێی بەڵگەنامەکانی کۆمەڵەی گەلان و زۆر بەڵگەنامەی دیکەی جوگرافی و مێژوویی کوردستانە، سەرکردایەتی کورد باسی موسڵ ناکات بۆچی، ئایا ئێوە موسڵ بەشارێکی کوردستانی نازانن؟**

**فازل میرانی:** شاری موسڵ جاران ویلایەتی موسڵ بووە، بەڵام ناکرێ بە شارێکی کوردستانی ناوی ببەین لەبەر کۆمەڵێک هۆ کە هەر هەموویان لە بەرژەوەندی سیاسی ئەمڕۆی کورد دا نییە، بەڵام رێژەیەکی زۆر لە پێکهاتەی موسڵ کوردە لە شەنگار، زوممار، بەعشیقە و ناو شاری موسڵیش.

**رووداو: ماوەی مادەی 58 و 140 وەک ماوە چوار ساڵییەکەی 1970 تەوابوون، پێتانوایە ناوچە دابڕاوەکان بە بڕیاری سیاسی یاخود بە مادەی یاسایی و بەئاشتی وگفتوگۆ دەگەڕێنەوە؟**

**فازل میرانی:** مادەی 58 لە دەستووردا تەواو بوو، بەڵام 140ی دەستوور وەکو چوار ساڵی 1970 نییە، دەستووری عێراق هەمیشەییە و 140 ماددەیەکی گرنگە لە دەستوور، نەک تەنها بۆ کورد و کەرکووک، بەڵکو بۆ هەموو عێراق. میدیاکان وایان لە رای گشتی ناوەوە و دەرەوە گەیاندووە کە مادەی 140 تەنها مادەیەکە بۆ کەرکووک و کورد، کەچی زۆر گرفتی عێراق لە رومادی (ئەنبار) کەربەلا، موسڵ، تکریت، دیالە، بەغدا ...هتد، بە مادەی 140 چارەسەر دەکرێن.

**رووداو: دوای رووخانی رژێم کاک مەسعود بارزانی هەڵوێستی ئەوەبوو گفتوگۆ لەسەر کوردستانێتی کەرکووک قبوڵ ناکەن، بەڵام هەڵوێستی سەرکردایەی کورد هەمووی وانەبوو، پێتوانییە دەبوایە کورد پێداگیری لەسەر ئەو هەڵوێستە بکات لەوکاتی عێراقدا وکێشەکە یەکلایی بکراباوە، نەک بە فێڵی مادەی یاسایی دوابخرابا؟**

**فازل میرانی:** بەڵێ بەو پێداگرتنەی سەرۆک بارزانی و سەرکردایەتی سیاسی کوردستان هەم مادەی 58 و، هەم مادەی 140 بە دیکۆمێنت بوونە یاسا، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین دانووستاندن لە سیاسەتدا پێویستە. مەسەلەی کەرکووک تەنها نێوخۆیی نییە، بەڵکو دەوڵەتە ئیقلیمییەکان، ئەمەریکا و ئینگلیزیش بە شێوەیەک لە شێوەکان لایەنێکن لەو مەسەلەیە، بۆیە وا درێژخایەن بووە، هیچ کەسێک نکوڵی لە کوردستانیبوونی کەرکووک ناکات بەپێی مەنتیق، دەبێ ئەم مەسەلەیە لەلایەن پێکهاتەی سیاسی عێراقییەوە چارەسەر بکرێت، کە بەدیدی من ئەوە کارێکی ئاسان نییە، بەڵام موستەحیلیش نییە و دەبێ خەباتێکی زانستیانەی بۆ بکەین ورانەکێشرێ بۆ خواستی دوژمنان و ناحەزانمان.

**رووداو: لە 2003 پێشمەرگە بۆ رزگارکردنی کەرکووک چووە ناو کەرکووک، پێتوانییە کشانەوەی هەڵەبوو؟**

**فازل میرانی:** راستە لە 2003 کورد چووە ناو کەرکووک و ئازادی کرد، بەڵام لەبیرمان نەچێ ئەمریکا و هێزەکانی فرەرەگەز وەکو داگیرکەر هاتبوونە عێراق بەبێ بڕیارێکی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، ئەوان ئەوسا رازی نەدەبوون بێجگە لە هێزەکانیان هیچ هێزێکی چەکداری هەبن. نەدەکرا سەرکرایەتی سیاسی کوردیش دژی بڕیارەکانی ئەمەریکا هەڵوێست وەربگرێت، چونکە ئەوان بەرپرس بوون لە دۆسییەی ئەمنی عێراق دوای رووخانی رژێم و تا ئێستاش هەر ئەوانن و بە شێکی زۆر لە گرفتی کەرکووک ئەوان و ئینگلیز بەرپرسن لێی.

**رووداو: سەرکردایەتی کوردستان چ ئەجێندایەکی رێککەوتن لەسەر کراوی سیاسی هەیە، جگە لە مادەی 140 بۆ چارەسەری کێشەی کەرکووک؟**

**فازل میرانی:** لە هەموو وڵاتێکی دەستووریدا پاش رێککەوتن لەسەر دەستوور، ئەوەی لە دەستووەدا هاتووە دەبێ بە یاسای جیاجیا بۆ بوارە جیاجیاکانی حوکمرانی، لەو دەستوورەشدا عێراقییەکان بە گشتی و کورد بە تایبەتی مافەکانی تێدا مسۆگەر کراوە، بەڵام پابەندبوونی دەسەڵاتەکان بە دەستوورەکانیان،ئەوەیە مەرجی جێبەجێکردنی ئەو رێککەوتنانە. عێراقیش وڵاتێکی فرە نەتەوە، فرە دین و مەزهەبە، ئەجێندای تێکەڵاوی تێدایە، بۆیە هەم لە پەرلەمان و هەم لە حکومەتدا لەم گێژاوەدا دەژی.

**رووداو: رژێم کاتی خۆی پێش تەعریبی چڕ، کەرکووکی لە رووی جوگرافییەوە لە کوردستان دابڕی، پێتانوانییە بۆ گەڕانەوەشی دەبوایە پێداگیری لەسەر گەڕانەوەی جوگرافی بکرابا نەک ناردنەوەی عەرەبی هاوردە، بەتایبەتیش کە رۆژئاواییەکان بەتایبەتی ئەمریکییەکان لەو میکانیزمە تێناگەن یان نایانەوێ لێی تێبگەن؟**

**فازل میرانی:** زۆر بە روونی لە دەستور و ماددەی 140 دا هاتووە، کە ئەو شوێنانەی گۆڕانکاری دیمۆگرافی و جوگرافیان تێدا کراوە، دەبێ یەکەمجار ئاسایی بکرێنەوە بە گەڕانەوەی هەریەکەو بۆ شوێنی پێشووی خۆی و قەرەبووکردنەوەی، پاشان ئەو ناوچانەی بە بڕیاری رژێمی پێشوو لە پارێزگاکان دابڕاون بگەڕێنەوە بۆ سەر ئەو شوێنانە، پاشان سەرژمێری بکرێ و ئینجاش ریفراندۆم. لەبەر ئەم راستییە یاساییانە خۆم لە 2005 وە لەگەڵ ئەوەدا بووم کە کار لەسەر گەڕانەوەی ئەو قەزاو ناحیانە بکەین بۆ سەر کەرکووک کە لێی دابڕێندراون، ئەمە خۆی لە خۆیدا مسۆگەرکردنی زۆرینەی کوردە لە کەرکووک بەبێ هیچ رکابەرییەک، بەڵام بەداخەوە ئەمە نەکرا، ئەویش لەبەر ئەوەی دەبێ ئەم بڕیارە لەلایەن هەیئەی سەرۆکایەتی کۆمارەوە بەیەکدەنگی (اجماع) بدرێ، کە بەداخەوە ئەویش نەدەکرا لەبەر خودی پێکهاتەی هەیئەی سەرۆکایەتی (کورد، شیعە، سوننە) .بەدیدی من ئەمەریکاییەکان

> **لە 2005وە لەگەڵ ئەوەدابووم کار لەسەر گەڕانەوەی قەزا و ناحیە دابڕاوەکانی کەرکووک بکەین، بەڵام بەداخەوە نەکرا**

بەتایبەتی سیاسییەکانیان ئەم شتەی باستان کرد باش دەزانن، بەڵام حەز ناکەن خۆیان تێبگەیێنن چونکە هەروەکو گوتم ئەوانیش لایەنێکن لە کێشەکە و ئەجێندای خۆیان هەیە.

**رووداو: ئێستا هەندێ دەنگ لە ناو کورد پەیدابوون بەتایبەتیش لەلایەن هەندێ رۆشنبیر، کە هەندێکیان لە یەکێتییەوە نزیکن داوا دەکەن کورد نەرمی بنوێنێ لە پرسی کەرکووک وتەنانەت داوای ئەوە دەکەن کەرکوک بکرێتە هەرێمێکی سەربەخۆ و دەڵێن کورد چ زەرەر دەکا لەوە، رای ئێوە لەوبارەوە چییە؟**

**فازل میرانی:** بیروبۆچوونی زۆر جیاواز هەیە لەسەر کەرکووک، رێزم هەیە بۆ خاوەن ئەو بیروبۆچوونانە، منیش بیروبۆچوونی خۆمم هەیە، بەڵام دەبێ ئەم هەموو بیر و بۆچوونانە لەلایەن سەرکردایەتی سیاسییەوە بخرێنە بەر دیراسەتکردن و گەڵاڵە بکرێن و یەک بۆچوونی ئازایانەیان لێ دەربهێندرێ و بنێردرێتە پەرلەمان و بە ریفراندۆمێک رای میللەتی لەسەر وەربگیرێ، ئینجا بکرێ بە ستراتیژییەت و خەباتی هەمەرەنگی لە پێناودا بکرێ بەپێی هەلومەرج.

**رووداو: جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان کۆسرەت رەسول لەکاتی سەردانیدا بەهاوڕێیی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ کەرکووک، گوتی "جێبەجێنەکردن و هەڵوەشاندنەوەی مادەی 140 واتە تێکدانی نیزامی سیاسی ئێستای عێراق". ئەوە تەنیا دووبارەکردنەوەی بڕگەیەکی دیباجەی دەستوری عێراقە یاخود بڕیارێکی سیاسی سەرکردایەتی کوردستانە؟**

**فازل میرانی:** من ناتوانم تەفسیری قسەکانی بەڕێز جێگری سەرۆکی هەرێم بکەم و، دەکرێ ئەم پرسیارە ئاراستەی جەنابی بکەن، بەڵام ئەوەی شاراوە نییە دەستوور و یاسای بنچینەیی وڵاتەکەمان، لە یەکتر جیاناکرێتەوە بەبێ خواستی پێکهاتە سیاسی و نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبییەکان. خودی دەستوور میکانیزمی بۆ هەر گۆڕینێکی داناوە و ئەگەر هاتوو لایەنێک یاخود چەند لایەنێک ئەم بیرکردنەوەیان هەبوو لەسەر حسابی لایەنێک یان چەند لایەنێکی دیکە، ئەوا دەستوور نامێنێ و ئەو پابەندبوونەش پێی نامێنێ و سیستمی عێراق و پرۆسەی سیاسی تێکدەچێ.

**رووداو: یاسای ئەنجوومەنی پارێزگاکان لە عێراق لەلایەن سەرکردایەتی کوردستان بە "کودەتا لەسەر دەستور" وەسفکرا، بەڕێزتان لەو بڕوایەدان دەستوور لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەگشتی و لە ناوچەیەدا بەتایبەتی بوویێتە بنچینەی پرۆسەی سیاسی و ئیداری؟**

**فازل میرانی:** بەڵێ سەرکردایەتی سیاسی کورد ئەوەی لە 2008/7/22 لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقدا روویدا بە کودەتا ناوبرد، بەڵام کودەتاکە سەرنەکەوت ئەویش بە هەوڵ و کۆششی سەرکردایەتی کوردستان بەتایبەتی سەرۆک بارزانی و سەفەری بۆ بەغدا، بەڵام ناکرێ باسی ئەوەش نەکەین کە شێوەی هەڵسوڕانی کارەکانمان بەو میکانیزمەی لە بەغدا هەمانە لەسەر ئاستی رووداوەکە نەبوو، ئەگەر جەنابی سەرۆک فریای نەکەوتبا ئێمەی کورد تووشی گرفتێکی یاسایی دەبووین کە لە هەموو گرفتێک سەختترە. هەندێک لە پێکهاتەکانی پرۆسەی سیاسی عێراق نایانەوێ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان ببێ، لەبەر مەترسی لەدەستدانی ئەو پێگەیەی ئێستا هەیانە، بۆیە هەوڵیاندا تۆپەکە فرێدەنە ناو گۆڵی کوردو وا پێشانبدەن کە کورد نایەوێ هەڵبژاردن بکرێ، بەڵام ئەوەشیان بەپێداگرتنی جەنابی سەرۆک بارزانی و خۆڕاگری بەرامبەر ئەم هەموو فشارە سیاسیی و نێودەوڵەتییە لەسەر جەنابی پوچەڵکرایەوە بۆ 2008/9/9. دەبێ ئەوەش بگوترێ کە ڤیتۆکردنی مادەی 24 لەلایەن جەنابی مام جەلال سەرۆک کۆمار و جێگرەکەی عادل عەبدولمەهدی خۆی لەخۆیدا دەستپێکی رەوکردنی یاسایی ئەو مادەیە بوو.

**رووداو: یاسای ئەنجوومەنی پارێزگاکان، کە دژی خواستەکانی کورد بوو، ئایا رەنگدانەوەی باشبوونی رەوشی ئەمنی عێراق بوو یاخود هەماهەنگی و کاری دەستەجەمعی وڵاتانی دەوروبەری عێراق بوو؟**

**فازل میرانی:** راست نییە بڵێین یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان دژی خواستی کوردە، چونکە یەکەم لە هەرێم ئێمە پابەندنین بەو یاسایە بۆ هەرسێ پارێزگاکە: سلێمانی، هەولێر، دهۆک. دووەم ئەو بەشەی پەیوەنددارە بە کەرکووکەوە، کە موافەقەتمان کرد لەسەر پێشنیاری دواخستنی کە لەلایەن UN و ئەمەریکا و پێکهاتەکانیتر پێشکەش کرابوو، هەر بۆ ئەوەبوو کە تۆمەتی ئەنجامنەدانی هەڵبژاردنەکان لە سەرتاسەری عێراق نەخرێتە ئەستۆی کوردەوە. شاراوە نییە زۆر دەست لە پشت ئەم کارەی لە 2008/7/22 ئەنجامدرا هەبوون، ئەویش بۆ دژایەتی کورد بوو.

## کۆمپانیایەکی ئەمریکی کارگەکانی کوردستان بەگەڕدەخاتەوە




ڕووداو-هەولێر

◆ کۆمپانیای کارگێڕی نێودەوڵەتی، کە کۆمپانیایەکی ئەمریکییە، هەفتەی ڕابردوو چەند شارەزاو بەپرسێکی گەیشتنە هەولێر، دوای ئەوەی لەلایەن وەزارەتی پیشەسازی و وەزارەتی کشتوکاڵی هەرێمی کوردستان پیشناری ئەوەیان بۆ کرا کە کارگە لەکار وەستاوەکانی هەرێمی کوردستان بخەنەوە کار، کۆمپانیاکە ئامادەیی خۆی نیشاندا بۆ گفتوگۆکردن بۆ گرێبەستێک لەوبارەوە، لەوچوارچێوەیەشدا سەردانی چەند کارگەیەکی لەکار وەستاوی کوردستانی کرد.

# ئابووری بێ بانک وەک دڵێکی جەڵتە لێدراوە

**ڕووداو- سلێمانی**

پسپۆڕێکی کوردی بواری بانک و بازاڕی دراو ڕایگەیاند ئەگەر حکومەتی کوردستان بخوازێ وەبەرهێنانی دەرەکی زیاتر پەرە بستێنێ، پێویستە کەرتی بانکسازیی پێشبخات و وا لە بانکە گەورەکانی جیهان بکات پشتیوانیی بانکەکانی کوردستان بکەن، بۆ دروستکردنی متمانەی هاووڵاتیانیش بەبانک پێویستە، یاسا بانکییەکانی ڕوون



ئیبراهیم میرۆ

**–لەساڵی 1978 لە ڕۆژئاوای کوردستان لەدایکبووە**
**– لە زانکۆی ئەمستردام لە هۆڵەندا ئابووریی تەواو کردووە.**
**– کارمەندی بانکی ناوەندیی هۆڵەندایە.**
**– پسپۆڕی بوارەکانی ئابووریی گشتی، ئابووریی نێودەوڵەتی، بانک و بازاڕی دراوە.**

و ئاسانکار بن و هانی بانکسازیی ئەهلی بدەن.

ئیبراهیم میرۆ، تەمەن 30 ساڵ، کارمەندی بانکی ناوەندیی هۆڵەندایە و پسپۆڕی بوارەکانی ئابووریی گشتی،ئابووریی نێودەوڵەتی، بانک و بازاڕی دراوە. میرۆ لە دیدارێکی تایبەت بە "ڕووداو"دا باسی لە هۆکارەکانی ئیفلیجیی کەرتی بانکسازیی کوردستان کرد و ڕێگە چارەکانی گێڕانەوەی متمانەی هاووڵاتیانی بەبانکەکانی حکومەت و تایبەت دەستنیشانکردن، هەروەها باسی لە ڕۆڵی بانک لە گەشەسەندنی ئابووریی وڵاتدا کرد، نەخاسمە لە وڵاتێکی وەک هۆڵەندا، وێڕای ئاماژەدان بە گرینگیی بوونی بانک لە پەرەپێدانی وەبەرهێنانی دەرەکی لەو وڵاتەدا.

میرۆ کە تا قۆناغی ئامادەیی لە شارۆچکەی دێرکی ڕۆژئاوای کوردستان (بەشە کوردستانی بندەستی سوریا) خوێندوویەتی، دوای چوونی بۆ هۆڵەندا لە زانکۆی ئەمستردام ئابووریی تەواو کردووە. باسی لە ڕۆڵی کەرتی بانکی کرد لە پێشخستنی ئابووریی هۆڵەندا و ئاماژەی بەوە کرد کە یەکەمین بۆرسە لە مێژوودا لە سەدەی شانزەمدا لە هۆڵەندا دروستبووە"هۆڵەندا وڵاتێکی بچووکە و 16 ملیۆن کەسی تێدا دەژی، بەڵام بڕی ئەو پارەیەی لە کەرتی داراییدا ئاڵوێر دەکات 500 ملیۆن یۆرۆیە". میرۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری دا لەبارەی پێشکەوتوویی بانک لە هۆڵەندا گوتی " وڵاتانی وەک ژاپۆن و چین تەکنۆلۆژیا بەدەرەوە دەفرۆشن، بەڵام وڵاتێکی وەک هۆڵەندا خزمەتگوزاریی بانکی دەفرۆشێتە دەرەوە"، هەروەها ڕایگەیاند "تەنیا 20%ی بانکەکانی هۆڵەندا لە ناو هۆڵەندا کار دەکەن و 80%یان لە دەرەوە کار دەکەن".

میرۆ ئێستا لە بانکی ناوەندیی هۆڵەندا لە دوو بواردا کار دەکات: پەرەپێدانی سیاسەتی هۆڵەندا لە بواری بانک و کۆمپانیاکانی دڵنیایی و خانەنشینی، هەروەها جێبەجێکردنی یاساکانی یەکێتیی ئەوروپا کە لە برۆکسل دەر دەچن، بۆ بازاڕی هۆڵەندا. لە بارەی کارەکانی بانکی ناوەندیی هۆڵەنداشەوە، گوتی "ئەو بانکە ناوی ڕاستەقینەی بانکی ناوەندی نییە، بەڵام کاری ناوەندی دەکات"، ڕوونیشیکردەوە کە بارەگای ئەو بانکە لە ئەمستردامە و بانکێکی حکومییە کاریشی چاودێریکردنی بازاڕی دراو و ڕەوشی بانکە تایبەتەکانە. هەروەها دەسەڵاتی دەرکردنی بڕیاری تایبەتیشی هەیە و دەتوانێ لە کاتی پێویستدا هۆشداری بداتە بانکە تایبەتەکان و سزای داراییشیان بدات.

"ئابوورییەکی بێ بانک وەک دڵی مرۆڤێک وایە کە جەڵتە لێی دابێ، نەمردووە بەڵام سستە"، ئەمە قسەی ئەو پسپۆڕە بوو لە بارەی ئەو وڵات و ناوچانەی کەرتی بانکسازییان تووشی ئیفلیجی بووە. ئەو نموونەی بانکی ING ی هۆڵەندی هێنایەوە کە سەرمایەکەی گەیشتووەتە 74 ملیار یۆرۆ و لە 24 وڵات کار دەکات و 120 هەزار کارمەندی هەیە. میرۆ دەڵێ سیاسەتمەدارانی هۆڵەندا بەو بانکە دەڵێن "ئەسپی ماڵ". بۆیە پێیوابوو سەرنەوکەوتنی بانک بێمووچەیی و ئیفلیجیی ئیداری و خەواندنی پارە و بێکاری و چەندین گیروگرفتی دیکەی کۆمەڵایەتی و ئابووریی بەدوادا دێت.

هەروەها گوتی" بۆ نموونە ئەگەر لە وڵاتێکی وەک هۆڵەندا بانک پەکی کەوتبێت، سیستەمی باج بەدروستی بەڕێوە ناچێ و حکومەت نازانێ داهاتی هاووڵاتی چەندە و چەند باجی لەسەرە، بێگومان ئەگەر سیستەمی باجیشی نەبێ 45% بودجەی حکومەت تەمومژاوی دەبێ، هەروەها کۆمپانیاکانیش ناتوانن بچنە بۆرسەوە و بۆرسەش شکست دێنێ".

بەشێوەیەکی گشتی لە کوردستان هاووڵاتی متمانەی نە بەبانکی حکومەتی هەیە و نەئەهلی. بۆ چارەسەرکردنی ئەم گرفتە ئیبراهیم میرۆ کە ماستەری لە بواری بانکسازی و بۆرسەدا لەو وڵاتە پێشکەوتووەی بانکسازیدا بەدەستهێناوە دەڵێ" تا ساڵی 1960یش تەنیا ڕێژەی 20%ی خەڵکی هۆڵەندا متمانەیان بەبانک هەبوو، 80%ی هاووڵاتیان پارەیان لە بانکدا دانەدەنا، کەچی ئێستا هەموو ژیانی خەڵک بەندە بە بانکەوە، لە هۆڵەندا ئەو بانکەی مامەڵەی لەگەڵ دەکەی، هێندەی ئەو قوتابخانەیە گرنگە کە منداڵەکانتی بۆ دەنێری، بێگومان ئەمەش بەندە بە متمانەوە، (فیم داوزمبێرخ) سەرۆکی بانکی ناوەندیی هۆڵەندی گوتی: 20 ساڵ کارمان کرد تا توانیمان ئەو متمانەیە بۆ بانک دروست بکەین". هەروەها ئەو پسپۆڕە کوردەی بواری دروستکردن و بەڕێوەبردنی بانک پێیوابوو یاسا بانکییەکانی حکومەتیش ڕۆڵێکی زۆر لە دروستکردنی ئەو متمانەیەدا دەگێڕن، میرۆ لەوبارەشەوە نموونەی بە یاسایەکی یەکێتیی ئەوروپا هێنایەوە "ئەگەر بانکێک ئیفلاس بکات، حکومەت تاوەکو بڕی 40 هەزار یۆرۆش بێخەمە، هەر ئەو یاسایە وایکردووە حکومەتیش لە ترسی ئەو قەربووە زۆر بەباشی چاودێریی ڕەوشی دارایی بانکەکان بکات و بانکەکانیش بەباشی کار بکەن، بەم شێوەیە گەشەسەندنی بازاڕی دارایی دەبێتە ئامانجی هاوبەشی هاووڵاتی و بانک و حکومەت لە یەک کاتدا".

بۆ پەرەپێدانی پرۆسەی بانکیی لە کوردستان، میرۆ سەرەتا ئاماژەی بەوەکرد کە پێویستە حکومەتی کوردستان هانی بانکسازیی ئەهلی یان تایبەت بدات، چونکە بانکی ئەهلی توانای پەرەسەندنی خێراترە و دەبێ بانکی ناوەندیی کوردستان بە هەماهەنگی لەگەڵ بانکی ناوەندیی بەغدا تەنیا کاری چاودێریکردنی ڕەوشی بانکە تایبەتەکان بێت، هەروەها چەند ڕێگەچارەیەکیشی بەگونجاو زانی بۆ ئەو مەبەستە لەوانە "بانکەکان ئاسانکار بن نەک بۆناردن و وەرگرتنی پارە لە نێوان هەولێر و سلێمانیش پارە لە هاووڵاتی وەربگرن، پێویستە کارمەندی کارای کارگێڕیی بانک لە بانکەکانی کوردستان دابنرێن، دەبێ ژمێریارەکان لە کاری ستاندەری ژمێریاری جیهانی شارەزا بن، ئەم جۆرە کارمەندەش لە زانکۆکانی کوردستان بەداخەوە دروست نابن، بۆیە پێویستە کار بۆ کردنەوەی کۆلێژێک یان بەشێکی تایبەت بۆ پێگەیاندنی کادیری بانکیی لەو شێوەیە بکرێ، هەروەها زۆر گرنگە ئەو کوردانەی هەندەران کە لە بواری بانکسازیدا کار دەکەن لە بانکەکانی کوردستان سوودیان لێ وەر بگیرێت". میرۆ ئاماژەی بەوەشکرد کە بانکە گەورەکانی جیهان لە ترسی نێوبانگی خۆیان ناوێرن بێن لە کوردستان لق بکەنەوە، چونکە کوردستان قوربانیی ڕەوشی گشتیی عێراقە و ئەگەری ئەوە هەیە ئەوانەی لە بۆرسە پشکەکانی ئەو بانکانە دەکڕن، لەبەر ئەو هۆیە بکشێنەوە، بۆیە میرۆ پێی باش بوو "لە کوردستانەوە وا لەو بانکە گەورانەی وەک HSBC یان ING ی هۆڵەندی، یاخود (سیتی بانک) بکرێ، کە پشتیوانیی تەکنیکی بانکێکی ئەهلی لە کوردستان بکەن، لەبەر هۆکاری مرۆیی، بۆ نموونە خولی ڕاهێنان بۆ کارمەندان بکەنەوە".

سیستەمێکی بانکیی چالاک یەکێکە لە کۆڵەگەکانی پێشکەوتنی وڵات، لەم بارەیەشەوە ئیبراهیم میرۆ لەوبڕوایەدایە کە بە پێشکەوتنی کەرتی بانک سیاسەتی ئابووریی حکومەت بەهێزتر دەبێت، زانکۆکانی کوردستان سوود لە داتاکانی بانک وەردەگرن، بوار و هەلی کار زیاد دەبێ، بەو شێوەیە بانکەکان دەچنە بواری وەبەرهێنان و قەرز بەپڕۆژەکان دەدەن و کاری حکومەت ئاسان دەکەن، حکومەت لەسەر بنەمای زانیارییەکانی بانک، بەگۆڕانکارییە ئابوورییەکان ئاشنا دەبێت و ستراتیژی خۆی لە ماوەیەکی کەمدا دادەڕێژێت، هەروەها هەر وڵاتێک کەرتی بانکیی کارا بێت وەبەرهێنانی بیانیش تێیدا پەرە دەستێنێ" بۆ نموونە لە چیک پاش ئەوەی بانکی ئەورووپیی لێکرایەوە وەبەرهێنانی دەرەکیی بەڕێژەی30% زیادی کرد".

لە کۆتاییدا ئەو پسپۆڕە کردنەوەی بەشێکی دڵنیایی لە بانکەکان، یاخود کاراکردنەوەی کۆمپانیاکانی دڵنیایی بەپێویست زانی بۆ هاندانی زیاتری وەبەرهێنانی دەرەکی.



**ئەگەر کوردستان کەرتی بانکسازیی پێش بخات وەبەرهێنانی بیانیشی پەرە دەستێنێ**
ئیبراهیم میرۆ پسپۆڕی بواری بانکسازی و بازاڕی دراو

## کێمبوونا ئاڤێ و گلێش پێت بووینە بەلایا سەرێ خابیری

# زەنگا مەترسیا هشکبوونا خابیرێ زاخۆ هاتە لێدان

**سامان سندی**
**ڕووداو–زاخۆ**

ڕوونشتڤانێن باژارێ زاخۆ هەڤدۆستییەکا کویر و درێژ دگەل ئاڤا خابیری هەیە، کو ژ باکوورێ کوردستانێ دهێت و دنێڤ سەنتەرێ زاخۆ را دەرباس دبە بەرەف شارێ بەغدا. لسەر لێڤێن خابیرێ زاخۆ چەندین وارگەهێن شەهیانا هاتینە چێکرن دابنە جهێ شرینترین ڕۆژێن بیک و زاڤانیا گەنجێن ڤی باژاری، لێ هشکاتیا ئەڤساڵ و زۆر بوونا گلێشی لسەر ڕووبارێ خابوور ل زاخۆ بوویە مەترسی ل سەر هەموو ڤان بەهاییێن ڤی ڕووباری بۆ خەلکێ زاخۆ.

ڕێڤەبەرێ فەرمانگەها ئاڤێ ل زاخۆ ئەندازیار عارف، د لێدوانەکێدا بۆ (ڕووداو) گۆت" ئەگەر دڤێ وەرزێ زستانێژیدا هشکاتی بەردەوامبی مەترسیەکە گەلەک مەزن هەیە کو خابیرێ زاخۆیێ هشک ببیت و ئاڤ لێ نەمینیت، نها ژی ئەم ڤێ زەنگا هان لێددەین".

سەدان ڕووبارێن بچووک و کانی ئەڤساڵ ل کوردستانێ ل ئەگەرێ کێم بارانیێ و هشکاتیێ هشکبوونە و زۆر جهێن وەک تاڤگەیا گەلی عەلی بەگ و جوندیان ل پارێزگەها بێ گەشتیار بوونە، ل ئەگەرێ هشکبوونا ئاڤا وان هاڤینگەهان و، شەڕێن جوتیاران ل سەر ئاڤێ زێدەبوونە. حکومەتا هەرێما کوردستانێ سالا 2008 وەکە سالا هشکاتیێ دا ناساندن و 120 ملیۆن دۆلار بۆ هەرسێ پارێزگەهێن هەولێر و سلێمانی و دهوکێ هاتینە تەرخانکردن ژبۆی ڕووبەڕووبوونا ڤێ هشکەساڵیێ.

ڕووبارێ خابیری،کو پڕانیا هەڵبەستڤان و هونەرمەندێن ڤی باژاری هەڵبەست و ستران هەر ژ کەڤندا لسەر ڤەهاندین و خابیری ژی ب دەنگێن پێلێن خوەیێن ب هێز هەڵبەست و سترانێن وان تەمام دکرن، ئیرۆ لاڤە لاڤا وییە ژ هشکاتیێ و وان پیساتی و پاشماییێن ژ لایێ هاوولاتییێن ئەڤرۆ یێن باژارێ زاخۆ، یێن کو ئەڤ هێمایێ جوان د مێژوویا زاخۆ دا کرینە سەرگیفەکێ خوە.

خابیرێ زاخۆ بتنێ، ڕووبارێ دیجلە ب 1،6000000 مەترێن سێجا تژە دکە و ئەڤ خابیرێ هان یێ کو ب سەدان کەس ژیانا خوە ل سەر دەرباس دکەن ڕاستی مەترسییەکا مەزن هاتییە کو ئەڤڕۆ دبە سەدەمێ تێکدانا ڕەوشا ژینگەهێ و دەرئێخستنا هن نەخوەشییێن ترسناک، ژبەر کێبوونا ئاڤا وی و پیسبوونا وی.

ل دۆر چەوانیا ڤەدیتنا ڕێیەکێ بۆ پاقژکرنا خابیرێ زاخۆ، ڕێکخرا فەرەشین یا پاراستنا ژینگەهێ ل باژارێ زاخۆ ل مەها خزیرانا دەرباس بوویدا کۆنفرانسەکا تایبەت ل دۆر خابیرێ زاخۆ گرێدا، دڤێ کۆنفرانسێدا چەند ڤەکۆلینەک سەبارەت چەوانیا جوانکرن و پاقژکرنا خابیرێ زاخۆ هاتن پێشکێشکرن.

بەرپرسێ ڤێ ڕێکخراوێ سەعید حەجی سدیق دبێژە، هاوولاتیێن باژارێ زاخۆ ئاڤا خابیری وەکە ژێدەرێ سەرەکی یێ ژیانا خوە دبینن و بۆ چاندنا بێتر ژ ١٠ هزار دونمێن ئەردی مفایێ ژێ وەردگرن، هەروەها بۆ چەندین پرۆژێن دن ژێ.

حەجی سدیق، د درێژیا لێدوانا خوەدا بۆ (ڕووداو) گۆت " جهێ داخێیە خابیرێ زاخۆ نها گەلەک پیس بوویە و مەترسیا وێ ئێکێ ژی هەیە کو نەخوەشیێن ترسناک بۆ هاوولاتییێن زاخۆ ژێ دەرکەڤن، ل دۆر ڤێ چەندێ مە نڤێسینەک بەرهەڤکریە کو بدەینە باژێرڤانیا زاخۆ، داکو چارەیەکە بلەز بۆ ببینن".

لێ باژێرڤانیا زاخۆ دبێژە وا چ پێوەندی ب پاقژکرنا ڕووبارێ خابوور نەمایە.

محسن تەها سەروکێ باژێرڤانیا زاخۆ، ل سەر ڤێ چەندێ د داخویانییەکێدا بۆ (ڕووداو) گۆت " چ ئەلەقەتا مە ب پاقژکرنا زاخۆیێ بگشتی نەمایە، چمکو مە پرۆتۆکۆلەک دگەل کۆمپانیا ئەرتوش بۆ دەمێ سێ سالان مۆرکرییە و ئەرکێ پاقژیا باژاری ب وان ڕە گردایە و پاقژکرنا خابیرێ زاخۆژی د چارچوڤێ ڤێ پرۆتۆکۆلا هان دایە".

عەزیز کۆچەر خودانێ کۆمپانیا ئەرتوش، گازندە ل هاووڵاتیان کر کو بەردەوام گلێشی دکەنە خابووری دا و د داخویانییەکێدا بۆ (ڕووداو) گۆت "کۆمپانیا مە دەست ب هەوەکە پاقژکرنا خابیرێ زاخۆیێ کر و 80% ئەو پیساتی هاتە پاقژکرن، لێ مخابن خەلکێ ڤی باژاری جارەکا دن گلێش و پاشماییێن خوە دهاڤێژن ناڤ خابیری دا"، هەروەسا وان بڕیار دا کو هەوەکا دیکەیا پاقژکرنا خابیری دەست پێ بکەنەڤە.

**مفا و مەترسیێن خابیرێ زاخۆ**

**– 10 هزار دۆنمێن زەڤیێن چاندنێ ل دەڤەرا زاخۆ ئاڤددەت.**
**–ژێدەرێ سەرەکیێ ئاڤا ڤەخوارنا باژارێ زاخۆیە.**
**–بوویە جهەکێ گوزاری و داهاتێ ژیانا سەدان خێزانا دابین دکەت.**
**–زۆربوونا گلێشی لسەر خابیری مەترسیا بەلاڤبوونا نەخوەشیێن ترسناک دناڤ ڕوونشتڤانێن زاخۆدا چێکرییە.**
**–ئەگەر سالا بهێت هشکەساڵی بەردەوامبیت، خابیر دێ هشک بیت.**



ئاڤا کێمبوویا خابوورێ زاخۆ تژی گلێش بووە (فۆتۆ:ڕووداو)



## سەعدەدین ئیبراهیم دۆستی کورد و دوژمنی ژمارە 1 ی بنەماڵەی حوسنی موبارەک

تایبەت بە ڕووداو

سەعدەدین ئیبراهیم، تەمەنی 69 ساڵە، بەڵام کە دەیبینی پیرتر لەو تەمەنە دێتە پێش چاو، بەهۆی ئەو ئەشکەنجە زۆرەی لە زیندانی میسردا کێشاویەتی . بەهۆی بەردەوامی چالاکییەکانی لە نێو زیندانیشدا، تەندروستی خۆی لەدەستداوە، لەکاتی دوایین زیندانیکردنیدا 45 ڕۆژ لە خەوتن بێبەشکرا، بەوەش ڕەوشەکەی زۆر شپرزە بوو، وەک ئیفلیجێکی سەر کورسیی لێهاتبوو، پێش ئەوەی سێ ساڵ چارەسەری وەربگرێ.

سەعدەدین ئیبراهیم، مامۆستای زانکۆی ئەمریکی لە قاهیرە، خوازیاری ژیانێکی نوێی دیموکراسییە لە میسر. ئەوکاتەی لە لایەن جۆرج دەبلیو بوشی سەرۆکی ئەمریکاوە پێشوازی لێکرا، داوای لێکرد ئەمریکا یارمەتییەکانی بۆ میسر پەیوەست بکات بە مەرجی ئەنجامدانی چاکسازی لەلایەن حکومەتەوە، لەلایەن دەسەڵاتداریتی میسر بە پیلانگێڕی دژی دەوڵەتی میسر تۆمەتبارکرا، کە هەفتەی ڕابردوو بەو هۆیەوە بەبێ ئامادەبوونی خۆی سزا درا، سەعدەدین ئیبراهیم دەڵێ "ئەو بڕیارە گەڕێکی تازەی شەڕی نێوان من و بنەماڵەی موبارەکە لەسەر دیموکراسی".

سەعدەدین ئیبراهیم، دامەزرێنەری ناوەندی ئیبن خەلدون بۆ لێکۆڵینەوەکانی گەشەپێدان، لە ساڵی حەفتاکاندا سەرپەرشتی ماستەرنامەی سوزانی هاوسەری حوسنی موبارەکی کردووە، کە ئەوە سێ ساڵە سەرۆک کۆماری میسرە، بەوە تۆمەتبار دەکرێ کە پارە لە دەرەوە وەردەگرێ ئەو دەڵێ "ڕاگەیاندن و کۆنگرێس بەدەنگ ئەو داوایەمەوە هاتن، بەڵام دەزگا بڕیار بەدەستەکانی وەک وەزارەتی دەرەوە و کۆشکی سپی تا ئێستا بێدەنگن و قسەیان نەکردووە".

هەروەها لەلایەن حیزبی کۆماریی دەسەڵاتدار، لەسەر "کارکردن لەپێناو بێگانە" و "دروستکردنی فیتنەی تایفی" سکاڵای لەدژ تۆمارکراوە و دادگاییەکانی بەردەوامن . سەعدەدین ئیبراهیم کە لە ساڵی 1998 کە دیالۆگی کوردیی — عەرەبی لە قاهیرە لە ناوەندەکەی خۆی میوانداریی کرد، دواتریش چەند وتارێکی لەسەر مافی کەمە نەتەوەکان لە وڵاتانی عەرەبی و میسر نووسی، لە لایەن حکومەتی میسر دراوەتە دادگا.

سەعدەدین ئیبراهیم دوای دەرچوونی حوکمی دوو ساڵ زیندانیکردنی لە هەفتەی ڕابردوو دەڵێ " لەبەرئەوەی من لە دەرەوەم لەڕووی جەستەییەوە هیچ مەترسییەکم لەسەر نییە، بەڵام هەمیشە بەوهۆیەوە هەستدەکەم شمشێرێک لەسەر ئەستۆم دانراوە".

## سەعدەدین ئیبراهیم:

# پەیوەندیم لەگەڵ ڕژێمی عێراق لەسەر هەڵەبجە تێکچوو

**ڕووداو: بەهۆی ڕاوەدوونانی بەردەوامت لەلایەن دادگاکانی میسرەوە، تا ڕاددەیەکی زۆر لە کوردستاندا کەسێکی ناسراوی، هۆکارەکانی ئەو ڕاوەدوونان و دادگاییە زۆرەی تۆ چین؟**

**سەعدەدین ئیبراهیم:** یەکەم شت من وەک کەسێکی ڕەخنەگر و ئۆپۆزسیۆن و نەیاری هەر ڕژێمێکی سەرکوتکەر جا لە میسر بێت یان هەر شوێنێکی دیکە بەردەوام تووشی ڕاوەدوونان دێم. من کەسێکی ڕاوەدوونراوم لەلایەن حکومەتی میسرو ڕژێمی (موبارەک)ەوە، ئەم ڕاوەدوونانەی من لەساڵی 2000ەوە ڕانەوەستاوە، لەم هەشت ساڵەدا چوار جار دادگایی کراوم و سێ جار خراومەتە زیندانەوە، ئێستاش وا 9 داوای یاسایی دیکە چاوەڕێم دەکەن بۆئەوەی لەگەڵ گەڕانەوەمدا جارێکی دیکە بمخەنەوە پشت شیشەکانی زیندان.

**ڕووداو: لەبەرچی؟**

**سەعدەدین ئیبراهیم:** هۆکارەکان جیاوازن، بەڵام دوایین شەپۆلی ئەو ڕاوەدوونانە بەبیانووی زڕاندنی نێوبانگی میسرو خیانەتکردنی مەزن بوو لە وڵات، کە سزاکەی لە زیندانی هەتا هەتاییەوە تا لەسێدارەدان دەڕوات. ئەو ڕژێمە لەکاتێکدا خۆیشی دەزانێت درۆ دەکات، هێشتا هەر دەست لە بەکارهێنانی ئەو ڕاوەدوونانە هەڵناگرێ بۆئەوەی ماندووم بکاو پەکم بخات، من بەهۆی ئەو ڕاوەدوونانە بەردەوامە باری تەندروستیم تێکچووە، ئەو ڕژێمەش تێکچوونی زیاتری منی دەوێت، هەروەها دەیەوێت بەوە کەسانی دیکە بتۆقێنێ لەوەی ئەو ڕێگەیە بگرنە بەر.

**ڕووداو: چەند ساڵ لەزینداندا ماویتەوە؟**



سەعدەدین ئیبراهیم

- تەمەنی 69 ساڵە.
- مامۆستای زانستی کۆمەڵایەتی سیاسییە لە زانکۆی ئەمریکی لە قاهیرە.
- داوای هەڵگرتنی چەوسانەوەی سەر کەمە نەتەوەکانی نێو وڵاتانی عەرەبی دەکات.
- داوای هەڵگرتنی باری نائاسایی لە میسر و مافی هاووڵاتیان لە چاودێریکردنی هەڵبژاردنەکان دەکات.
- لەساڵی 1988 ناوەندی ئیبن خەلدونی دامەزراند، کە لەساڵی 2000 جارێک داخرا و دواتر کرایەوە.
- بوش و بەرپرسانی ئەمریکای بینیوە و بڕوای بە ئاساییکردنی پەیوەندییەکانە لەگەڵ ئیسرائیل.
- کاتی خۆی بەهۆی پرۆتستۆکردنی کۆمەڵکوژیی هەڵەبجە پەیوەندی لەگەڵ ڕژێمی سەدام تێکچوو.

**سەعدەدین ئیبراهیم:** سێ ساڵ.

**ڕووداو: لەناو قاهیرە ئاڵای ئیسرائیل بەسەر باڵیۆزخانەکەیەوە دەشەکێتەوە، کەچی تۆ بەوە تاوانبار دەکرێی کە کۆمەک و پشتیوانی لەئیسرائیل و ئەمریکا وەردەگری، چ دەڵێی دەربارەی ئەم تۆمەتە هەمیشە ئامادانەی جیهانی عەرەبی؟**

**سەعدەدین ئیبراهیم:** لەزەینی ڕای گشتی عەرەبیدا ئەمریکاو ئیسرائیل دوو سیمبوڵی ناشیرین و نەخوازراون، بۆیە ڕژێمەکان کاتێک دەیانەوێت گەل بەگژ یەکێک لە نەیارەکانیاندا بکەن، ئەم تۆمەتانەی بۆ دروستدەکەن. پەیوەندییەکانی من پەیوەندی زۆر ڕوونن و هەرکاتێک لەهەر شوێنێکەوە کۆمەکم پێبگات ڕایدەگەیێنم، لەکاتێکدا کەس پێی نازانێت ئەگەر خۆم ڕاینەگەیێنم. من لە بەنگلادشەوە کە هەژارترین وڵاتی دنیایە هاوکاریم پێدەگات تا دەگاتە دامەزراوە ئەوروپی و ئەمریکییەکان، بەڵام هەرگیز هیچ کۆمەکێکم لەهیچ دامەزراوەیەکی ئیسرائیلییەوە پێ نەگەیشتووە، خۆ ئەگەر کۆمەکی بێمەرجم بکەن و بزانم لەگەڵ ئامانجەکانم یەک دەگرێتەوە هەرگیز ڕەتی ناکەمەوە.

**ڕووداو: دوای لێکۆڵینەوە زۆرەکانت لەبواری مافی کەمینەکاندا، پێتوایە هیچ زەمینەیەک لەنێو عەرەبدا هەبێت بۆ قبوڵکردنی مافی کەمینەکان؟**

**سەعدەدین ئیبراهیم:** بەڵێ ئەو زەمینە و نەریتە هەیە، ئەو کەلتوورەش هەیە کە قبوڵی فرەلایەنی بکات، بەڵام لەپاڵ ئەم کەلتوورەدا کە فرەیی قبوڵ دەکات، کەلتوورێکی شۆڤێنی و دەمارگیرانەش هەیە، کەلتوورێک کە ڕژێمەکان بەناوی ناسیۆنالیزمەوە پەروەردەیان کردووە، وەکو ئەو کەلتوورەی سەددام حوسێن لەعێراقدا هێنایە ئاراوەو نموونەی دیکەی لە لیبیاو سودان و هەموو ئەو وڵاتانەی دیکەش هەیە کە ڕژێمی سەرکوتگەر حوکمیان دەکات. ئەم ڕژێمانە شۆڤێنیزم پەروەردە دەکەن و کەمایەتییەکان دەچەوسێننەوە. هیچ ڕژێمێکی دەسەڵاتدار لەجیهانی عەرەبیدا نییە کەمینە بچەوسێنێتەوەو زۆرینە نەچەوسێنێتەوە، چەوساندنەوە هەر چەوساندنەوەیە، ئەوەی ڕێز لەگەلی خۆی و لەزۆرینە بگرێت ڕێز لە کەمینەش دەگرێت، هەرکاتێکیش زۆرینە کەوتە بەر چەوسانەوە ئەوکات بێگومان کەمینە دوو هێندە دەکەوێتە بەر چەوسانەوە.

**ڕووداو: تێڕوانینت چییە بۆ کێشەی کورد؟**

**سەعدەدین ئیبراهیم:** پێموایە کورد خاوەنی ڕەواترین و عادیلانەترین دۆزن لەناوچەکەدا، خەڵکی کورد خەباتێکی زۆریان لەپێناو ئازادیدا کردووەو ئێستاش شایانی ئەوەن بەری ئەو ڕەنجە بچننەوە. ئەوەی لە یەکەمین سەردانمدا بۆ کوردستان بینیم زۆر خۆشحاڵی کردم. کورد لەوێ بەشی هەرەزۆری مافە ڕەواکانی بەدەستهێناوەو پابەندیشە بەپاراستنی

## کوردستان نموونەیەکی جوانە پێویستە هەموو وڵاتانی عەرەبی لە مامەڵەکردن لەگەڵ کەمینەکان چاوی لێبکەن



مافی کەمینەکانی ناو کوردستان. پێموایە کوردستان نموونەیەکی جوانی پێشکێش کردووە کە دەبێت عێراق و هەموو جیهانی عەرەبیش بەشێوەیەکی گشتی چاوی لێبکەن . لەدیدارەکانم لەگەڵ بەرپرسانی کورد ئەو قسەیەم چەند جار دووبارە کردەوە کە کوردستان و کۆمەڵگای کوردی بکەنە نموونەیەک نەک هەر بۆ عێراق بەتەنیا بەڵکو بۆ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و جیهانی عەرەبیش.

**ڕووداو: زۆرینەی کورد بەدوودڵی و گومانەوە تەماشای بارودۆخی عێراق دەکەن و پێیانوایە خەونی فیدراڵی و پێکەوەژیان لەگەڵ زۆرینەی عەرەبی عێراق بەدی نایێ، تۆ چۆن تەماشای ئەم گومانە دەکەی؟**

**سەعدەدین ئیبراهیم:** ئەو گومان و دوودڵییە لەجێی خۆیدایە، بەڵام نابێت ببێتە هۆی ئیفلیجبوون، بەڵکو دەکرێ ببێتە خەیاڵێکی سیاسی کوردی و دەستپێشخەری بکات. داوا لەخەڵکی کوردستان دەکەم لەیارمەتیدانی ناوچەکانی دیکەی عێراقدا دەستپێشخەری بکات و هەوڵی ئارامکردنەوەو دەستپێکردنەوەی پرۆسەی بنیاتنانەوە بدات.

**ڕووداو: کورد کە جینۆسایدی لە عێراق لەدژ ئەنجامدراوە، زۆربەی خەڵکی کورد پێیوایە دەبێت بەشێوەیەکی فەرمی داوای لێبوردن لەکورد بکرێ و نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی کوردستانیش ئەوکاتەی ئێوە لە کوردستان بوون ئەو داوایەی دووپاتکردەوە، بەڵام وەکو دیارە زۆربەی خەڵکی عەرەب تەنانەت ڕەوتە لیبراڵەکانیشی پێیانوایە ئەو داوایە ئەوان ناگرێتەوە، ڕای تۆ لەوبارەوە چییە؟**

**سەعدەدین ئیبراهیم:** ئێمە ئەگەر ئارەزوویەکی ڕاستگۆیانەمان هەبێت بۆ بەرەوپێشچوون هیچ ڕێگایەکی دیکەمان نییە جگە لە تەسفیەکردنی میراتی ڕابردوو، ئەم تەسفیەکردنەش مەعنەوی و ڕەمزییە زیاتر لەوەی تەسفیەیەکی ماددی بێت. زۆرینەی عەرەب چ زیانێک دەکەن ئەگەر بڵێن حکومەتی عێراق لەسەردەمی ڕژێمی سەددام حوسێندا تاوانی بەرامبەر کورد کردووەو تاوانی بەرامبەر گەلی عێراقیش کردووە؟ تاوان هەر تاوانەو زیانی بۆ کەس نییە ئەگەر لێی بەرپرسیار نەبن، ئەزعەفولئیمان ئەوەیە کە دانی پێدا بنێن و بڵێن ئەو تاوانە کراوە بۆئەوەی نەبنە شاهیدی ساختە. ئاخر ئەوان هەموویان شاهیدی ئەوەن کە چی ڕوویداوە. من بۆخۆم ئاگادارم چی ڕوویداوە، پەیوەندی خراپی منیش لەگەڵ ڕژێمی سەددام لەسەر تاوانی هەڵەبجە بوو، من ئەوکات سەرۆکی ڕێکخراوی عەرەبیی مافەکانی مرۆڤ بووم، کاتێک ئەو هەواڵەمان پێگەیشت و وێنەی بۆردوومانەکەمان بینی، ئیدانەی تاوانەکەمان کرد. نەتەوەپەرستانی عەرەب پێیانوابوو ئەو هەڵوێستەی ئێمە خیانەتە لە نەتەوەی عەرەب، من ئەوکاتیش گوتم خیانەت ئەوەیە پەردە بەسەر تاوانێکدا بدەی، ئێستاش بۆ ئەوانەی کە دەڵێن بوار نییەو کاتی ئەوە نییە داوای لێبووردن بکرێ هەمان شت دەڵێمەوە، ئەگەر تاوانێکی مێژوویی ڕوویداوەو بەڵگەی پێویست لەبەردەستدایە کە ئەوە بسەلمێنێ بۆچی دانی پێدانەنێین؟.

**ڕووداو: تۆ وەک کەسێکی یاساناس و کەسایەتییەکی دیار لەبواری بەرگری لەمافەکانی مرۆڤ و مافی کەمینەکان چۆن دەڕوانیتە داخوازیی زۆرینەی خەڵکی کوردستان بۆ سەربەخۆیی کوردستان؟**

**سەعدەدین ئیبراهیم:** من لەگەڵ مافی چارەی خۆنووسینی هەموو گەلانم، ئەگەر ئەوە داوای زۆرینەی خەڵکی کوردستان بێت با سەربەخۆیی خۆیان وەرگرن بۆچی نا، ئەمە لە چیکۆسلۆڤاکیاش ڕوویدا، دوو گەل پێکەوە دەژیان و بەوپەڕی ئاشتی لێک جیابوونەوە، من هیوای ئەوە ناخوازم عێراق لەم دۆخە مێژووییەی تێیدایە دابەش ببێت، بەڵام ئەگەر زۆرینەی کوردی عێراق ئارەزووی جیابوونەوە بکەن با ڕایبگەیێنن، تەنانەت ئەگەر جێبەجێکردنی ئەو بڕیارەش دوابکەوێت بۆ ئەوکاتەی کە عێراق دەکەوێتەوە سەرپێی خۆی. من وەک عەرەبێک کە لەم ناوچەیەدا دەژیم پێمخۆش نییە عێراق پارچە پارچە ببێ و حەزناکەم کوردستان لەعێراق جیاببێتەوە، بەڵام ئەوەی وەک پرەنسیپ باوەڕم پێی هەیە ئەوەیە کە ئەگەر خەڵکی کوردستان خوازیاری جیابوونەوە بن با جیابنەوەو سەربەخۆیی وەربگرن.

**ڕووداو: هیچ ئاگادارییەکت دەربارەی دۆزی کورد لەپارچەکانی دیکەی کوردستاندا هەیە؟**

**سەعدەدین ئیبراهیم:** بەڵێ چاودێریی ئەو ڕووداوانەمان کرد کە لەم ساڵانەی دواییدا لەسوریا ڕوویاندا، ئێمە ئیدانەمان کردو داکۆکیمان لەکورد کردو ئێستاش داکۆکییان لێدەکەین، سەبارەت بە تورکیاش بەردەوام ڕۆشنبیرەکانیان هاندەدەین و پێیاندەڵێین پێویستە وەڵامی خواستەکانی کورد بدەنەوەو دان بە ناسنامەی کەلتووری و نەتەوەییاندا بنێن و مافی ئۆتۆنۆمییان بدەنێ.

# دەوڵەتێک پێیدەگوترێت کوردستان

**داڤید ڕۆمانۆ**

بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی عێراق، لەدوای ڕووخانی سەدام لەساڵی 2003 هەرێمی کوردستان بووژاوەتەوە، بەڵام دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی ڕیالیستی هێشتا دەیان ساڵ دوورە.

یەکێک لە خراپترین ئەو نهێنیانەی لە عێراق پارێزراون ئەوەیە کە کوردانی عێراق خوازیاری دەوڵەتێکی سەربەخۆن . لەکاتی دروستکردنی دەوڵەتی عێراق بەر لە 80 ساڵ کە ویلایەتی موسڵیشی گرتەخۆی، کوردەکانیش خرانە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتەوەو لەوساوە تائێستا بەو لکاندنەی کورد بەو دەوڵەتەوە خۆشیان بەخۆوە نەبینیوە.

لەکاتی یەکەم سەردانم بۆ هەرێمی ئۆتۆنۆمیی کوردستان لە عێراق، لە هاوینی 1994، ئەو ناوچەیە لە سەروبەندی تەقینەوەی شەڕێکی ناوخۆدا بوو. شەڕی کەنداوی ساڵی 1991 هەلی ئەوەی بۆ کوردان ڕەخساند، بۆ یەکەمین جار بەخۆیان کاروبارەکانیان بەڕێوەببەن، ئەویش لە ناوچەیەکی سەقامگیری بەقەد سویسرا کە لەژێر پاراستنی ئەمریکاو بەریتانیاو فەرەنسادابوو. بەڵام دوو پارتە سەرەکییە کوردییەکە، پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەستیان بە شەڕ کرد لەسەر ئەو داهاتەی بەقاچاخ دەستدەکەوت و سەرچاوەی قازانج بوو. هەروەها بوونی دوو گەمارۆ لەسەر هەرێمەکە (گەمارۆی نێودەوڵەتی کەخرابووە سەر سەدام و گەمارۆی سەدامیش لە سەر هەرێمی کوردستان) لەگەڵ بوونی ڕژێمە نەیارەکان لە هەموو لایەکەوە، لە بەغدا، دیمەشق، تاران و ئەنقەرە، وایکردبوو داهاتووەکەی کەمتر گەش دیاربێت .

سەرەڕای ئەوەش، هەموو ئەو کوردانەی قسەم لەگەڵ کردن خۆشحاڵ و شادوومان بوون بەوەی لەدەست بەغدا ئازادبوون، هەرچەندە بەشێوەیەکی کەمیش بێت. بە سەیرکردنی مێژووی کوردان کە چۆن لەلایەن حکومەتی ناوەندییەوە پشتگوێخراون، دەربەدەر کراون، جینۆسایدکراون و بە بۆمبی کیمیایی بۆردوومانکراون لەساڵی 1988، ئەوکات ئاسانە تێبگەی بۆچی ئەوەندە خۆشحاڵ و شادوومان. لە پاییزی ساڵی 2000 جارێکیتر سەردانی هەرێمی کوردستانم کردەوە، پاشان بۆماوەی ساڵێک، 2003-2004 لەوێ ژیام. لەهەموو ئەو کاتانە هێشتا کوردێکی عێراقم نەبینیوە حەزی لە سەربەخۆبوونی کوردستان نەبێت . هەموو ئەو کوردانەی قسەم لەگەڵ کردوون پرسیارەکە ئەوەبوو "کەی" دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان دادەمەزرێت، نەک "ئایا"



داڤید ڕۆمانۆ لەنێو چەند منداڵێکی کورددا لە باشووری کوردستان

دەوڵەتی کوردستان دادەمەزرێت . وەڵامەکە ئەوەبوو "ئێستا" بەڵام بە هیوای ئەوەی لە 50 ساڵی داهاتوودا ئەوە بێتەدی.

بۆ کوردان، سەروەری سنوورەکانی عێراق بەهایەکی ئەوتۆی نییە لەبەرامبەر مافی چارەی خۆنووسینی ئەوان. پەلەکردن لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی لە عێراق بۆ ئەمڕۆی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەبێتە هۆی ئەوەی ژیانی چەندین کەس بکەوێتە مەترسییەوە. سەرەڕای ئەوەش کە هەریەکە لە عێراق و تورکیاو سوریاو ئێران ژمارەیەکی بەرچاو کوردیان لێدەژیت و لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندیدان، ئەو دەوڵەتانە بەتووندی دژایەتی هەر هەنگاوێکی لەو جۆرەی کورد دەکەن تەنیا بەوە نەبێت کە خۆیان سەرۆکێک بۆ خەڵکی کورد دابنێن . لەوانەیە سوپای ئەو دەوڵەتە دراوسێیانە بەخێرایی یارمەتی بەغدا بدەن لە وەرگرتنەوەی کۆنترۆلی کوردستانی عێراق، یانیش هەوڵدەدەن بەشێک لەو ناوچانە بۆ خۆیان گل بدەنەوە. تەنانەت ئەگەر توانیشیان کەرکووک و نەوتە گرنگەکەی بەدەست بێنن، کوردانی عێراق کە لە خاکێکی داخراودان هێشتا پێویستیان بەوەیە نەوتەکەیان لە خاکێکی دیکەوە ڕەوانەی بازاڕی دەرەوە بکەن، چ بە ڕێگەی بارهەڵگر بێت یانیش بە بۆڕی . بەهۆی ئەوەی بە چەند ڕژێمێکی نەیار دەورەدراون، کوردەکان ئەوکات لە جیهان دادەبڕێن و لەڕووی ئابووری و سیاسییەوە دادەخرێن .

لە دوای ساڵی 1991 ەوە هەرێمی ئۆتۆنۆمی کوردستان هەندێک دەسکەوتی بەرچاوی بەدەستهێناوە، لەدوای ڕووخانی سەدامیش لە ساڵی 2003 دەسکەوتی پتری بەدەستهێناوە. هەرێمی کوردستان لە هەژارترین و دواکەوتوترین هەرێمی عێراقەوە بەرەو دەوڵەمەندترین هەرێم ڕۆیشتووە، حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بەشێوەیەکی چالاک هەوڵی ڕاکێشانی وەبەرهێنەران و گەشتیارانی داوە، ئەوەش لە چەند هەڵمەتێکی وەکو (عێراقەکەی دیکە).

کرێنەکانی دروستکردنی باڵەخانەکان و ئاوەدانکردنەوە کە بە بەرزایی ئاسمانی شارەکانی هەرێمی کوردستان هەڵکشاون لە هەولێرو سلێمانی و دهۆک، وەبەرهێنە تورکەکان 80%ی کارو بازرگانییەکانیان بەرکەوتووە. پارتی و یەکێتی کۆتاییان بە ناکۆکییەکانیان هێناوەو کۆتاییان بە یەکخستنەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان هێناوە. ئێستا کوردەکان ڕۆڵێکی بەرچاو لە حکومەتی ناوەندیدا دەگێڕن، پۆستەکانی سەرۆک کۆمار (جەلال تاڵەبانی) و وەزیری دەرەوە (وشیار زێباری) و جێگری سەرۆکوەزیرانیش (بەرهەم ساڵح) بەدەست کوردەوەن.

هەموو ئەوانە بەدروستکردنی دەوڵەتێکی بچووک دەخرێنە مەترسیەوە .کوردانی عێراقیش هیوای ئەوە ناخوازن دەسکەوتەکانی ئێستایان بخەنە مەترسییەوە بۆ پشتگیریکردنی تەنگژەو نائارامیەکانی کوردانی سوریاو تورکیاو ئێران. کوردانی عێراق خوازیارن کونترۆلی ناوچەیەکی زیاتر بکەن لە عێراقدا، بەتایبەتی شاری کەرکووک و چەند بەشێکی دیالە، ئەوەش پێناچێت هەوڵێک بێت لەداهاتوویەکی نزیکدا زەمینەی لەباری هەبێت. لەهەموو حالەتێکدا، دەستوری عێراق داوای ئەوە دەکات داهاتی هەموو ئەو کێڵگە نەوتیانە کە ئێستا هەن بگەڕێندرێنەوە بۆ بەغدا بۆ ئەوی بەسەر هەموو عێراقییەکاندا دابەش بکرێت.

کوردەکان دەیانەوێت زۆرینەی کوردەکانی عێراق بخەنە ژێر دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان. لەوانەیە لێکترازانێکی تەواو لەنێوان کوردو عەرەب پاڵ بە کوردەکانەوە بنێت بەرەو ڕێگەچارە مەترسیدارەکان هەنگاو بنێن .ئەگەر تا 40 — 50 ساڵی دیکە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و جیهان ئامادەبن بۆ دەوڵەتی کوردی، ئەوا کوردیش ئامادە دەبێت.

تێبینی: داڤید ڕۆمانۆ، نووسەری کتێبی بزوتنەوەی ناسیونالیستی‌کوردییە.

لە: New states manـەوە

2008/8/20



## نادیا دێتەوە

تایبەت بەرووداو

◆ سەرچاوەیەکی نزیک لە هونەرمەندی هەولێری دانیشتووی کەنەدا، نادیا بە (رووداو)ی راگەیاند کە نادیا ئێستا بووەتە بەڕێوەبەری بانکێکی شارێکی کەنەدا و، خەریکی دروستکردنی دووەمین ئەلبوومی خۆیەتی و بڕیارە بۆ تۆمارکردنی چەند گۆرانییەکی ئەو ئەلبوومەی سەردانی ئەوروپا بکات و بۆ وێنەگرتنی بەشێک لەکلیپی یەکێک لە گۆرانییەکانیشی بێتەوە کوردستان.

# کچان و کوڕان لە حەساردان

**رووداو- هەولێر**

ئەو دەرهێنەرەی ماوەیەکی زۆرە لەناو ئەو خەونە دەژیت تا لەسەر نۆڤلێتی حەسار شانۆگەرییەک دروست بکات، لە 20ی ئەم مانگەدا دوای هەوڵدانێکی زۆر توانی ئەو خەونە بخاتە سەر تەختەی شانۆ.

نۆڤلێتی (حەسار و سەگەکانی باوکم)ی شێرزاد حەسەن، کە لەساڵی 1996 بۆ یەکەمجار چاپکرا، یەکێک بوو لەو کتێبانەی کە خوێنەرێکی زۆر، بەتایبەت گەنجانی سەرسام کرد بەوەی کە زۆر بوێرانە باس لەدەسەڵاتی باوکسالاری و چەوساندنەوەی ژن و چەپاندنی سێکس لەکۆمەڵگەی کوردیدا دەکات.

شانۆگەری حەسار و سەگەکانی باوکم، ماوەی سێ ڕۆژ لەهۆڵی سەنتەری ئالا نمایشکرا. رزگارئەمین، کاری دەرهێنانی بۆ کردووە و ماوەی دوو مانگیشە خەریکی پرۆڤە کردنە

بەئەکتەرەکان، لەساڵی 2006ەوە رەزامەندی وەرگرتووە و 11 ملیۆن و 450 هەزار دیناری لەلایەن وەزارەتی رۆشنبیری، بەڕێوەبەرایەتی شانۆ بۆ دابینکراوە. وەک دەرهێنەر ئاماژەی پێدا لەبەر هەلومەرجی کوردستان و هەندێک حاڵەتی تایبەتی خۆی، نەیتوانیوە لەکاتی خۆیدا نمایشی بکات. رزگار ئەمین دەڵێت "ئەوە لەمیدیاکان زۆر گەورە کرا، بەڵام لەکۆتاییدا هەموو شتێک روون دەبێتەوە".

لەو نۆڤلێتەدا دوو لایەن سەرنجی دەرهێنەر رادەکێشن تا دەست بداتە کارێکی لەو جۆرە، ئەویش رەتکردنەوەی دەسەڵاتی باوکسالاری و ئەو چەپاندنە سێکسییەیە کە لەکۆمەڵگەی کوردیدا هەیە، کە سێکس و ئازادی مرۆڤەکان دەخاتە دەست کەسێکەوە. دوای خوێندنەوەی تێکستەکە رزگار ئەمین بیر لەوە دەکاتەوە و لەخۆی دەپرسێت، ئەگەر باوکێک هەبێت بەو جۆرە لەناو حەسارێکدا هەموو ئازادییەکان بەخۆی رەوا ببینێت و ئازادی ئەوانی دیکە زەوت بکات چی روودەدات؟، دەڵێت "رەنگدانەوەی ئەمە بە ئاشکرا لەنمایشەکەدا دەردەکەوێت".

شانۆگەرییەکە لەشوێنی دانیشتنی بینەر نمایش دەکرێت، هۆڵەکە بەشێوەیەکی سادە و بەهەندێک سیمبوڵی کوردی دیکۆری بۆ کراوە، بینەر لەشوێنی شانۆ دادەنیشێت و ئەکتەرکانیش لەناو هۆڵەکە نمایشەکەیان دەکەن. دەرهێنەر دەڵێت "من بۆیە ئەو کارەم کردووە تا بینەر وا هەست بکات بەشێکە لەحەسارەکە، بینینم لەیەک گۆشە نیگاوە تێکشکاندووە".

ئەو حاڵەتەی ئەو دەرهێنەرە زۆر ماندوو دەکات دۆزینەوەی

کچەکانی ناو حەسارە کە بتوانن زۆر بەجورئەتەوە رۆڵەکەیان ببینن، چونکە بابەتی شانۆگەرییەکە لەسەر سیستمی باوکسالاری و چەپاندنی سێکسییە لەبەرئەوەش دۆزینەوەی ئەو جۆرە کچانە زۆر قورسە، بەڵام ئەستەم نییە.

رزگار ئەمین دەڵێت " بۆ هەر ئەکتەرێک کە لەو ئیشە بەشداری دەکات پێویستە تێگەیشتنی هەبێت بەرامبەر بەتێکستەکە، چونکە هەر ئەکتەرێک قەناعەتی بەو بیرۆکەیە نەبێت کە من تەرحی دەکەم، لەئازارەکانی ناو تێکستەکە نەگات، رەنگە نەتوانێت لەو شانۆگەرییە رۆڵ ببینێت".

هەروەها گوتیشی"هیلاک بوونی من بەڕاستی ئەوەبوو بەتایبەتی بۆ کچی وا دەگەڕام کە هەزمی ئەو تێکستە بکەن، چونکە تێکستەکە لەئەسڵدا لەسەر کێشە سێکسییەکان نووسراوە"، بە لەبیر کردنی ماندووبوونەکەی گوتی" چاوی هەموو ئەکتەرەکان ماچ دەکەم کە زۆر ماندوو بوون لەگەڵمدا".

ئیبراهیم تەنهایی، کە خەڵکی شاری مەهابادی رۆژهەڵاتی کوردستانەو ماوەی 10 ساڵە لەهەولێر نیشتەجێیە، رۆڵی ئەو باوکە دەبینێت کە هەرچی خۆشییە لەناو حەسارەکە لەمنداڵەکانی زەوتکردووە، هەرچەندە ئەو لەشانۆگەرییەکەدا بەشێوەی باوکێکی دڵرەق دەردەکەوێت،بەڵام بڕوای خۆی وایە کە ئەو باوکانەی بەو جۆرە لەگەڵ کچ و کوڕەکانیان مامەڵە دەکەن نەبوونیان باشترە.

ئەو ئەکتەرە کە زیاتر لەکاری سینەماییدا رۆڵی بینیوە دەڵێت دوای 17 ساڵ ئەوە یەکەمین شانۆگەرییە کە من بەشداری تێدا دەکەم، بەپێچەوانەی رۆڵەکەیشی دەڵێت "27 ساڵە ژنم هێناوە، بەڵام تا ئێستا دڵم نەهاتووە یەک زللەشی لێبدەم".

نارین محەممەدی، خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستانە، ئەویش وەک زۆربەی ئەکتەرە کچەکانی دیکە ئەوە یەکەم کاری شانۆییە بەشداری تێدا دەکات و رۆڵی کارەکتەری (ئەسمەر)ی کچە گەورەی حەسار دەبینێت، کە باوکەکە بەهۆی دروستکردنی ئەو حەسارەوە نەیهێشتووە هیچ پەیوەندی دروستبوونێک لەنێوان ئەندامانی ئەوبنەماڵەیەدا هەبێت، بۆیە دووچاری حاڵەتی سادی و ماسۆشی بوونە لەگەڵ یەکتردا. ئەو هیچ ترسێکی نەبووە لەبەشداریکردنی لەو شانۆگەرییەدا و دەڵێت "لەکاری هونەریدا نابێت سنوور وجودی هەبێت تا بتوانین کار بکەین".

بەپێچەوانەی هەموو کچەکانی نێو حەسار، کچی بچووک عاشقە و هەمیشە خەون دەبینێت، لەگەڵ خوشکە گەورەکەی بەردەوام لەململانێدان لەسەر پاسەوانی حەسار. رۆژین عەزیز، دەڵێت ململانێیەکەی ئێمە لەسەر خۆشەویستییە چونکە هەردووکمان پاسەوانەکەمان خۆشدەوێت "بەڵام لەکۆتاییدا کەسمان ناتوانین لەناو حەسارێکی ئاوا ئەو خۆشەویستییە مومارەسە بکەین".

رۆژین دەڵێت "سەرەتا زۆر شەرمم لەدیالۆگەکان دەکرد، چونکە زۆربەیان پەیوەندییان بەلایەنە سێکسییەکانەوە هەبوو هەتا لەجوڵەکانیشدا، بەڵام دواتر بەهۆی دەرهێنەرەوە توانیم رۆڵەکەم ببینم".

یوسف عوسمان، مامۆستای بەشی شانۆی هونەرە جوانەکانی هەولێر، وێرای ئاماژەدان بەسەرکەوتنی شانۆگەرییەکە و بەرز نرخاندنی رۆڵی کچە ئەکتەرەکان، باس لەهەندێک لایەنی هونەری و تەکنیکی دەکات کە دەرهێنەر تێیدا سەرکەوتوو نەبووە وەک گرێدانەوەی دیمەنەکان، رووناکی. لەوبارەوە دەڵێت "لەم دوو لایەنە کەموکوڕی و ناتەواوی هەبوو لەئیشکردندا".

ئەو دەرهێنەرە کە لەساڵی 1993ەوە تا ئێستا لەگەڵ حەساردا دەژیت، رەنگە قورسترین کار لەژیانی ئەو دەرهێنەرە حەسار بووبێت، دەڵێت "زۆر لەگەڵیدا ماندوو بووم و بەردەوام لەگەڵم دەژیا، هەموو ئەو ئیشانەی کە کردوومە بەشێک لەحەساری تێدا بووە، بەڵام بڕیارمدا واز نەهێنم تا نمایشی دەکەم".



دیمەنێک لە شانۆگەری حەسار لە هەولێر

(فۆتۆ:هیمەتی)



# دەنگی گیتار داوای دڵی ژنانە



رووداو- DIHA

کۆرسی فێربوونی گیتار کە 3 ساڵە لەلایەن ناوەندی فێربوونی رۆشنبیری و هونەری سەر بەشارەوانی ئەرخەنی باکووری کوردستان بەڕێوەدەچێ، لەلایەن ژنانەوە بەگەرمی پێشوازی لێکرا.

لەو 160 کەسەی لەماوەی 3 ساڵی رابردوو بەشدارییان لەم کۆرسەدا کردووە 105یان ژنن. روکەن دەمیر کە یەکێکە لەسەرپەرشتیارانی کۆرسەکە رایگەیاند ئەو ئامێرەی زیاتر لە هەموو ئامێرەکانی دیکە گەنجان ئارەزووی لێدەکەن، ئامێری گیتارە"ئەو دەنگانەی لەتەلی گیتار دەردەکەون گوزارشت لەداخوازییەکانی ژنان دەکەن".

روکەن ئاماژەی بەوەدا کە بەهۆی "کۆنەپەرستی کۆمەڵایەتی" ژنان لەو پێشکەوتنانە بێئاگان و بەهۆی ئاسانکارییەکانی شارەوانی لەکۆی 160 کەس 105 ژن بەو هونەرەوە خەریکن.

دەمیر ئاماژەی بەوەشدا کە لەبەرامبەر "تواندنەوەی نەتەوەییدا پێویستە لەهەموو لایەنەکانی ژیاندا دەنگی خۆمان بەرز بکەینەوە"، گوتیشی "من 3 ساڵە دێمە ئەو شوێنە، ژنان زۆر بەگەرمی پێشوازی لەکارە هونەرییەکان دەکەن، ئەگەر پێودانگە فیودالییەکان نەمێنن، ئەوا داخوازییەکان زیاتر دەبن".

سەرەرای ئەوەی ریگەی پیاوان زیاتر کراوەترە، کەچی رێژەی ئەو ژنانەی رووەدەکەنە فێربوونی مۆسیقا لە پیاوان زیاترە. زۆر لەو کچانەی لەم کۆرسانە بەشداریان کردووە، بەزەحمەتییەکی زۆر خێزانەکانیان رازیکردووە ریگەیان پێبدەن بەشداریی بکەن.

دەمیر باسی لەوەشکرد کە ژنان بۆ فێربوونی گیتار ئامادەییەکی زۆر نیشانەدەدەن و ئێستا تیپێکی پیشەگەریان دامەزراندووە.



# درامای نور ژنان و پیاوانی کوردستان لێک توڕەدەکات

## ژنێک: حەزدەکەم مێردەکەم وەکو موهەنەد خۆشەویستیم پێ ببەخشێت

**ئازیز مەحمود و دڵپاک زرار**

**رووداو- هەولێر، سلێمانی**

هەفتەی رابردوو بۆ سۆزانی 28 ساڵ، هەفتەیەکی ناخۆشی ژیانی بوو، چونکە هاوسەرەکەی سوێندی خوارد ئەگەر چیتر سەیری ئەو دراما تورکییانە بکات کە لەکەناڵی (mbc4)ی سعودی بە دۆبلاژی عەرەبی پەخشدەکرێن تەلاقیدەدات.

سۆزان نەیتوانی دوایین رووداوەکانی درامای (نور) کە درامایەکی تورکییەو لە سوریا دۆبلاژکراوەتە زمانی عەرەب ببینێ، چونکە مێردەکەی سێ بەسێ تەڵاقی لێخواردووە کە نابێت سەیری بکات، بەبیانوی ئەوەی بەهۆی سەیرکردنی ئەو درامایەوە ئیشوکارەکانی ماڵەکەی پشتگوێخستوە، بەڵام سۆزان هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە مێردەکەی غیرە دەکات کاتێک سۆزان دەڵێت (موهەنەد) جوانە، موهەنەد کە کاراکتەری سەرەکی دراماکەیە.

سۆزان کەماڵی لە سلێمانییە وتی"لەئەڵقەی یەکەمەوە سەیری درامای نور دەکەم، هەر لەسەرەتاوە پیاوەکەم ناڕازیبوو، ئەو خۆی رقی لێیەتی بەمنیش دەڵێت نابێ سەیری بکەی، تەنانەت ئەو کەناڵانەشی سڕیوەتەوە کە دراماکە پێشکێش دەکەن".

سۆزان دڵتەنگی خۆی لەنەبینینی دراماکە دەربڕی بەهۆی بڕیاری پیاوەکەیەوە، تاقە دڵخۆشی بەوەیە کە لەرێگەی هاوڕێ و دراوسێکانییەوە ئاگاداری رووداوەکانی درامای نورە.

زنجیرە درامای (نور)ی تورکی لە 165 ئەڵقە پێکهاتووە، هەموو شەوێک کاژێر 10 بەکاتی هەولێر لەکەناڵی mbc4 پەخش دەکرێ، دراماکە باس لەچیرۆکی ئافرەتێکی بەوەفا بۆ مێردەکەی دەکات کە ناوی (نور)ە، بەڵام مێردەکەی ئاشقی ئافرەتێک دەبێ بەناوی نیهال، کە بنەماڵەکەی نارازین پەیوەندی هاوسەری لەگەڵ گرێبدات، دواتر نیهال لەرووداوێکدا گیان لەدەستدەدات.

ئێستا ئەو دراما تورکییە دۆبلاژکراوە شەوانە زۆرترین بینەری کورد لەبەردەم شاشەی تەلەفزیۆن کۆدەکاتەوە، بەتایبەتیش کچان و ژنان زۆر تامەزرۆی بینین. بەهەمان شێوە راگەیاندنی عەرەبی زۆر باسی بەبرەوبوونی درامای تورکی لە نێو بینەرانی عەرەبدا دەکات بەهۆی ئەو دوو درامایەوە، تەنانەت بووەتە هۆی زیاتربوونی گەشتی عەرەبان بۆ تورکیا.

کچان، ژنان و منداڵان تا دەرەنگانێکی شەو بەدیار دراماکانەوە دادەنیشن، لەکاتێکدا کە بەشێکی زۆرکەمیان لەزمانی دراماکە دەگەن و تەنها سەیری جوڵەو رووداوەکانی ناو دراماکان دەکەن.

ناوی پاڵەوانەکانی دراماکان وەک (نور، موهەنەد) لە زنجیرە درامای (نور) و ( لەمیس، یەحیا) لە زنجیرە درامای (سنوات الضیاع) رۆژانە لەسەر زاری ژنان و کچان دەوترێنەوەو هەندێکیشیان تاڕادەیەک هەوڵدەدەن تەقلیدی ئەو پاڵەوانانە بکەنەوە.

ژوولی سەرخێڵ، 18ساڵ، خوێندکاری شەشەمی ئامادەیی لە سلێمانی، زۆر هەوڵدەدات لەو جلوبەرگانە لەبەربکات کە نور لەبەریان دەکات "ئێستا قژم وەک ئەو بڕیوە، حەزدەکەم لەنور بچم".

ئەوەی زیاتر سەرنجی کچان و ژنان رادەکێشێت موهەنەدی کاراکتەری سەرەکی دراماکەیە، ژنان حەز دەکەن مێردەکانیان لەهەڵسوکەوتدا وەکو موهەنەد بن. هەندێک لە ژن و مێردەکانیش داوا لەهاوسەرەکانیان دەکەن وەک ئەوان جلوبەرگ لەبەر بکەن.

شەیما، 23 ساڵ،کە ماڵی لە سلێمانییە، لەسەررێکنەکەوتنی لەسەرسەیرکردنی درامای نور، ماوەی سێ هەفتەیە لەهاوسەرەکەی تۆراوەو چووەتەوە ماڵە باوکی، دوای ئەوەی لەگەڵ هاوسەرەکەی لێیان دەبێت بەدەمەقاڵێ، دواتر لەشەیما دەدات. شەیما وتی"لەسەرئەوەی کە نەیدەهێشت سەیری دراماکە بکەم، بوو بە شەڕمان و منیش سوربووم لەسەر سەیرکردنی، دوای ئەوەی زللەیەکی لێدام، ماڵەکەم بەجێهێشت". شەیما حەزدەکات، مێردەکەی وەکو موهەنەد خۆشەویستی پێ ببەخشێت "نەک شەڕو فەرتەنە بنێتەوە".

شەیما ئەوەشی ئاشکراکرد کە چەند جارێک ویستویەتی وەک نور خۆشەویستی خۆی بۆ مێردەکەی دەربڕێت، بەڵام مێردەکەی قبوڵی نەبووە "تەنانەت هەوڵمدەدا لەماڵەوە وەک نور جلی بۆ لەبەربکەم، بەڵام ئەو دەیگوت ئەو درامایە هەڵسوکەوتی تێکداوی".

موهەنەد، بەڕێوەبەری کۆمپانیای خێزانەکەیانە، نور کە ژنی موهەنەدە و لەگەڵ ماڵی باپیری موهەنەد دەژین، هەرچەندە یەکتریان زۆر خۆشدەوێت، بەڵام زوو زوو لەیەکتری توڕە دەبن، ئەوەش وای لە شیلان ئازاد، کردووە کە چیتر سەیری دراماکە نەکات "هەستم دەکرد سوکایەتیم پێدەکرێت، ئەوە چ بوو ئەو هەموو زیز بوونە تەواو نەبوو"، بەڵام سارای خوشکی، کە کچێکی خەڵکی هەولێرە بەردەوامە لەسەیرکردنی دراماکەو دەڵێت "تاوەکو موهەنەد لەنێو دراماکەدا بمێنێ هەر سەیری دەکەم".

وشەی نور گەیشتە سەر زاری پیاوانی ئاینی و وتارخوێنی مزگەوتەکانیش، هەندێکیان رەخنەی توندی لێدەگرن و بەحەرامی دەزانن، هەندێکی دیکەشیان ئاماژە بەوەدەکەن کە "ئەگەر سودی لێوەربگیرێت حەڵاڵە".

مەلا عەبدوڵڵا محەممەد هەڵەبجەیی، ئەندامی یەدەگی ئەنجوومەنی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئیسلامی کوردستان وتی "ئەگەر سەیرکردنی ئەو ئەڵقەیە یان هەر فیلمێکی دیکە بۆ ئامۆژگاری و پەند لێوەرگرتن بێت ئەوا حەڵاڵە،بەڵام ئەگەر بۆ تێرکردنی ئارەزووو وەرگرتنی شتی خراپ بێت ئەوا حەرامەو سەیرکردنی دروست نییە."

مەلا عەبدوڵڵا کە بەکالۆریۆسی لە شەریعەدا هەیە وتیشی هەموو بابەتێکی لەو جۆرە لایەنی باش و خراپی هەیە بۆیە دەبێت بە وریاییەوە سەیر بکرێت.

ئەو درامایە، جگە لەخێزانی کوردی زۆرترین گرفتی لەنێو خێزانی عەرەبی دروستکردووەو تاوەکو ئێستاش چەندین کێشەی جیابوونەوەی ژن و مێرد و تەڵاقی لێکەوتووەتەوە. تەنانەت کار گەیشتووەتە ئەوەی کە مامۆستایانی ئاینی دراماکە بەتێکدەر و دژایەتیکەری ئیسلامی ناوزەد بکەن و کەناڵەکەش بەدوژمنی خوداو پێغەمبەر پێناسە بکەن.

ماوەیەک لەمەوبەر عەبدولعەزیز عەبدوڵڵا، موفتی سعودیە لەبارەی دراماکە فتوایەکی تازەی دەرکرد و گوتی "هەر کەسێک لەماڵەوە سەیری ئەو درامایە بکات، موسڵمان نییە، لەبەر ئەوەی دەبێتە هۆی شێواندنی شیرازەی خێزانی موسڵمان".





## 82 % ی چینییەکان سەیری ئۆلۆمپیادیان کرد

ڕووداو . DW

◆ بە پێی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی (شینگ یەنگ باو)ی چینی، زیاتر لە 4ملیار کەس لەڕێگەی تەلەفزیۆنەوە سەیری یارییەکانی ئۆلۆمپیادیان کردووە، کە 1ملیاریان خەڵکی چین بوون، تەنانەت لە وڵاتی چین دا هەندێکجار ڕێژەی بینەرانی ئۆلۆمپیاد گەیشتووەتە 82% ی دانیشتوانی چین. تەنیا بینەرانی چین لەکاتی سەیرکردنی ئاهەنگی کردنەوەی ئۆلۆمپیاددا نزیکەی 108 تەن کاخەزو پاشماوەیان فڕێداوە.

سەرۆکی یانەی بروسک:

# بەرەفتارێکی جوان بەشداریی پاڵەوانێتی ئێران دەکەین

**ڕووداو - هەولێر**

سەرۆکی یانەی بروسک دووپاتیکردەوە کە پێویستە لەبەر ناوی کوردستان، شاندی یانەکەی بەرەفتارێکی جوان بەشداریی لەو پاڵەوانێتیە دۆستانەیەدا بکات کە ئێستا لە ئێران بەڕێوەدەچێت و تا 2008/8/29 بەردەوامدەبێت.

دوێنێ لەشاری ورمێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پاڵەوانێتیەکی دۆستانەی تۆپی پێ کرایەوە، کە هاوشان لەگەڵ هەرسێ هەڵبژاردەی ئازەربێجانی ئێران و ئازەرییەکانی تورکیا و ئازەربێجانی ڕوسیا، یانەی بروسکی هەولێریش بە ناوی هەڵبژاردەی کوردستان یەکێکێ لە بەشدارانی پاڵەوانێتیەکە

لەو بارەوە تاریق عەبدولڕەحمان سەرۆکی یانەی بروسک لەلێدوانێکدا بۆ (ڕووداو)، هۆکاری بەشداربوونی یانەکەی بەناوی هەڵبژاردەی کوردستان بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە هەڵبژاردەی کوردستان ئامادە نەکرابوو، بۆیە وەزارەتی وەرزش و لاوان و لێژنەی ئۆلۆمپی کوردستان ئەو ئەرکەیان پێسپاردوون و ئەوانیش بەخۆشحاڵییەوە قبوولیان کردووە" ئەو ئەرکە دیارییەکی وەزارەتی وەرزش و لاوان و لێژنەی ئۆلۆمپی کوردستان بوو بۆ ئێمە، کە شەرەفێکی گەورەیە بەناوی کوردستان بەشداریی لەم پاڵەوانێتیەدا بکەین".

سەرۆکی یانەی بروسک ئەوەشی دووپاتکردەوە کە هەموو خەرجیەکانی ئەو بەشداریکردنەیان لەئەستۆی وەزارەتی وەرزش و لاوانە "بۆیە بڕواناکەین لەوبارەوە تووشی هیچ گرفتێک ببین".

هەڵبژاردەی کوردستان لەماوەی6 - 2008/7/7 دا، لە وڵاتی سوێد بەشداریی پاڵەوانێتی ڤیڤای بۆ نەتەوە بێ دەوڵەتەکان کرد، کە لەکۆی 5 تیپی بەشداربوو، پلەی چوارەمی بەدەستهێنا. ئەوکات هەندێک لەڕۆژنامەکانی کوردستان هۆکاری ئەو


تاریق عەبدولڕەحمان، سەرۆکی یانەی بروسک

شکستەی هەڵبژاردەی کوردستانیان بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە هەندێک لە بەرپرس و یاریزانانی شاندی کوردستان زیاتر خەریکی گەڕان و دیسکۆکانی شەوانە بوونە، بۆیە جەماوەری کوردستان خوازیارن هەمان هەڵە لەلایەن شاندی یانەی بروسکیش دووبارە نەبێتەوە. لەم بارەوە سەرۆکی یانەی بروسک گوتی" من لەگەڵ ئەو ڕەفتارە ناشرین و دزێوانەدا نیم، بەڵام ئەو یاریزانانەی بروسک کە لەگەشتەکەی سوێدیشدا بەشداریان کردبوو، دوور بوون لەو کارانەو دەتوانن لەهاوگەشتەکانیان بپرسن، بۆ ئەم گەشتەش قسەم لەگەڵ هەموویان کردووە کە چۆن ڕەفتار دەکەن، هەموویان پێکەوە لەیەک هۆتێل دەخەون، چونکە بۆ گەشتوگوزار ناچین، بەڵکو بە ئەرکێکی حکومەتی هەرێم و بەناوی کوردستان بەشدارین، بۆیە دەبێ یاریزانەکانمان ئەو پەڕی ڕەوشت و ڕەفتار جوانی بنوێنن".

سەرۆکی یانەی بروسک باسی لەوەشکرد، کە تەنیا بەیاریزانانی خۆیان یاری دەکەن و هیواداریشە ئەنجامێکی باش بۆ ناوی کوردستان بەدەستبێنن" هەرچەندە وەزارەت و لێژنەی ئۆلۆمپی ئێمەیان ئازاد کردبوو لەوەی یاریزانی باش لەهەر یانەیەکی دیکە ببەین، بەڵام پێمان باشبوو تەنیا بەیاریزانەکانی خۆمان یاری بکەین، بەئومێدی ئەوەی بتوانین ئاستێکی بەرز نیشانبدەین".



بەهۆی بێ پارەیی

# کوردستان بەشداریی ئۆلۆمپیادی نەکرد

**کارزان کانەبی**

**ڕووداو - هەولێر**

سوارە سەباح، پاڵەوانی بەرزکردنەوەی قورسایی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە لە دوایین ساتەکانی خۆئامادەکردنیدا بۆ چوونە چین بەمەبەستی بەشداریکردن لە ئۆلۆمپیادی چین،بەشدارییکردنەکەی هەڵوەشایەوە، ئەوەش دەخاتە ئەستۆی لیژنەی ئۆلۆمپی عێراق.

دوای ئەوەی بەهەوڵی عەلی دەباخی نێردراوی عێراق بۆگفتوگۆکردن لەگەڵ لیژنەی ئۆلۆمپی



نێودەوڵەتی، ڕێگە بەعێراق درا بەشداریی لەئۆلۆمپیادی پەکین 2008 بکات. سوارە سەباح، پاڵەوانی بەرزکردنەوەی قورسایی شاری هەولێر یەکێکبوو لەو چەند وەرزشوانەی لەلایەن یەکێتی بەرزکردنەوەی قورسایی عێراق دەستنیشانکرابوون، بۆ بەشداریکردن لەو ڕووداوە وەرزشییە گەورەیەی جیهان، بەڵام لەدوا ساتەکاندا سوارە نەیتوانی بەرەو وڵاتی چین بچێت و بەشداریی لە گەورەترین ڕووداوی وەرزشیی جیهان بکات. پاڵەوانی نێوبراو لەلێدوانێکدا بۆ (ڕووداو)، هۆکاری نەچوونەکەی ڕوونکردەوە گوتی " دەبوایە من لەگەڵ بەشار مستەفا سەفەر بکەم، بەڵام بەمنیان گوت: هێشتا ناوی تۆ نەگەڕاوەتەوە دواتر تۆ بەتەنیا وەرە، ناچار مامەوە تاکو ڤیزەم لەوڵاتی کوێت گەڕایەوە، ئەو کاتیش کەس ئامادەنەبوو خەرجی سەفەرەکەم بۆ دابین بکات، بۆیە نەمتوانی بەشداریی ئۆلۆمپیاد بکەم".

سوارە گلەیی ئەوەشی لەبەشار مستەفا کرد کە پارەی سەفەرەکەی بۆ بەجێنەهێشتبوو" بەڕاستی بەشارو لێژنەی ئۆلۆمپی عێراق غەدریان لێکردم، هەرچەندە ناویشم هەبوو بۆ بەشداریکردن لەئۆلۆمپیادی پەکین".

## بەشار و لیژنەی ئۆلۆمپی عێراق غەدریان لێکردم

سوارە، پاڵەوانی بەرزکردنەوەی قورسایی کوردستان

بەهۆی ئۆلۆمپیادەوە..

# چینییەکان ژمارەی پێوانەیی لە ژنهێنان و منداڵبووندا تۆماردەکەن

**ڕووداو - ئیلاف**

لەڕۆژی کردنەوەی ئۆلۆمپیادی پەکین 2008 دا، چینییەکان لەماوەی 50 ساڵی ڕابردوودا، ژمارەیەکی پێوانەییان لەژنهێنان و بەستنی هاوسەرگیریدا لەماوەی ئۆلۆمپیاد دا تۆمار کرد.

ئاژانسی هەواڵی شینگوای چینی ڕایگەیاند لەڕۆژی 2008/8/8دا، کە ڕۆژی کردنەوەی ئۆلۆمپیادی پەکین بوو، 628448 کوڕ و کچ لەسەرانسەری چین 314224 گرێبەستی هاوسەرگیریان بەست.

بەمشێوەیە لەوەتەی ڕۆژی دامەزراندنی کۆماری چینی میللی لەساڵی 1949 ئەمە زۆرترین ژمارەی هاوسەرگیری کوڕو کچانی چینە لە ماوەی ڕۆژێکدا، کە لەو ڕۆژەدا تەنیا لەشاری پەکینی میوانداری یارییەکانی ئۆلۆمپیاددا، 15646 حاڵەتی هاوسەرگیری تۆمارکراون، ئەمەش 23 جار ئەوەندەی ڕێژە تۆمارکراوەکەی ڕۆژانی ئاساییە لەو شارەدا.

ئاژانسی هەواڵەکانی شینگوای لەهەواڵێکی سەیرتردا ڕایگەیاند کە لە ڕۆژی کردنەوەی ئۆلۆمپیادی پەکین 2008 دا، وڵاتی چین ژمارەیەکی پێوانەیشی لە ژمارەی لەدایکبووان تۆمار کرد، چونکە لەو ڕۆژەدا هەزاران ئافرەتی سک پڕ لەسەرانسەری ئەو وڵاتە، چوونەتە نەخۆشخانەکان بۆ ئەوەی بەڕێگەی قەیسەری منداڵیان ببێت، واتە بەر لەوادەی ئاسایی لەدایکبوون بەچەند ڕۆژێک نەشتەرگەری منداڵ بوونیان ئەنجامداوە بۆ ئەوەی بوونی منداڵەکانیان هاوکات بێت لە گەڵ ڕۆژی کردنەوەی ئۆلۆمپیاد، نەخاسمە کە ئەو ڕۆژەش 8 ی مانگ بوو، کە ئەو ژمارەیە بەپێی کلتووری میللی کۆنی چینییەکان هێمای سەروەت و خۆشبەختییە، بۆیە چینیەکان زۆر حەز لەو ژمارەیە دەکەن، تەنانەت پارەیەکی زۆر زیاتر بەو ژمارە تەلەفۆن و ئۆتۆمبێلانە دەدەن کە ژمارە 8 یان تێدایە.



## پێشبڕکێ

- بەکورتترین و جوانترین لێدوانت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە.
- لێدوانەکەت بەم ئیمێلە rudawnews@yahoo.com یان بە کورتە نامەیەک بۆ ژمارە تەلەفۆنی (07504547168) بنێرە، لەگەڵ ناوی خۆت.





عەبدوڵڵا موخلیس لە هەولێر بە لێدوانی: (**پایسکیل 5 کیشوەر دەگەیێنێتە پەکین**) بووە براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو.

### دوا ڕیزبەندی وڵاتانی بەشداربوو بە پێی ژمارەی میدالیاکانیان لە ئۆلۆمپیادی

| | زێڕ | زیو | برۆنز | کۆ |
|---|---|---|---|---|
| چین | 51 | 21 | 28 | 100 |
| ئەمەریکا | 36 | 38 | 36 | 110 |
| ڕووسیا | 23 | 21 | 28 | 72 |
| بەریتانیا | 19 | 13 | 15 | 47 |
| ئەڵمانیا | 16 | 10 | 15 | 41 |
| ئوستراليا | 14 | 15 | 17 | 41 |
| کۆریای باشوور | 13 | 10 | 8 | 31 |

* بەمەش منداڵە هەژارەکانی چین 51 قوتابخانەی نوێیان دەست دەکەوێت چونکە کۆمپانیای هایەری چینی بەڵێنی دابوو کە هێندەی ژمارەی ئەو میدالیە زێڕانەی لەلایەن یاریزانانی چینەوە بە دەستدەهێندرێن قوتابخانە لەناوچە هەژارنشینەکانی چین دروست دەکات.



# لەئەسیوپیاوە بۆ زیندانی چاکسازی هەولێر

## بیزا دوای ئەوەی ئەو تۆمەتەی خرایە پاڵی ڕاست دەرنەچوو بڕیارە ئازاد بکرێ



لەنجە عەبدوڵڵا
lanja@rudaw.net

**ڕووداو- هەولێر**

بیزا، کراسێکی سوورو کابۆیەکی شینی لەبەردابوو، لەچکێکی ڕەشی لەسەرسەربوو، باڵایەکی کورت و بچکۆڵەی هەبوو، کاتێک لەژووری ئەفسەرەکە دانیشت، هەردوو چاوی پڕبوون لەفرمێسک، کە وەکو دوو دەنکە مرواری سپی دەبریسکانەوە.

بیزا نەگەش کفلی، 18 ساڵ، خەڵکی وڵاتی ئەسیوپیایە، ماوەی 9 مانگە بەمەبەستی کارکرن و دابینکردنی بژێوی ژیانی خۆی و خێزانەکەی هاتووەتە کوردستان، بەڵام دوای ئەوەی لەلایەن خاوەنی ئەو ماڵەی کاری تێدا دەکرد تۆمەتی دزیکردنی دەدرێتە پاڵ، ڕۆژی 2008/7/27 بەپێی مادەی 446 یاسای سزادانی عێراق، لەلایەن پۆلیسی نەهێشتنی تاوانی عەنکاوە دەستگیر دەکرێ و ئێستا بەوهۆیەوە لەبەشی چاکسازی ژنان زیندانیکراوە.

بیزا، یەکێکە لەو هەزاران ئافرەتانەی کە بەهۆی هەژاری و دابینکردنی بژێوی ژیان لەسەرانسەری جیهاندا بڵاو بوونەتەوە، ئەو ژنانە زۆرجار لەو ماڵانەی کاریان تێدا دەکەن ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە یان بازرگانیان پێوە دەکرێت. لەکوردستانیش لەماوەی دوو ساڵی هاتنیاندا چەند حاڵەتێکی لێدانیان تۆمارکراوە.

بیزا، وەک خۆی باسیکرد تا ئێستا کچەو ژیانی هاوسەری پێکنەهێناوە "شووم نەکردووەو لەبەر هەژاری هاتوومەتە ئێرە، چونکە خێزانەکەم زۆر هەژارە، ئێمە 9 سەر خێزانین و چاوەڕێی هاوکاری مانگانەی منن".

بیزا، کە لەڕێگەی کۆمپانیای بروسک هاتووەتە کوردستان، ماوەی 5 مانگی بێکار لەکۆمپانیاکە بەسەر برد، دواتر هەر لەڕێگەی هەمان کۆمپانیاوە، بۆ ماوەی دوو ساڵ گرێبەستی لەگەڵ خێزانێکی دانیشتووی عەنکاوە مۆر کرد.

ئەو کچە ئەسیوپییە، لەبارەی چۆنیەتی مامەڵەکردنی ئەو خێزانە گوتی "ئەو ماڵە هەرچەندە ئیشی زۆریان پێدەکردم، بەڵام زۆرباش بوون لەگەڵم، زۆر ئاسودە بووم لەو ماڵە، بەڵام دواتر لەخۆیانەوە بەدزی تاوانباریان کردم" .بیزا بە پێداگیرییەوە دەیگوت هیچی نەدزیوە، گوتی خاوەن ماڵیش هیچی لە ژوورەکەیدا نەدۆزیەوە.

(س)، 45 ساڵ، ئەندازیار، خاوەنی ئەو ماڵەیە کە بیزا کاری تێدا دەکرد، کە تەنیا خۆی و کچێکی بەناوی (ل) لەو ماڵەدا دەژین و خێزانەکەی و دوو کچ و کوڕێکی لەوڵاتی سویدن. لەبارەی هەڵسوکەوتی بیزاوە گوتی "زۆرمان خۆشدەویست تەنانەت وەک منداڵێکی خۆمان حسابمان بۆ دەکردو قەت نەمانهێشتوە بەتەنیا نان بخوات و ژووری تایبەتی خۆی هەبووە، کەچی دوای ئەو هەموو چاکەیە دزی لێکردین".

ئەو ئەندازیارە دەڵێ دوای دیار نەمانی 5 ملیۆن دینار لەکۆی ئەو پارەیەی لەژوورەکەی دانابوو و دوای ونبوونی سویچی ئۆتۆمبێلی کچەکەی، گومان دەخاتە سەر بیزا، کە ئەو پارەکەی بردبێ. (س) ئاماژەی بەوەدا کە لەڕۆژی ئاشکرابوونی دیارنەمانی پارەکە سویچی کچەکەشی دۆزرایەوە. (س) بۆ ئەوەی دڵنیابێت کە دزییەکە لەماڵەکەی خۆیدا کراوە 11 ملیۆن دینار لەشوێنێک دادەنێت، بەڵام بۆ بەیانی یەک ملیۆن دینار لەو پارەیەش دیار نامێنێت.

بیزا بەدەم گریانەوە گوتی "بەیانییەک لەحەمام خۆم دەشووشت (ل) هات هاواری کرد بەسەرما، گوتی وەرە دەرەوە دزیتکردووە، پێم بڵێ چیت لەو پارانە کردووە".

هەرچەندە (س) و کچەکەی زۆر هەوڵ لەگەڵ بیزا دەدەن تاوەکو دان بەوەدا بنێت کە ئەو پارەکەی دزیوەو پارەکە بگەڕێنێتەوە، بەڵام بیزا نکۆڵی دەکات. بیزا گوتی "(س) هەر داوای دەکرد پارەکەی بۆ بگەڕێنمەوە منیش ئاگام لەهیچ نییە، نەپارەم بردووەو نەدەزانم کلیل لەکوێیە، بەڵام (س) توڕەبوو و چووە چێشخانەکەو گوتی سەرت دەبڕم منیش لەترسان لەسەر دەرگاکەوە رامکرد". بیزا بەدەم گریانەوە گوتی "خۆ من ئەو پارەیەم نەخواردووە، هەموو ژوورەکەم گەڕان یەک دیناریان نەدۆزیەوە، هاتووچۆی کەسیش ناکەم".

(س) بەپێکەنینەوە قسەکانی بیزای ڕەتکردەوەو گوتی "خۆ من قەساب نیم بەچەقۆ بیترسێنم، من کابرایەکی خوێندەوارم، من پێمگوتوە ئەگەر پێم نەڵێیت تەسلیمی پۆلیست دەکەم، ئەویش لەترسان بەسەر دەرگادا ڕایکرد، دیارە تاوانبارە بۆیە ڕادەکات، ناچارم گومانی لێبکەم، ئەی خۆ گومان لەکچی خۆم ناکەم".

موڵازم ئومێد عارەب عەبدوڵڵا، ئەفسەری نووسینگەی عەنکاوەی بەڕێوەبەرایەتی نەهێشتنی تاوان لەبارەی ئەو ڕووداوە گوتی "(س) ئەو کچەی بەتۆمەتی دزیکردن ڕادەستی پۆلیس کردووە، ئێمەش دەستمان بەلێکۆڵینەوە کرد لە ڕووداوەکە، بەڵام تا ئێستا ئەو کچە هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نییە کە ئەو تاوانەی ئەنجامدابێت چونکە ئێمە پرسیارمان کردووە ئەو کچە ناچێتە دەرەوەو پەیوەندی لەگەڵ کەس نییە، بۆیە ڕەنگە ئازاد بکرێت".

وەک لەلێکۆڵینەوەی پۆلیس دەرکەوتووە، بیزاتەنها هاوڕێیەکی هەبووە بەناوی (زەنوبە) کە ئەویش بەرەچەڵەک ئەسیوپییەو ئێستا لەلای ئەندازیارێکی تورک کاردەکات. بەپێی قسەکانی بیزا کە لەکاتی لێکۆڵینەوەدا کردوونی، ئەو 600 دۆلاری زەنوبە قەرزار بووە، بەڵام پێش ئەوەی تۆمەتی دزییەکەی بدرێتە پاڵ پارەکەی داوەتەوە.

بیزا دەڵێت "ڕاستە پارەی ئەو کچە قەرزاربووم، بەڵام لەو ماڵە مانگانە بە 200 دۆلار کارم دەکرد، جارێک 400 دۆلارم وەرگرت و جارێکیش 200 دۆلار، پارەکەم داوەتەوە قەرز".

زۆربەی ئەوکرێکارە بیانیانەی لەکوردستان کار دەکەن لەڕێگەی بانکی کوردستانی نێودەوڵەتی پارە بۆ کەسوکارییان ڕەوانە دەکەنەوە، هەر بۆیە پۆلیس بۆ دڵنیابوون پەیوەندی بە بانکی کوردستانەوە دەکات، دوای لێکۆڵینەوە دەردەکەوێت کە بیزا لەو ماوەیەدا هیچ پارەی ڕەوانەی دەرەوەی کوردستان نەکردووە.

موڵازم ئومێد گوتی "لەو 3 مانگەدا هیچ بڕە پارەیەک بەناوی بیزا نەنێردراوە، ئەمەش مانای ئەوەیە کە ئەو کچە هیچ تاوانێکی لەسەر نییە، بۆیە ڕەنگە ئازاد بکرێت".

سەمیرە، یەکێکە لەو ئافرەتانەی وەک چاودێر لە زیندانی چاکسازی ژنان لەهەولێر کار دەکات سەبارەت هەڵسوکەوتی ئەو کچە ئەسیوپییە لەناو زیندان دەڵێ "بیزا لەوەتەی هاتووە نان ناخوات و هەر دەگریێ، دەڵێ من هیچم نەکردووە، زۆر بێتاقەتە".

پارێزەر ئەحمەد شنگاری لەکۆمپانیای بروسک، سەبارەت بە هەڵوێستی کۆمپانیا بەرامبەر ئەو ڕووداوە تەنیا ئەوەندەی گوت کە "ئێمە چاوەڕێی بڕیاری دادگاین".



بیزا دوای تۆمەتبارکردنی بەردەوام دەگریێ (فۆتۆ:ڕووداو)

# چیرۆکی ئەو کچەی لەتەمەنی 8 ساڵیدا پەردەی کچێنی لەدەستداوە



ئازیز مەحمود
ڕووداو- سلێمانی

بەهێمنی و بەجلوبەرگێکی سادەوە لەسوچێکی ژوورەکەدا، چاوەڕێی ئەو ژنەی دەکرد کە بەرامبەر پارەیەکی زۆرپەردەی کچێنی دەدورێتەوە، بۆ ئەوەی لە کوشتن ڕزگاربێت. سەرگوڵ دەڵێ "تەمەنم 8 ساڵان بوو ئامۆزاکەم پەردەی کچێنی نەهێشتم".

سەرگوڵ، ناوی خوازراوی ئەو کچە 27 ساڵە شوو نەکردووەیە، کە لە پێناو پاراستنی گیان و دوارۆژی خۆی ئامادە نییە ناوی ڕاستەقینەی بڵاوبکرێتەوە. سەرگوڵ دوای دابڕانی لە خوێندن ئێستا لە قۆناخی ناوەندی دەخوێنێ. یەکێکە لەو سەدان کچەی بەبێ ئەوەی بچنە پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە پەردەی کچێنییان لەدەستداوە.

سەرگوڵ زۆر بە پەرۆشەوە هەوڵەکانی خۆی بۆ دوورینەوەی پەردەی کچێنی بەکارهێناوە "بۆ ئەوەی بنەماڵەکەم نەمکوژن"، ئەو دوای قسەکردنێکی زۆر، بڕیاریدا چیرۆکی لەدەستدانی پەردەی کچێنی خۆی بۆ (ڕووداو) بگێڕێتەوە "تەمەنم 8 ساڵان بوو شەوێکیان ئامۆزایەکم کە زۆر لەخۆم گەورەتر بوو وایلێکردم، ئەوکات هەستم بەوە نەدەکرد، بەڵام کاتێک گەورە بووم زانیم چیکردووە".

سەرگوڵ لەسەردانێکیدا بۆ ماڵی مامی لەتەمەنی منداڵیدا، ئامۆزایەکی کە بەوتەی ئەو تەمەنی 13 ساڵ بووە چەند جارێک هەوڵی فریودانی داوە، تا دواتر شەوێک دەچێتە لای و لەخەودا ئەو پەردەیەی لێتێکدەدات کە ژیانی هەزاران کچی کوردستانی لەسەر تێکچووە.

سەرگوڵ، وەک خۆی باسیکرد تاوەکو تەمەنی 15 ساڵی نەیزانیوە پەردەی کچێنی نەماوە، بەڵام کاتێک خۆی پێشانی پزیشک دەدات ئەوەی بۆ دەردەکەوێت "لەوکاتەوە تائێستا لەدڵە ڕاوکێیەکی بەردەوامدا دەژیم، نەشدەوێرام بەدایک و باوکم بڵێم کە شتێکی وام بەسەرهاتووە، دڵنیابووم دەمکوژن، چونکە بنەماڵەکەمان عەشایەرن و لەوشتانە تێناگەن".

ساڵانە بەسەدان ژن لەکوردستاندا لەژێر ناوی پاراستنی شەرەف و گەڕانەوەی شەرەف لەلایەن کەسوکارییانەوە دەکوژرێن، بەپێی ئامارێکی ڕێکخراوی ژنانی ئازاد، کە ڕێکخراوێکی ناحکومییەو لەبواری مافەکانی ژنان لەناوخۆو دەرەوەی کوردستان کاردەکات، نزیکەی 15 هەزار ژن لەسەرەتای ڕاپەڕینی ساڵی 1991 لەژێر ناوی پاراستنی شەرەفدا لەلایەن پیاوانەوە کوژراون، زیاتر لە 20 هەزار ژنیش پەنایان بۆ خۆسوتاندن بردووە.

بەپێی ئامارەکە، ڕێژەی کوشتن و خۆسوتاندن لەساڵانی 2000 بەدواوە رووی لەزیاد بوون کردووە. کە ئەوەش بەپێی قسەی (درسارا کیللەر مامۆستای ئەنسرۆپۆلۆژیا لە زانکۆی کوردستان) بەهۆی ئەو گۆڕانە خێرا ئابوورییەیە کە گۆڕانی کۆمەڵایەتیشی لەگەڵ خۆیدا هێناون و ئەو قۆناخە وەک قۆناخێکی گواستنەوەیە بۆ کۆمەڵگەی کوردی.

سەرگوڵ تاکە کچ نییە لەترسی هەڕەشەی کوشتن پەنای بۆ دورینەوەی پەردەی کچێنی بردبێت، بەوتەی ئەو کەسانەی کارەکە دەکەن، ژمارەی ئەو کچانەی بۆ ئەو مەبەستە دەچنە لای هەر یەکێکیان دەگاتە سەدان کەس لەساڵێکدا.

دوورینەوەی پەردەی کچێنی لەلایەن ئەو ژنانە کە هیچ خوێندن و مۆڵەتێکی پزیشکیی و یاساییان لەو بوارەدا نییە، لەڕێگەی چەند تەقەڵێکەوە ئەنجامدەدرێت لەناوپۆشی ئەندامی زاوزێی کچان و دواتر لەکاتی جووتبووندا لەشەوی بوکێنیدا تەقەڵەکان بەر دەبن و خوێن لەجەستەی کچەکە دێت، بەم کارەش پیاوان دڵخۆش دەبن کە کچەکە پەردەی کچێنی ماوە.

سەرگوڵ بۆ دوورینەوەی پەردەکەی بڕی 1200 دۆلاری ئەمەریکی داوەتە ئەو ژنەی بۆ ئەو مەبەستە ڕووی لە ماڵەکەیان کردووە لە شاری سلێمانی. ئەو دەبێت چەند ڕۆژێک بەر لەشوکردنەکەشی جارێکیتر سەردانی ئەو ژنە بکاتەوە کە کارەکەی بۆکردووە تاوەکو لەشەوی بوکێنیدا کێشەی بۆ دروست نەبێت.

یەکێک لەو ژنانەی کە ئێستا کاری دورینەوەی پەردەی کچێنی دەکات، ئەوەی ئاشکراکرد کە زۆربەی ئەو کچانەی دێن بۆلایان تەمەنیان بچووکە، گوتیشی "زۆربەیان بەویستی خۆیان پەردەکەیان لابراوە نەک بەزۆر، بەڵام کاتێک دێن بۆ لای من دەڵێن نەمانزانی یان منداڵ بووین، یان کەوتمە خوارەوە".

پەردەی کچێنی کە لەلایەن کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییە ئیسلامەکان جێگەی بایەخە، لە کۆمەڵگە ڕۆژئاواییەکاندا هیچ حسابێکی بۆ ناکرێت. هەروەها بەپێی ڕای پزیشکان زۆر کچ هەیە لە سکماکدا پەردەی نییە، یاخود بە خۆفرێدانی لە شوێنێکی بەرز پەردەکە لەدەستدەدات. بەپێی فتوای ئیسحاق فەیازکە یەکێکە لە چوار موفتییە گەورەکەی نەجەف دورینەوەی پەردەی کچێنی شتێکی ئاساییە، هەروەها ماوەیەک لەمەو بەریش موفتی میسر عەلی جومعە نەشتەرگەری دوورینەوەی پەردەی کچێنی حەلالکرد، کە ئەوەش بووە جێگەی نارەزایی موفتی سعودیە.

ئەو ژنە کە پەردەی کچێنی لە سلێمانی دەدورێتەوە، وتی ڕاستە ئەو لەبەرامبەر کارەکەدا پارە وەردەگرێت "بەڵام زیاتر وەک کارێکی ئینسانی ئەو کارە دەکەم، چونکە ئەو کچانە هەڕەشەی کوشتنیان لەسەرە و بەوشێوەیە لە کوشتن ڕزگار دەبن".

سەرگوڵ خۆی ئامادەکرد بۆ ئەنجامدانی کارەکە، دوای 15 دەقیقە هاتە دەرەوەو وتی "ئێستا هەستدەکەم سەرلەنوێ لەدایک بوومەتەوە".

دواتر 1200 دۆلارەکەی تەسلیم بە ژنەکە کردو ژنەکەش بەڵێنی ئەوەی لێوەرگرت کە دەبێ کارەکە بەنهێنی بهێڵێتەوە.

بەرپرسانی پزیشکی زۆر بەتووندی ڕەخنە لەکاری ئەو ژنانە دەگرن کە بەبێ خوێندن و مۆڵەت پەردەی کچێنی دەدورنەوەو بەکارێکی "نایاسایی و نا تەندروستی" لەقەڵەم دەدەن. لەهەمانکاتدا دوورینەوەی پەردەی کچێنی لە نەخۆشخانەکاندا زۆر بەئاستەم ئەنجامدەدرێ و تەنیا بەپێی ڕاپۆرتی پزیشکی و ئاگاداری کەسوکاری کچەکە ئەنجامدەدرێ.

دکتۆر شێرکۆ عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی لەو بارەوە لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) گوتی "یاسا ڕێگەی بەو کارە نەداوە، بەپێی یاسا سزای قورسی ئەو کەسانە دەدرێت کە ئەو کارە ئەنجامدەدەن، کە سزاکەی لەساڵێک تا 15 ساڵ زیندانییە".

دکتۆر شێرکۆ گوتیشی "ئەو کارە لەهەموو وڵاتێکدا قەدەخەیە، لەڕووی تەندروستیشەوە زیانی گەورە بەکەسەکە دەگەیێنێت، تەنانەت پزیشکی پسپۆڕیش ناتوانێت ئەوکارە بکات".

سەرگوڵ هەرچەندە ترسی هەیە لەوەی کە تووشی نەخۆشی ببێت، بەڵام خۆشحاڵە کە دەتوانێ بەشێوەیەکی ئاسایی شوبکات "لەوانەیە چەند شەوێک ئازار بکێشم بەهۆی دورینەکەوە، بەڵام خۆ نامرم".

ئامۆزاکەی سەرگوڵ ئێستا لەدەرەوی وڵاتە، سەرگوڵ وتی تا ئێستا ئەویش نەیزانیوە کە پەردەی نەماوە "دەترسام ئەویش باوەڕم پێنەکات و تووشی کێشەم بکات و بەماڵەوەمان بڵێت".

ئەو هاتەوە سەر گێڕانەوەی چیرۆکەکەو درێژەی بەقسەکانیدا "جارێکیان گوێم لەژنێکی دراوسێمان بوو، کە ئەو کاتە تەمەنم 14 ساڵان بوو باسی کچێکی بۆ دایکم دەکرد کە داویانە بەشوو کوڕەکە بردوویەتەوە ماڵی باوکی، چونکە کچ نەبووە، کە لەکچەکەیان پرسیوە دانی بەوەدا ناوە بەمنداڵی کوڕی دوکاندارەکەی گەڕەکی خۆیان وای لێکردووە"

سەرگوڵ گوتی "لەو کاتەوە کە گوێم لەو ژنە بوو کەوتمە دڵەڕاوکێیەوە، ژیانم هەمووی بە ترس و دوو دڵی بەسەربردووە، تا ڕۆژێکیان خۆم گەیاندە پزیشکێکی ژنان، پزیشکەکە پێیگوتم پەردەی کچێنیت نەماوە، ئەو ڕۆژە ناخۆشترین ڕۆژی ژیانم بوو".

لەوکاتەوە بارودۆخی سەرگوڵ تێکدەچێت، جگە لەوەی لەخوێندن دوادەکەوێت چەند جارێکیش هەلی شووکردنی لەدەست دەچێت ئەویش بەهۆی ئەوەی کە نەوەکا بەهۆی شووکردنەوە نهێنییەکەی ئاشکرابێت و دوایی بکوژرێت.

ئەو وتی "زۆرجار خەڵکی باش دەهاتنە داوام، بەڵام نەمدەوێرا ڕازی بم، دایک و باوکیشم چونکە نەیاندەزانی دەردی من چییە، هەر دەیانگوت بۆ شوو ناکەیت".

نەمانی پەردەی کچێنی سەرگوڵ وایکردووە کە تەنها جارێکیش بیر لەخۆشەویستی نەکاتەوە "چونکە دەترسام خۆشەویستییەکە زەواجی لێبکەوێتەوە، ڕقیشم زۆر لەپیاو دەبووەوە، هەمیشە پیاوەکانم بەئامۆزاکەم دەهاتنە پێشچاو، کە چۆن ئەوەی بەسەرهێنام".

سەرگوڵ، هێشتا لەچارەنووسی خۆی دڵنیا نییە، چاوەڕێی شەوی بووکێنی دەکات، ئایا ئەو دوو دڵۆپە خوێنە دێن کە ژیانی لەمردن ڕزگار دەکەن، یان دوو دڵۆپەکە نایێن.



## کۆمەڵایەتی



### منداڵێکی 4 ساڵی لە شیردا دەسووتێ

ڕووداو-ڕزگاری

◆ ڕۆژی 2008/8/13 کچێک بەناوی هێلین شەریف محەممەد، 4 ساڵ، خەڵکی ناحیەی ڕزگاریی پارێزگای هەولێر کەوتە ناو مەنجەڵێکی شیرو سوتا و دوای 7 ڕۆژ گیانی لەدەستدا. جەمال محەممەد مامی هێلین بە(ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ماڵی هێلین مەڕدارن، مەنجەڵێک شیریان دانابوو تاوەکو سارد بێتەوە لەو کاتەشدا هێلین یاری کردووە و بەڕاکردن بۆ لای مەنجەڵەکە چووە و کەوتووەتە ناو مەنجەڵە شیرەکە". گوتیشی "هەرچەندە شیرەکە نیو کاتژمێر بوو لەسەر ئاگر هێنرابووە خوارەوە، بەڵام 45%ی لاشەی هێلینی سوتاند".

# ئەنەس و خەولە لەناو ئۆتۆمبێلی باوکیاندا خنکان

## دراوسێیەکی ماڵی مەلا ئەمجەد: هەردوو منداڵە 2 و 3 ساڵییەکە هەوڵی خۆرزگارکردنیان دابوو، بەڵام دەرگایان پێ نەکرابووەوە



سۆران بەهائەدین
Soran2025@yahoo.com

ڕووداو-هەولێر

مەلا ئەمجەد، کاتێک ئەنەسی 2 ساڵان دەبینێت لەنێو ئۆتۆمبێلەکەیدا لەجوولە کەوتووە خێرا دەیگەیێنێتە نەخۆشخانە، بەڵام دکتۆرەکان پێیدەڵێن منداڵەکەت مردووە.

زۆری پێناچێت یەکێک لەدراوسێکانی منداڵێک دەگەیێنێتە نەخۆشخانەو دەڵێت ئەوەش وەکو ئەنەسی لێهاتووە "نەمزانی کچەکەمە، گوتم ئەوانیش وەک ئێمەیان لێ قەوما، سەیر دەکەم خەولەی کچمە، خەولە داکی بابەی!". مەلا ئەمجەد کاتێک ئەو ڕووداوە دڵتەزێنەی بۆ (ڕووداو) دەگێڕایەوە، لەبەر گریان بۆ ماوەیەک بێدەنگ بوو و لەبەر گریان قسەی پێنەکرا.

ڕۆژی 2008/8/18 کچێکی 3 ساڵان بەنێوی خەولە ئەمجەد، برایەکی دوو ساڵانیشی بەنێوی ئەنەس ئەمجەد، لەنێو ئۆتۆمبێلەکەی باوکیان لەنێو ماڵی خۆیاندا بەهۆی داخرانی جامی ئۆتۆمبێلەکەو گەرمای ناوی و نەمانی ئۆکسجین خنکان.

مەلائەمجەدوتارخوێنیمزگەوتیشەهید عەبدولقادر (مزگەوتی پیرەژنان) لەشاری هەولێر ڕۆژێک دوای مەرگی منداڵەکانی، ڕووداوەکەی بۆ (ڕووداو) دەگێڕایەوە، وەک کەسێکی ترس لێنیشتوو دەهاتە بەرچاو، ئەوەندە گریا بوو چاوەکانی سۆر هەڵگەرابوون، ناوبراو لەبارەی چۆنیەتی خنکانی منداڵەکانی گوتی "هەموو جارێک کە دەرگای ئۆتۆمبێلەکەم دەکردەوە یەکسەر منداڵەکان سوار دەبوون، ئەو ڕۆژە لەسەردانی ماڵی خزمێکی نەخۆشمان دەهاتمەوە، پێش نیوەڕۆبوو، ئۆتۆمبێلەکەم لەماڵێ ڕاگرت، ماڵمان لەتەنیشت مزگەوتە، بە کەمتر لە کاژێرێک چوومە مزگەوت نوێژی نیوەڕۆم کردو گەڕامەوە ماڵ، کە هاتمەوە تەماشام کرد ئەنەس لەناو ئۆتۆمبێلەکەیە وامزانی نووستووە".

ئەو مەلایە 3 ژنی هێناوەو دوو منداڵە مردووەکەی هی یەک ژنن، وەک خۆی باسیکرد ئەنەسی لەسەرجەم منداڵەکانی دیکە خۆشترویستووە بۆیە کە لەنوێژی نیوەڕۆ لەمزگەوت دەگەڕێتەوە و ئەنەس لەسەر سفرەی نان خواردن نابینێت پرسیاری دەکات "ئەنەسم زۆر خۆشدەویست، هەر لەگەڵ من بوو، منداڵەکان چووبوونە ناو ئۆتۆمبێل نیوەڕۆیانیش زۆر گەرمە، منداڵەکان بەرگەی گەرمی و کەمی هەوایەکەیان نەگرتبوو، خوداش وای کرد ئێمە ئەقڵ و هۆشمان نەمێنێت، هەموومان لەبیرمان کردبوو کە ئەو منداڵانە لەکوێن، کاتێک گوتیان منداڵەکان دیارنین، وامزانی لە ناو ئۆتۆمبێلەکە نوستوون، دەستم دایە ئەنەس سەیر دەکەم مردووە".

(ڕووداو) زۆر هەوڵیدا دایکی منداڵەکان بدوێنێت، بەڵام دایکیان لەبەر گریان نەیتوانی هیچ بڵێت، تەنانەت وێنەی منداڵەکانی لەدەست گرتبوو نەیدەهێشت کەس دەستیان لێبدات.

مەلا ئەمجەد چەندین جار ئەو قسەیەی دووبارە دەکردەوە کە ئەو ڕووداوە قەدەری خودایە "ئەگینا چەندین جاری دیکە منداڵەکان بۆ یاریکردن چوونەتە ناو ئۆتۆمبێلەکە، بەڵام قەدەری خودا بوو کە بیرمان چوو بوو دەرگاکە بکەینەوە، نەمانزانی ئەوانە چۆن چوونەتە ناوی و چۆن مردن، دوو منداڵم لەماڵی خۆم خنکان، وتاری هەینی ڕابردووشم لەسەر قەزاو قەدەر بوو".

مام ڕەسوڵ، کە یەکێکە لەو کەسانەی لەومزگەوتە لەدوای مەلا ئەمجەتەوە نوێژ دەکات، گوتی "کاتێک مامۆستامان بینی ئەنەسی لەباوەش کردووەو هاوار دەکات مردووە، زۆر پێی کاریگەر بووین، لە زیکردا بووین، زیکرەکەمان جێهێشت پێمانگووت خێرا بیگەیێنە نەخۆشخانە، بەڵکو نەمردبێ".

هەرچەندە مەلا ئەمجەد دڵنیابوو کە ئەنەسی کوڕی خنکاوە، بەڵام لەسەر داوای دراوسێییەکانی گەیاندییە نەخۆشخانەی فریاکەوتن، بێئاگا لەوەی کە خەولەی کچیشی لەناو ئۆتۆمبێلەکەدا مردووە.

محەممەد، کە دراوسێی ماڵی مەلا ئەمجەدە و لەکاتی ڕووداوەکەدا بەهاوارییانەوە چوو بوو گوتی "بینیمان منداڵێکی دیکەشیان لەناو ئۆتۆمبێلەکە خنکاوە، کە خەولەی تەمەن 3 ساڵ بوو، خێرا دەرمانهێناو بردمانە نەخۆشخانە".

ئەو دراوسێیەی ماڵی مەلا ئەمجەد، باسی هەوڵی ئەنەس و خەولەی کرد بۆ خۆ ڕزگارکردن و گوتی "دوو منداڵەکە دەرگایان پێ نەکرابووەوە، بەڵام دیاربوو هەوڵی ڕزگاربوونیان دابوو، چونکە خەولە کەوتبووە شوێنی پێی شۆفێر، کەف و ئاو لەدەمی دەهاتە خوارەوە".

مەلا ئەمجەد، بێئاگا لەوەی کە خەولەی کچیشی مردووە، کاتێک محەممەدی دراوسێیان دەبینێت منداڵێکی بەباوەشەوەیە، ویستویەتی دڵنەواییان بداتەوە، مەلا ئەمجەد گوتی "خەولەم هەر نەدیتبوو لەناو ئۆتۆمبێل، کاتێکم زانی منداڵێکیان هێنایە نەخۆشخانە گوتیان مامۆستا ئەوەش وەک ئەنەسی لێهاتووە، نەمزانی منداڵەکەی خۆمە گوتم ماڵمان کاول ئەوانیش وەک ئێمە لێیان قەوماوە، دەمگوت ماڵم کاول بۆ ئەنەس، سەیر دەکەم خەولەی کچمە، خەولە خان داکی بابەی".

دوای ڕووداوەکە لەنێو خەڵک و هەندێک دەزگای ڕاگەیاندن بڵاو کرایەوە، کە ئەو دوو منداڵە بەهۆی کەمتەرخەمی کەسوکارییان وایان بەسەر هاتووە، گوایە باوکیان چووەتە مزگەوت و دەرگای ئۆتۆمبێلەکەی لەسەر منداڵەکان داخستووە.

مەلا ئەمجەد ئەوەی ڕەتکردەوەو گوتی "ئەو قسانە ڕاست نین، ئەو ژنانەی من زۆر لەخەمی منداڵەکان دان، زۆرمان بەزەیی بەمنداڵ دا دێتەوە، ئەو دوو منداڵەمان زۆر ئاقڵ و جوان و خۆشەویست بوون". گوتیشی "زۆر بەو قسە هەڵبەستراوانە دڵتەنگم، زۆر نارازیم لەهەندێک لەکەناڵەکان، لەبەر ئەوەی هیچ دەسەڵاتم بەسەریاندا ناشکێ بۆیە حەوالەی خوایان دەکەم".



ئەنەس تەمەن 2 ساڵ



خەولە تەمەن 3 ساڵ

# سەگەکەی ئەیوب تالیبی بە کوشتندا

زیاد ئیسماعیل
ڕووداو-شاوێس

بەهۆی دەمەقاڵێ لەسەر سەگێک، گەنجێک کوژرا و دوای تێپەڕبوونی 4 کاتژمێر بکوژەکە دەستگیر کرا. بەڵام بەڕێوەبەری پۆلیسی دەشتی هەولێر لەلێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) هۆکاری ڕووداوەکەی گەڕاندەوە بۆ کێشەیەکی کۆنی نێوان دوو گەنجەکە.

تالیب شێخ محەممەد،تەمەن 24 ساڵ، دانیشتووی کۆمەڵگەی شاوێس 10 کلیۆمەتر لەڕۆژهەڵاتی شاری هەولێر دوورە، شەوی 17 لەسەر 2008/8/18 لەلایەن کەسێک بەناوی ئەیوب خالید،تەمەن 33 ساڵ، کە دانیشتووی هەمان شوێنە لەسەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی بەدوو گوللە کوژراو دواتر ئەیوب لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیر کرا.

بەپێی قسەی ئەمیر سەعید، کە کوڕە پوری تاڵیبەو ئاگاداری ڕووداوەکە بووە، ڕووداوەکەی نێوان ئەو دوو کەسە لەسەر ئەوە هاتەکایەوە کە ئەیوب سەگێکی هەبووەو لەکاتی تێپەڕینی تالیب بە بەردەم ماڵی ئەیوبدا سەگەکە بەتالیب وەڕیوە، دواتر ئەیوب بەبیانووی ئەوەی تالیب سەگەکەی ئازار داوە تەقەی لێکردووەو کوشتوویەتی.

ڕازییە قادر، کە دایکی تالیبە، سەرتاپای جلەکانی ڕەشبوون، لەنێو پرسەی ژناندا بەهۆی لە هەموان خەمبارتر دیاربوونی بە ئاسانی دەزاندرا کە ئەو دایکی گەنجە کوژراوەکەیە. ئەو کە بەهۆی کوژرانی کوڕەکەی بە ئاستەم قسەی پێدەکرا، لەو کاتەوەی هەواڵی مەرگی کوڕەکەی بیستووە تووشی شۆک بووە.

ڕازییە گوتی "هەرئەوەندە دەزانم خەبەریان دامێ گوتیان تالیبیان داوەتە بەرگوللە ئیدی ئاگام لەخۆم نەما، ئێستاش نازانم دونیا شەوە یا ڕۆژە"، بەدەم هەڵڕشتنی فرمێسکەوە ڕازییە گوتی" تالیب کوڕێکی تابلێی بێ کێشە بوو، کێشەی لەگەڵ کەس نەبوو".

بەوشێوەیە دایکی تالیب لەبەر گریان چیتر قسەی پێنەکرا.

ئەمیر سەعید، کە یەکێکە لەشایەتحاڵەکان، ڕووداوەکەی وەها گێڕایەوە "من و تالیب، لەماڵی کوڕە پورێکم دەگەڕاینەوە، بەبەردەم ماڵی ئەیوبدا ڕۆیشتین، سەگەکەی ئەیوب پێمان وەڕی، تالیبیش چەقەنەی بۆ سەگەکە لێدا، لەوکاتەدا ئەیوب هاتە دەرەوە، دەستی بەجنێو دان کردو لەگەڵ تالیب بوو بەدەمەقاڵێیان، دواتر ئەیوب چەند فیشەکێکی بەهەوادا تەقاند، ئینجا لولەی تفەنگەکەی ئاراستەی ئێمە کردو دوو گوللەی لەتالیب دا".

بەپێی قسەی ئەمیر، کوژراو و بکوژ خزمی نزیکی یەکترن و پێشتر هیچ کێشەیەکیان لەنێواندا نەبووە، بەڵام تالیب بەردەوام کێشەی لەگەڵ کوڕە پورەکانی ئەیوبدا هەبووە، کە ماڵیان بەرامبەرماڵی تالیبە. ئەزوەر ڕحەمە سابیر ئامۆزای تالیبی کوژراو قسەکانی ئەمیری پشتڕاستکردەوەو گوتی "ئەیوب و تالیب هیچ کێشەیان لەنێواندا نەبووە".

ئەزوەر باسی ئەوەشیکرد کە ئەوو تالیب زۆربەی کات پێکەوەبوونە، تەنانەت ئەو شەوەش کە لە ماڵی ئەوان دەگەڕاوە تووشی ئەو ڕووداوە بوو و کوژرا. ئەزوەر لەبارەی ڕووداوەکە گوتی "دوای ئەوەی گوێبیستی گوللەکان بووم، تەلەفۆنیان بۆ کردم کەتالیب برینداره، بە پەلە چوومە لای، گەیاندمانە نەخۆشخانە، دوای 10 دەقیقە، دکتۆر پێیگوتین بەخۆتان خۆشبن".

ئەزوەر لەسەر ژیانی تایبەتی تالیب قسەی کردو گوتی، تالیب تەمەنی 24 ساڵ بوو، هێشتا ژنی نەهێنابوو، تا پۆلی شەشەمی سەرەتایی خوێندبوو، دواتر وازی لەخوێندن هێناو دەستی بەکاسبی کرد، بەر لەوەی بکوژرێت شوفێری تەنکەر بوو" کوڕێکی تا بڵێی لەخوا ترس و بەرەوشت بوو، هاتووچۆی هەر ماڵێکی بکردایە وەکو کوڕی خۆیان حیسابیان بۆ دەکرد".

ئەزوەر کە ئاگاداری کێشەی نێوان تالیب و کوڕە پوورەکانی ئەیوب بووە گوتی "کوڕە پورەکانی ئەیوب ماڵیان بەرامبەر ماڵی تالیب بوو، خانوویان بەرز بوو، هەموو جار بە فانیلەی عەلاگە و جلی ڕووتەوە دەچوونە سەر بان، تاڵبیش غیرەتی هەبوو ئەمەی پێ قبوڵ نەدەکرا، چەندین جاریش ئاگاداری کردبوونەوە".

هەروەها ئەزوەر لەبارەی ئەیوبی بکوژیش گوتی "بکوژەکە ماتۆڕێکی هەبوو، زۆرجار سەگەکەی لەدوای ماتۆڕەکە دەبەستەوە، بە بەر دەرگادا دەهات و گێچەڵی پێدەکردین، ئەو کوڕە چەندینجار لە بنکەی پۆلیس لەسەر شەڕ کردن شکاتی لێکراوەو دەستگیر کراوە، زۆرجاریش مووی سەگەکەی دەبڕییەوەو بە کۆڵاندا پەرت و بڵاوی دەکردەوە". ئەوەش بەهۆی بە گاڵو تەماشاکردنی سەگ لەلایەن کۆمەڵگەی کوردەوارییەوە بە کارێکی ناپەسەند دادەنرێ.

بەڵام پۆلیس ڕووداوی کوشتنەکە بە ناکۆکییەکی کۆنتری نێوان هەردوو خێزانەکە دەبەستێتەوە و بەدووری دەزانێ کێشەکە تەنیا پەیوەندی بە وەڕینی سەگ و چەقەنە بۆ لێدانییەوە هەبێت. عەمید خەیرەدین شەهابەدین، بەڕێوەبەری پۆلیسی دەوروبەری هەولێر لەوبارەوە گوتی "ئەو دوو بنەماڵە پێشتر لەسەر دیوارێک کێشەیان لەنێواندا دروستبووە، تالیب بە بەردەم ماڵی ئەیوبدا ڕۆیشتووەو بووەتە دەمەقاڵێیان، دواتر ئەیوب بە کلاشینکۆفەکەی دوو فیشەکی لە تالیب داوەو کوشتوویەتی".

ئەیوب ئێستا لەزیندان دایەو چاوەڕێی ڕۆژی دادگاییکردن دەکات لەسەر تاوانی هەبوونی چەکی بێ مۆڵەت و کوشتن، عەمید خەیرەدین دەڵێ "تاوانبار ئەیوب خالید، کە تالیب شێخ محەممەدی کوشتووە، لە لێکۆڵینەوەدا دانی بەتاوانەکەیدا نا و بەپێی مادەی 21ی چەک و کوشتن دەستگیر کراوە".

ماڵی تالیبیش وەک ئەزوەر باسیکرد تاکە مەرجیان بۆ لێخۆشبوون لەبنەماڵەی ئەیوب ئەوەیە کە نەگەڕێنەوە ناوچەکەو ئەیوبیش لەشوێنی تالیب بکوژرێتەوە.





تالیب شێخ محەمەد

# ئۆڤەر پاسی چوارڕیانی سەرچنار یەکەم بەرزەپردی سلێمانی

**هەڵۆ ئەبوبەکر – سلێمانی**

ئەو ژمارە زۆرەی ئۆتۆمبێل لە سلێمانی و بەرتەسکی ڕێگاوبانەکان وایکردووە لە ماوەی ساڵێکدا دوو پرد بۆ ئۆتۆمبێل لە سلێمانی دروست بکرێن، ئۆڤەر پاسی چوارڕیانی سەرچنار سێیەم پردە و یەکێکە لەو پرۆژە گەورانەی ئێستا لە ژێر جێبەجێکردندایە و وابڕیارە لە سەرەتای مانگی10 دا تەواو ببێت و، شەش ئەندەر پاس (پردی ژێرەڕۆ)ی دیکەیش لە قۆناغی کەشفکردندان بۆ جێبەجێکردن لە فولکەکانی سلێمانی.

ئۆڤەر پاسover pass، بە مانای پردی هەڵواسراو دێت و ناوێکە بۆ ئەو پردانە بەکاردێت کە بە شێوەیەکی هەڵواسراو بە سەر پردێکی دیکەدا دروست دەکرێن، لەبەرامبەریشدا ئەندەر پاسunder pass بە مانای پردی ژێرەڕۆ دێت کە وا بڕیارە 6 ئەندەر پاس لەسەر بودجەی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی (لە بەردەم مۆزەخانەی سلێمانی و بەردەم پالاس و فولکەی یەکگرتن و فولکەی مەجیدبەگ و فولکەی کاوەی ئاسنگەر و فولکەی مامەڕیشە) دروستبکرێن و ئێستا لە قۆناخی دیزاین و کەشفکردندان.

پرۆژەی ئۆڤەر پاس و ئەندەر پاس نمونەیەکی نوێیە لە دیزاینی ڕێگاوبان بۆ شەقامە یەکتربڕەکانی شاری سلێمانی، ئەو پرۆژەیە کە لە پێنج شەقامی یەکتربڕدا دروست دەکرێت، بڕی (25)ملیار دیناری بۆ تەرخانکراوەو یەکێکە لە پرۆژە گەورەکانی ئەمساڵی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی، گەورەترین بەشی ئەو ئۆڤەر پاسە پرۆژەیەکی گەورەیە بە بڕی 8،646،000،000 هەشت ملیار و شەش سەدو چل و شەش ملیۆن دینار، لە چوارڕیانی سەرچنار جێبەجێدەکرێت و نزیکەی سێ مانگە کاری تێدا دەکرێت و تاوەکو ئێستا 50%ی کارەکانی تەواو بووە و وا بڕیارە لە 2008/10/10 هەمووی تەواو ببێت .

ئەنوەر ساڵح، بەڕێوەبەری گشتی پرۆژەکە و ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی، هۆکاری دروستکردنی ئەو ئۆڤەر پاسەی لە چوارڕیانی سەرچنار گەڕاندەوە بۆ ئەو قەرەباڵغییە زۆرەی لەسەر ئەو پردە هەیە کە بەو هۆیەوە هاووڵاتیان کاتێکی زۆریان لێ بەفیڕۆ دەڕوات .

ئەو ئەندامەی ئەنجوومەنی پارێزگای سلێمانی، وتیشی"ئۆتومبێلەکان لە ڕێگای تاسلوجە-بازیانەوە بەرەو ناوشارو بە پێچەوانەشەوە دێنە ناو سلێمانی و دەردەچن و، هیچ ترافیک و وەستانێک نایێتە سەر ڕێگایان".

ئەو پرۆژەیە لەلایەن کۆمپانیای کەتوشی ئێرانییەوە جێبەجێدەکرێت، هەر ئەو کۆمپانیایەش دیزاینی بۆ کردووە، ئەوە سێیەم پرۆژەیەتی لە کوردستان و پێشتریش پردێکی لەسەرئاوی سەیرانگای قەشقۆڵی و پردێکیشی لە مەرزی باشماخ دروستکردووە.

حەوت ئەندازیار سەرپەرشتی کۆی پرۆژەکە دەکەن و ڕۆژانە نزیکەی 33 کرێکار کاری تێدا دەکەن.

ئەندازیار عادل شوکر، کە لەم پرۆژەیەدا ئیش لەگەڵ کۆمپانیای کەتوش دەکات، پێیوایە ئەو ئۆڤەر پاسە سیمایەکی ئەندازیاری جوان دەبێت بۆ شاری سلێمانی و گوتیشی"گرنگیدانی پارێزگای سلێمانی بەم جۆرە پردانە کارێکی زۆر باشە بەتایبەت بۆ کەمکردنەوەی قەرەباڵغی هاتووچۆی ئۆتۆمبێل لە سلێمانی".

ئەو چوارڕییانە ڕێگای بەردەوامی پاسەکانی سەرچنارە و لەم ساڵانەی دواییدا و بەهۆی قەرەباڵغی ئەو چوارڕیانە ئەو پاسانە هەمیشە کێشەیان بۆ دروستبووە، بۆیە ئێستا زۆر گەشبینانە دەڕواننە ئەو پرۆژەیە. ئازاد محەممەد، ماوەی سێ ساڵە شۆفێری پاسە لە خەتی سەرچنار، وتی "ئەو پردە کارێکی زۆر باشە، ڕۆژ هەبووە پێنج دەقیقە لەسەر ئەم پردە چاوەڕوانی ترافیکم کردووە، زۆر ڕۆژیش لە قەرەباڵغیدا ڕووداوی ئۆتۆمبێل ڕوویداوە".

بە وتەی بەڕێوەبەری گشتی پرۆژەکە، لەگەڵ ئەوەی تا ئێستا ئیشەکان باش بەڕێوەدەچن و 50% کارەکانی تەواو بووە، بەڵام چاوەڕواندەکرێت پرۆژەکە چەند هەفتەیەک بەهۆی درەنگ گەیشتنی ڕایەڵەکانی پردەکە، کە لە ئاسن دروستکراون و لە ئێرانەوە دێنە کوردستان دوابکەوێت.

بەگشتی هەموو هاووڵاتیانی شاری سلێمانی سوودمەند دەبن لەم پرۆژەیە و بەتایبەتیش ئەو ناوچانەی دەکەونە سەر چوارڕیانەکەی سەرچنار، قەرەباڵغی ئۆتۆمبێل هەمیشە لەو چوارڕیانە کێشەی هاتووچۆی بۆ دروستکردوون.

شۆخان عەبدوڵڵا،کە تەمەنی 28ساڵە و مامۆستایە، وتی" چەندین جار بەهۆی ئەو قەرەباڵغییەوە لە دەوام دواکەوتووم، ئەگەر ئەو پردە بتوانێت ئەو قەرەباڵغییە چاک بکات، ئێمە زۆر سوودمەند دەبین".

کارمەندانی هاتووچۆ پێیانوایە ئەو پردە ئاسانکارییەکی زۆر بۆ کارەکانیان دەکات.

بێستون عەبدوڵڵا، پۆلیسی هاتووچۆ، پێیوایە دروستکردنی ئەو پردە ئاسانکارییەکی زۆر دەکات بۆ کارەکانیان و وتیشی"بەهۆی قەرەباڵغی چوارڕییانەکەوە ڕۆژانە نزیکەی چوار پێنج ڕووداوی هاتووچۆ لەم چوارڕیانە ڕوودەدات".



پرۆژەی دروستکردنی بەرزە پردی چوارڕیانی سەرچنار (فۆتۆ: هەڵۆ ئەبوبەکر)

## پارێزگای سلێمانی

# بە 3 ملیار دینار پرۆژەی ئاو و ئاوڕۆ بۆ دوو گەڕەک جێبەجێدەکات



**عەبدولڕەحمان ئەبوبەکر– سلێمانی**

لەچوارچێوەی بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان، پارێزگای سلێمانی بەبڕی 3 ملیار دینار چەند پرۆژەیەکی ئاو ئاوەڕۆ لەگەڕەکانی شاری سلێمانی ئەنجامدەدات.

پارێزگای سلێمانی سەرقاڵی جێبەجێکردنی پرۆژەیەکی ئاو و ئاوەڕۆییە لە دوو گەڕەکی نوێی ڕاپەڕین، درێژی ئەو پرۆژەیە کە 50 کیلۆمەترە، لەشێوەی لولەی بۆڕۆنی (d) دایە و هەردوو گەڕەکی 29 و بەشێک لەگەڕەکی 23 ی ڕاپەڕین دەگرێتەوە و بڕی 3 ملیار دیناریشی تێدەچێت.

پرۆژەکەش لەلایەن کۆمپانیای عەقاری جێبەجێدەکرێ، کە بەشی ئاوی خواردنەوە 20 کیلۆمەترەو بەشی ئاوەڕۆشی 30 کیلۆمەتر دەبێ، ماوەی تەواو بوونی پرۆژەکەش 175 ڕۆژەو تاوەکو ئێستاش 35%ی کارەکانی تەواو بووە، بڕیاریشە پرۆژەکە لە 2008/11/30 تەواو ببێت.

حاجی ئاسۆ، خاوەنی کۆمپانیای عەقاری، لەو بارەیەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند زۆر بەخێرایی کار لەپرۆژەکەدا دەکەن بۆ ئەوەی لەوادەی دیاریکراوی خۆیدا تەواو بێ.

ناوبراو گوتی "جۆری ئەو بۆڕیانەی بۆ ئاو و ئاوەڕۆکانی دادەنێین بریتین لەجۆرەکانی دەک تایە کە ئەم جۆرە بۆڕییانە بۆ پرۆژەی ئاو و ئاوەڕۆ زۆرباشەو ئەسڵین، هەروەها 270 بۆ 300 مەتر مەنهۆڵیشمان هەیە لەپرۆژەکەدا".

ئەو دوو گەڕەکەی کە پرۆژەکانیان تێدا ئەنجامدەدرێت لەو گەڕەکە نوێیانەن، کە بەمدواییە دروستکراون، زۆربەی دانیشتووانیشی ئەو فەرمانبەرانەن، کە حکومەتی هەرێمی کوردستان زەوی پێداون.

محەممەد حەمەتالیب، سەرۆکی شارەوانی ڕاپەڕین، لەبارەی گرنگی پرۆژەکەوە گوتی" ئەو پرۆژەیەی پارێزگا جێبەجێی دەکات زیاتر لە 1000ماڵ لێی سوودمەند دەبن بەو پێیەی پرۆژەکە خزمەتگوزارییە و ئەو گەڕەکانە پێداویستییەکی زۆریان بەو پرۆژانە هەیە".

ناوبراو گوتیشی "ئێمە خۆمان ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی پرۆژەکە دەکەین و هەروەها زۆر بەخێرایی کاری تێدا دەکرێت، وا بڕیارە لەداهاتوویەکی نزیکدا پارێزگای سلێمانی دوو پرۆژەی هاوشێوەی ئەو پرۆژەیەمان بۆ دروست بکات".

# بەرهەمی کشتوکاڵی خۆماڵی سلێمانی دادەپۆشێ

## ئامێری بارانی دەستکرد دەهێندرێتە کوردستان



**نەوزاد مەحمود**
**ڕووداو–سلێمانی**

حەیدەری کوێخا محەمەد، کە 49 ساڵی ڕەبەقە خەریکی کاری کشتوکاڵییە، وەکو هەر یەکێک لەجوتیارەکانی دیکە هاتبوو تاوەکو 840 کیلۆ کولەکە و خەیارو تەرۆزی بەرهەمی کێڵگەکەی لەعەلوەی سلێمانی ساخ بکاتەوە، حەیدەر گوتی "ئەگەر حکومەت لەدابینکردنی دەرمان و تۆوی باش هاوکاریمان بکات، ئێمەش بەروبومی جوان دێنینە بازاڕەوە". بەپێچەوانەی بۆچوونی زۆربەی جوتیارەکانی دی گوتی "ئەمساڵ ئاستی بەرهەمی میوەو سەوزە هیچی وای لەساڵانی دیکە کەمتر نەبووە".

سەرەڕای بێبارانی و وشکەساڵی، لەتەنیا 2008/8/16دا 641 تەن و 326 کیلۆ بەرهەمی کشتوکاڵی خۆماڵی جوتیاران هاتووەتە عەلوەی سلێمانی و بەرپرسێکیش لەبەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی سلێمانی ڕایگەیاند بەپێی پلانی وەزارەتی کشتوکاڵ لەماوەی دووساڵی داهاتوودا، بازاڕەکانی کوردستان، پێویستیان بەسەوزەی دەرەوە نابێ.

مژدە کەریم، بەڕێوەبەری خزمەتگوزارییەکانی کشتوکاڵی لەبەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی سلێمانی، بەرزبوونەوەی هەیبەتی میوەی خۆماڵی لەپشت ئەو بەرنامەیەوە دەبینێتەوە کەوەزارەتەکەیان ماوەی یەک ساڵ و نیوە پەیڕەوی دەکات و هاوکات چەند هەواڵێکی خۆشیش بەجوتیارانی کوردستان دەدات، کە لەچوارچێوەی پرۆژەیەکی ستراتیژی وەزارەتی کشتوکاڵدایە "لەسنوری هەر پارێزگایەک، دوو ناوچەمان هەڵبژاردووە، کەپارەی گواستنەوەی بەرهەمەکانیان بەشێوەی لە50% خەرج دەکەین و لەسنووری پارێزگای سلێمانیش، ناوچەی پێنجوێن و شارباژێڕ و هەڵەبجەمان هەڵبژارد، بۆ ساڵی 2007". ناوبراو گوتیشی " کاتێک بەرنامەکەمان لەساڵی 2007 سەرکەوتنی بەدەست هێنا، جوتیاران ئومێدیان بۆ گەڕایەوەو لەهاوینی ئەمساڵدا، بەرهەمی خۆماڵی سەری بەرز کردەوە.

بەپێی قسەی مژدە هەوڵدەدەن بەرنامەکەیان هەموو سنووری پارێزگای سلێمانی بگرێتەوەو کرێی گواستنەوەش بۆ هەموو جوتیاران بەشێوەی لە100% خەرج دەکەن و پاڵپشتی 20جۆری میوەو سەوزە دەکەن، لەکاتێکدا ساڵی پار تەنها پاڵپشتی 8 بەرهەمیان کردووە".

بەپێی ئەو زانیاریانەی بەڕێوەبەرایەتی خزمەتگوزاری کشتوکاڵی بە (ڕووداو)ی داوە، تەنیا لەو دوو ناوچەی کە وەزارەتی کشتوکاڵ پاڵپشتیکردوون، لەماوەی پێنج مانگی ساڵی 2007دا نزیکەی 11 هەزار تەن بەرهەمی خۆماڵی گەشتووەتە عەلوەی سلێمانی، کە زیاتر لە 306 ملیۆن دینار لەلایەن وەزارەتی کشتوکاڵەوە بۆ گواستنەوەی ئەو بەرهەمانە خەرجکراوە، هەر بەپێی زانیاری هەمان سەرچاوە لەماوەی 3 مانگی ئەمساڵیشدا 10هەزار تەن و217 کیلۆ بەرهەمی خۆماڵی گەیشتووەتە عەلوەی سلێمانی ".

عومەر ڕەزا، دوکاندارێکی عەلوەکەی سلێمانییەو لەتەنیشت قەپانە گەورەکەیەوە سەرگەرمی کێشانی فەردە پیازەکانی بوو گوتی "ئەمساڵ بەرهەمی خۆمانە زۆرە، تەماتەی پێنجوێن و قۆخ و بامێ زۆر زۆرە " گوتیشی "ئەمساڵ شوتی شارەزوورو تەماتەی پێنجوێن وەک خۆڵ وان، ڕۆژانە 300پیکاب شوتی دەڕوات بۆ باشوورو ناوەڕاستی عێراق".

بەڕێوەبەری خزمەتگوزارییەکانی کشتوکاڵیش لە بارەی ڕێگەگرتن لە چوونە دەرەوەی بەرهەمی خۆماڵی دەڵێت " ئەو جۆرە بەرهەمانە لەپێویستی ناوخۆ زۆرترن".

ئەگەرچی خەڵکی کوردستان چاوەڕێی ئەوەی دەکرد کە ئەمساڵ بەهۆی وشکەساڵییەوە بەرهەمی کشتوکاڵی زۆر کەم بێت، بەڵام، حەسەن تۆفیق، 60ساڵ، کە زیاتر لە 30 ساڵە لە عەلوەی سلێمانی کڕین و فرۆشتنی بەکۆمەڵی میوەو سەوزە دەکات گوتی "شوکر بەروبووم ئەمساڵ ئێجگار زۆرە".

ئەو هۆکارەکەشی بۆ زۆربوونی خانووی پلاستیکی و بایەخی وەزارەتی کشتوکاڵ بەبەرهەمی جوتیاران و دانانی گومرگ لەسەر بەرهەمی دەرەکی گەڕاندەوەو گوتی "ئەگەرچی بەرهەمی ناو خانووی پلاستیکی تامی بەرهەمی سروشتی نادات، بەڵام مادام هی خۆمان بێت هەر باشترە".

حەسن تۆفیق زۆر سەرسامە بە تەماتەی پێنجوێن و دەڵێت "کاتێک تەماتەی ناوچەکانی دیکە بەسەر دەچێت، تەماتەی پێنجوێن پێدەگات، لەجوانی و تامیشدا، تەماتەکەی بێوێنەیە".

زانا محەمەد مەجید، بەڕێوەبەری توێژینەوەی کشتوکاڵی لەبەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لەماوەی ئەمساڵدا 35خانووی پلاستیکی دیکەمان بەسەر جوتیاراندا دابەش کردووەو بەنیازین هەر ئەمساڵ 20 ی دیکەش دابەش بکەین، چونکە ئەوانەی ساڵی پار دابەشمان کردبوون، سەدلەسەد سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە".

جگە لەوەزارەتی کشتوکاڵ، کەرتی تایبەتیش لەبایەخی ئەو خانووە پلاستکییانە تێگەیشتووە و بەپێی قسەی زانا کەرتی تایبەت لەو بوارە پێش وەزارەتی کشتوکاڵ کەوتووەتەوە "لەدەڤەری سلێمانیدا، کەرتی تایبەت 150 خانووی پلاستیکی دامەزراندووە، کە جگەلەوەش، جوتیارانیش سەربەخۆ ئەو کارە دەکەن".

بەپێی ئەو لیستەش کە لەبەر دەستی بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی خزمەتگوزای کشتوکاڵیدایە، لەو پرۆسەی پاڵپشتی کردنەدا 282 گوند کەووتونەتە چوارچێوەی پرۆسەکەوەو 3132جوتیاریش لەپرۆژەکە سوودمەند بوون.

پرۆژەی خانووی شوشەیی بازیان، کە گروپی کۆمپانیاکانی هەڵەبجە بەڕێوەی دەبەن و پرۆژەیەکی کشتوکاڵی کەرتی تایبەتە، یەک لەو پرۆژانەیە کە بەڕێوەبەری توێژینەوەی کشتوکاڵی باسیان دەکات.

ڕزگار قادر حەمە، لەگروپی کۆمپانیاکانی هەڵەبجە لەبارەی پرۆژەکەیانەوە گوتی"پرۆژەکەمان لەسەر ڕووبەری 137 هەزار مەتر چوارگۆشە دروستکراوەو 14900 درەختی لەجۆرەکانی سێو، زەیتون، هەنار، گێلاس و قۆخ تێدایە، لەسەر ئاستی کوردستانیش، بێوێنەیە". ڕزگار گوتیشی"ئەوەی وەزارەتی کشتوکاڵ وەک هاوکاری و ئاسانکاری پێشکێشی جوتیاران و کۆمپانیاکانی دەکات، لەهیچ وڵاتێک ناکرێت و ئەگەر لەسەر ئەو بەرنامانە بەردەوام بن، لەماوەی چەند ساڵی داهاتوودا، کەرتی کشتوکاڵ بەتەواوی دەبوژێتەوە ".

وەک بەڕێوەبەری پرۆژەی خانووی شووشەیی بازیان باسی دەکات، ئەوان تەنها لەماوەی دوو ساڵدا پرۆژەکەیان دامەزراندووەو ئێستا عەلوەی سلێمانی تارادەیەکی زۆرباش پشت بەمیوەو سەوزەی ئەوان دەبەستێت.

مژدە کەریم عەبدوڵڵا، جگە لەو بەرنامەیە، پرۆژەیەکی دیکەی وەزارەتی کشتوکاڵ بۆ ڕووبەڕوبونەوەی وشکەساڵی ئاشکرا دەکات "هەر لە ئێستاوە دەمانەوێت لەڕێگەی کۆمپانیاکانەوە ئامێری ئاوپرژێن، کە دەکرێت وەک بارانی دەستکرد لێی بڕوانرێ، بیهێنین بۆ کوردستان و بانگەوازیشمان داوەتە کۆمپانیاکان و بڕی 7 ملیۆن دۆلاری بۆ تەرخانکراوەو پارەکە ئامادەیە، ئەگەر ئەو ئامێرە بایی 10 هەزار دۆلاریش بێت، وەزارەت بێ بەرامبەر 5 هەزار دۆلار بۆ جوتیارەکە دەدات و دەتوانرێ لەکاتی پێویستدا ئاوی دانەوێڵەی پێ بدرێ لەجیاتی باران " . زیاتر ڕوونیشی کردەوە "جوتیارەکە، ئامێرەکە لەناو زەویەکەی خۆیدا دادەنێت".

جگە لەوەش، باسی لەکڕینی ئامێرەکانی کێڵان و دروینەوە کرد بۆ جوتیاران "ساڵی پار 5200 تەن گەنممان بۆ جوتیاران بەبێ بەرامبەر پاک کردووەتەوە، هەر جوتیارێکیش مەکینەیەکی تراکتۆر بکڕێت، وەزارەت بڕی1500 دۆلاری بەبێ بەرامبەر دەداتێ، ئەگەر دەڕاسەش بکڕێت، دیسان وەزارەت بەبێ بەرامبەر بڕی 10 هەزار دۆلاری دەداتێ".

مژدە کەریم، مژدەیەکی دیکەش دەداتە جوتیاران بۆ ئەوەی هەیبەت بۆ بەرهەمەکانیان بگەڕێتەوە و دەڵێت "بەڕێوەبەرایەتی گومرکمان ئاگادارکردووەتەوە، کە هەر میوەو سەوزەیەک، لەوانەی ئێمە پاڵپشتی دەکەین، بۆ هەر کیلۆیەک بڕی 200دینار چاپی نوێ گومرکی لەسەر دابنێن، تاهەیبەتی بەرهەمی خۆمان بەرز بێت، کەبەرهەمی خۆماڵیش وەرزی نەما، ئەو گومرگانە ناهێڵین".

**پێشکەوتنەکانی کشتوکاڵ لە کوردستان**

– لە یەک ڕۆژدا 641 تەن و 326 کیلۆ بەرهەمی کشتوکاڵی خۆماڵی گەیشتووەتە عەلوەی سلێمانی.
–لە 3 مانگی ئەمساڵیشدا 10 هەزار تەن و217 کیلۆ بەرهەمی خۆماڵی گەیشتووەتە عەلوەی سلێمانی
– لەماوەی 5 مانگی ساڵی 2007 دا 11 هەزار تەن بەرهەمی خۆماڵی گەشتووەتە عەلوەی سلێمانی.
– ساڵی ڕابردوو زیاتر لە 306 ملیۆن دینار بۆ گواستنەوەی بەرهەمی جوتیارانی شارەزوورو پێنجوین تەرخانکرا.
– لەسلێمانی، 150 خانووی پلاستیکی لەلایەن کەرتی تایبەتەوە دروستکراون.
– 7 ملیۆن دۆلار بۆ کڕینی ئامێری بارانی دەستکرد تەرخانکراوە.

# مۆبایلە شیعر ژوانی گەنجانی گەرمکردووە

## کچێک: زۆری نەمابوو مۆبایلە شیعر کۆتایی بەژیانم بێنێت



**ڕووداو-سلێمانی**

خۆشەویستییەکەی پێشڕەو، تاک لایەنە بوو، تا ئەوکاتەی بەکڕینی یەکەمین نامیلکە شیعری کورت، کە بەمۆبایلە شیعر ناسراوە، شەوانی خۆشەویستەکەی نامە بارانکرد"ئەو شیعرانە زۆر بەلای کچی ئێستاوە کاریگەرن و بەخێرایی کاریان تێدەکات".

بەهۆی زۆری داواکاری گەنجان لەسەر مۆبایلە شیعر، ئەو گەنجانەی ئێستا هەواڵی مۆبایلە شیعر دەپرسن، ئاودێر محەممەد بە (نەماوە) وەڵامیان دەداتەوە. ئاودێر کتێبفرۆشێکی سەرشۆستەیەو دەڵێت "ماوەی دوو ساڵە، کوڕ و کچ بەردەوام دێنە لام و نامیلکە شیعری دڵداری دەکڕن، بەتایبەتی ئەو شیعرە کورتانەی لەنامەی مۆبایلدا ئاسان دەنووسرێن". گوتیشی" ئەو شیعرە مۆبایلانە وایان لێهاتووە، کە سەد ئەوەندەی تیراژی خۆیان لەڕێگەی مۆبایلەکانەوە بڵاودەبنەوە".

لەکوردستان، مۆبایلە شیعر دەرکەوتەی دوای ساڵانی 2004و بڵاوبوونەوەی مۆبایلە لەناو گەنجاندا بەشێوەیەکی بەربڵاو، بەڵام لە وڵاتانی ئەمریکا و بەریتانیا مێژووەکەی زۆر کۆنترە.

پۆڵا کاوە بەرزنجی، 20 ساڵ، لەماوەی یەک ساڵدا دوو نامیلەکە مۆبایلە شیعری نووسیوەو دووجار بەتیراژی 2 هەزار دانە چاپ و بڵاوکراونەتەوە. پۆڵا دەڵێت" گەنجان ئێستا ئەو جۆرە شیعرانەیان دەوێت، کە گوزارشت لەهەستی خۆیان بکات، بۆیە کورتەنامەی شیعری فرۆشێکی زۆریان هەیە".

هەرچەندە ئاراس مەحمودی کتێبفرۆش گاڵتەی بەو رۆشنبیرییە دێت کە لەپشت مۆبایلە شیعرەوە هەیە، بەڵام دەڵێت "دوو مانگ لەمەوبەر فرۆشتنی موبایلە شیعر، رەقەمی قیاسی شکاند، بەڵام ئێستا وانەماوەو کوڕان و کچان کەمتر بەدوایدا دەگەڕێن". بەبڕوای ئاراس، لاوازبوونی فرۆشتنی مۆبایلە شیعر، دەگەڕێتەوە بۆ بڵاوبوونەوەی ئەو کورتە شیعرانەی لەڕێگەی مۆبایلەوە، بەنێو گەنجاندا بڵاو بوونەتەوە.

ئەگەر ئەو مۆبایلە شیعرانە بەلای زۆربەی گەنجانەوە گرنگ بن، تاوەکو لەڕێگەی کورتە نامەیەکەوە دڵی بەرامبەرەکەی پێ رازیبکات، کەچی زۆری نەمابوو مۆبایلە شیعر سەری سروشت بخوات "زۆری نەمابوو لەسەر مۆبایلە شیعر کۆتایی بەژیانم بێت".

سروشت، قوتابی قۆناخی ناوەندییەو خۆشەویستەکەی بەدزی ماڵی باوکی مۆبایلێکی بۆ کڕیوە تاشەوانی یەکتری بەنامە گۆڕینەوە قاڵ بکەن. 6 مانگ لەمەوبەر، دایکی سروشت مۆبایلەکەی دەبینێت و دەیداتە دەست برایەکی بەبێ ئەوەی بزانێت مۆبایلی سروشتە "براکەم هەموو نامەکانی ناوی خوێندبوونەوەو چاوی پەڕیبووە تەوقی سەری، باش بوو گوتم ئەوە مۆبایلی کچە هاوڕێیەکمەو دۆزیومەتەوەو دەمەوێت سبەینێ بیدەمەوە دەستی، ئیتر براکەم هاتەوە سەرخۆی".

ئەو لەدوای قاچاخ بوونی مۆبایلەکەیەوە، هاوڕێکەی تێگەیاندووە، تاوەکو خۆی ئاگاداری نەکاتەوە نامەی بۆ رەوانە نەکات "تا ئێستا 520 مۆبایلە شیعرم بۆ ناردووەو ئەویش دوو ئەوەندەی بۆ ناردوم". ئەو کچە زۆر سەرسامە بەمۆبایلە شیعرەکانی خالد باشبڵاخی "واهەستدەکەم بۆمنی نووسیون".

ئەو نامیلکە شیعرییانەی ئێستا دەنووسرێن، هەندێک لەخاوەنەکانیان ژمارە مۆبایلی خۆیان لەسەر بەرگەکەی دەنووسن. پۆڵا بەرزنجی نایشارێتەوە، کەتاوەکو ئێستا لەلایەن سەدان کچەوە تەلەفۆنی بۆکراوەو داوای پەیوەندییان لەگەڵ کردووە "هەموویانم تێگەیاندووە ژمارەی تەلەفۆنەکەم بۆ ئەوە نەخستووەتە سەر نامیلکەکەم، کە کچ پەیوەندیم پێوە بکەن، بەڵکو تەنیا بۆ تێبینی و سەرنجی خوێنەرانە".

ئاری عەبدوللەتیف، شاعیرێکی گەنجی دەڤەری سلێمانییەو دیاردەی مۆبایلە شیعر، بەفەوزای شیعر ناو دەبات و دەڵێت "زەمەن هەموو ئەوانە جێدەهێڵێت، چونکە لەسەردەمی نالی و مەولەویشدا، دەیان نمونەی لەوجۆرە هەبوون، دواجار تەنیا نالی و مەولەوی و زاتە گەورەکان مانەوە". ئاری پێیوایە ئەو شیعرانە، تەنیا قسەی رووت و بێمانای دڵدارین" هیچ پەیام و ئامانج و مەعریفەیەکیان لەپشتەوە نییە".

هەرچەندە پێشڕەو دەزانێت کەنووسەرو رۆشنبیران رایان لەبارەی مۆبایلە شیعرەوە باش نییەو بەشیعریان نازانن، بەڵام ئەو دەڵێت"گەنجی ئێستا ئەو جۆرە شیعرو ئەدەبیاتە دەخوێنێتەوەو ئەوەی بەلای گەنجی ئێستاوە گرنگە، گەرمکردنی ژوانە لەگەڵ یەک و گەیاندنی کورتە پەیامی ئەڤینداراانەیە بەیەکتری".

یەک لەو نامیلکانەی، کەهەموویان لەسەر بەرگەکانیان دەنووسرێت مۆبایلە شیعر، تەنیا یەک چاپی 17000دانەی لێ فرۆشراوە. شەونمی 23ساڵیش دەڵێت " 13هاوڕێی کچم هەیەو تەنها سیانیان نامیلکەی مۆبایلە شیعریان نییە ". ئەو گوتیشی" مۆبایلە شیعر ئاسانترین رێگەی گەنجە بۆ دەربڕینی هەستی خۆی، چونکە بەزمانێکی تەواو سادە نووسراون".

ئەو کچە، ساڵانێک لەمەوبەریش، یەکێکبووە لەو هەزاران عاشقەی کە بەدیار بەرنامەی بێدارانی شەوی رادیۆی دەنگی گەلی کوردستانەوە شەونخونی کردووە "گەنجی ئەمڕۆ زیاتر ئەو دەزگاو راگەیاندن و نووسراوانەی خۆش دەوێت، کە ئاسانکاری ژوان و بەیەک گەشتنی عاشقانی تێدایە".

## گەنجان گلەییان لەحکومەت هەیە

# فەرهەنگخانەکان لەژێر هەڕەشەی داخستن دان

**ڕووداو- هەولێر**

دوای داخستن ولەکارکەوتنی 5 فەرهەنگخانە لەپارێزگای سلێمانی و دەوروبەری و ناوچەی گەرمیان، مەترسی داخرانی فەرهەنگخانەکانی دیکەی وەزارەتی وەرزش و لاوان هەیە و، بەرپرسی فێرکاری وەزارەتی وەرزش و لاوان دەڵێ "ئەگەر بەزووترین کات بودجە بۆ فەرهەنگخانەکان دابین نەکرێت، ناچار دەبین زۆربەی زۆری فەرهەنگخانەکان دابخەین".

وەزارەتی وەرزش و لاوان تائێستا 32 فەرهەنگخانەی لەهەر چوار پارێزگای کوردستان هەولێر، سلێمانی، دهۆک و کەرکووک دامەزراندووە، کە 19 یان کاران. وەکو ئاراس وەلی، بەرپرسی فەرهەنگخانەکانی سلێمانی وگەرمیان بۆ (ڕووداو) گوتی "بەهۆی نەبوونی کرێی خانوو و کرێی ئینتەرنێت، 5 فەرهەنگخانەی نێوشاری سلێمانی، سەید سادق، هەڵەبجە، چەمچەماڵ داخراون و لەکارکەوتوون، لەگەرمیانیش فەرهەنگخانەی خانەقینمان داخستووە".

لەساڵی 2007، لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی کوردستان بڕی 2 ملیۆن دۆلار وەک بودجەی دامەزراندن بۆ فەرهەنگخانەکانی وەزارەتی وەرزش و لاوان تەرخانکرا، بەڵام وەکو ئاسۆس شەفیق، بەرپرسی فێرکاری وەزارەتی وەرزش و لاوان رایگەیاند "لەساڵی 2008 هیچیان بۆ تەرخاننەکردووین".

ئاسۆس شەفیق گوتیشی "ئەگەر بەماوەیەکی زۆر کورت بودجە بۆ فەرهەنگخانەکان دابین نەکرێت، ناچار دەبین زۆربەی زۆری فەرهەنگخانەکان دابخەین، کە گەنجانێکی زۆر سوودی لێدەبینن".

هەر بەو هۆیەوە وەزارەتی وەرزش و لاوان نووسراوێکی بۆ ئەنجوومەنی وەزیران ناردووەو تێیدا داوای کردووە کە بودجەی 2008ی فەرهەنگخانەکان دابین بکرێت.بەڵام ئاسۆس شەفیق ئاماژەی بەوەدا کە ئەو نووسراوە لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە رەتکراوەتەوەو پارەکە خەرجنەکراوە.

هەروەک ئاسۆس شەفیق دەڵێ، لەفەرهەنگخانەکان خولی ژینگەپارێزی، ژنپارێزی، رێکخستن، پرسە سیاسییەکان، زانستی، فەرهەنگی، هونەری دەکرێتەوەو گەنجانێکی زۆر سوودیان لەو خولانە بینیوە.

سیروان ئەحمەد، گەنجێکی شاری سلێمانییەو بەردەوام سەردانی یەکێک لەفەرهەنگخانەکانی نێو شاری سلێمانی دەکات. ئەو نیگەرانە بەرامبەر داخرانی فەرهەنگخانەکان و لەبارەوە رەخنە لەحکومەت دەگرێ و دەڵێ"پێویستە حکومەت پێش هەموو شتێک پارە بۆ ئەو فەرهەنگخانانە تەرخان بکات، چونکە ئەوانە پێویستن و گەنجان فێری زانست و پێشکەوتن، دەیان شتی دیکە دەکەن".

هەروەها سیروان گوتیشی" ئەگەر حکومەت خزمەتی گەنجانی خۆی نەکات، ئەی خزمەتی کێ دەکات، پێویستە گەنج گرنگی پێبدرێت، ئەگینا گەنجی کورد وڵاتەکەیان جێدێڵن".

سەرچاوەیەک کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی راگەیاند کە هۆکارێکی داخستنی ئەو فەرهەنگخانانەی سلێمانی و گەرمیان پەیوەستە بە هۆکاری سیاسی و ململانێی حیزبییەوەو، گوایە لەلایەن هەندێ دەزگای یەکێتییەوە بەدەزگای گومانبار دانراون. بەڵام ئاسۆس شەفیق، ئەوەی رەتکردەوە، لەدرێژەی قسەکانیدا بۆ (ڕووداو) گوتی "مەسەلەکە پەیوەندی بەیەکێتی و پاراستنەوە نییە، ئەو فەرهەنگخانانە هی وەزارەتی وەرزش و لاوانن و حکومین، ئێمە بەنووسراوی رەسمی داوای ئەو پارەیەمان کردووە، ئەوانیش بەرەسمی وەڵامیان داوینەتەوە کە پەسەند ناکرێ، بۆیە بەشێکمان داخستوون".

کەچی ئاراس وەلی باسی لەوەکرد کە لەسەرەتای دامەزراندنی فەرهەنگخانەکان لەهەندێ ناوچە کۆسپیان بۆ دروستکردوون "لەسەرەتای دروستبوونی فەرهەنگخانەکان لەهەندێ ناوچە دەسەڵاتی ناوچەکە قبوڵی نەدەکرد فەرهەنگخانە دروستبکرێ، ئەگەر حیزبی نەبێت یان هەڵسوراوەکانی حیزبی نەبن، لەزۆربەی ناوچەکانی کوردستان ئەو شتە هەیە، لەهەمانکاتدا لەهەندێ شوێن خەڵک و بەرپرسانی ناوچەکە بەباشی پێشوازی کردووە". هەروەها روونیکردەوە کە زیاتر ناوچەی سلێمانی کۆسپی بەردەم دامەزراندنی فەرهەنگخانەکان بوونە "بەڵام ناوچەی گەرمیان هاوکاری فەرهەنگخانەکان دەکەن".

زۆربەی فەرهەنگخانەکانی وەزارەتی وەرزش و لاوان لەخانووی کرێدان و زۆربەشیان مانگانە کرێی ئینتەرنێت دەدەن، وەکو ئاسۆس شەفیق ئاماژەی پێدا 10 – 15 فەرهەنگخانە لەکۆی 32 فەرهەنگخانە لەخانووی کرێدان و مانگانە نزیکەی 700 تا 900 هەزار دینار کرێدەدەن. هەروەها بەپێی سیستەمی فەرهەنگخانەکان ستافی هەر یەک لەفەرهەنگخانەکان خۆبەخشانە کار دەکەن.

بەرپرسی فێرکاری وەزارەتی وەرزش و لاوان، گرنگیدان بەفەرهەنگخانەکانی بەمەسەلەیەکی گرنگ دانا و گوتی "پرۆژەی فەرهەنگخانەکان پرۆژەیەکی زۆر تایبەتە لەرووی فەرهەنگییەوە، بۆیە بوونی فەرهەنگخانەکان دەورێکی زۆر گرنگی هەیە. هیواداریین بتوانین بەردەوام بین و کاری باشی تێدا بکەین بۆ خزمەتی گەنجەکانمان".

**زانیاری فەرهەنگخانەکان**

– لەکۆی 32 فەرهەنگخانەی وەزارەتی وەرزش و لاوان، 5 یان داخراون و لەکارکەوتوون.
– 15 فەرهەنگخانە لەخانووی کرێدان و مانگانە هەر یەکەیان نزیکەی 700 تا 900 هەزار دینار کرێ دەدەن.
– لەساڵی 2007 دا 2 ملیۆن دۆلار بۆ گشت فەرهەنگخانەکان تەرخانکراوە، کەچی لە2008 هیچیان بۆ تەرخاننەکراوە.

# لە وێستگەی شەمەندەفەرەوە بۆ پارکی شانەدەری گەنجان

**حوسێن هیممەتی**
**ڕووداو- هەولێر**

90%ی کارەکانی پرۆژەی پارکی شانەدەر تەواوکراون و، بەڕێوەبەری جێبەجێکاری پرۆژەکە رایگەیاند بەهۆی نەهاتنی چیمەن (فرین) بۆ پارکەکە، تا کۆتایی مانگی داهاتوو ناکرێتەوە.

پرۆژەی پارکی شانەدەر کە رووبەرەکەی 160 هەزار مەتر دووجایەو لەبەرامبەر پارکی منارە دروستکراوە، بڕیاربوو لە 2007/7/22 دەست بە دروستکردنی پرۆژەکە بکرێ، بەڵام تا 2007/10/1 دواکەوت، بەڕێوەبەری جێبەجێکاری پرۆژەکە هۆکاری ئەوەی گەڕاندەوە بۆ دواکەوتنی دابینکردنی زەوی لەلایەن وەزارەتی گەشتوگوزار.

بەپێی نەخشەی بنەڕەتی (ماستەر پلان)ی هەولێر دەبێ رێژەی 3.2%ی رووبەری شارەکە بکرێتە سەوزایی، بەڵام وەک نەوزاد ئەدهەم رایگەیاند "رێژەی سەوزایی ئەنجامدراو لەنێو شاری هەولێر 1.8%ە". کەچی بەپێی ستانداردی جیهانی دەبێ هەر شارێک 30%ی سەوزایی بێت.

هەروەها بەپێی نەخشەی بنەڕەتی دەبێ 596 پارک لەهەولێر دروستبکرێن، وەکو نەزاد ئەدهەم بەڕێوەبەری ئەندازەی پارکەکانی هەولێر بۆ (ڕووداو) گوتی "لەساڵی 2005ەوە تائێستا 126 پارک دروستکراون کە نزیکەی 25 ملیارو 200 ملیۆن دیناری تێدا خەرجکراوە و 470 شوێنمان ماوە کە دەبێ ببنە پارک".

پرۆژەی پارکی شانەدەر، ئێستا رۆژانە زیاتر لە 120 کەس کاری تێدا دەکەن و راستەوخۆ لەلایەن لیژنەیەکی 9 کەسی کەهەموویان ئەندازیارن لەپارێزگای هەولێرەوە سەرپەرشتی دەکرێت. دوای زیاتر لە 10 مانگ، تازە 90%ی بەشی یەکەمی پرۆژەی پارکی شانەدەر کە رووبەرەکەی 100 هەزار مەتری دووجایە تەواو بووە، بەڵام بەپێی پلانی دانراو بۆ پرۆژەکە دەبوایە بەشی یەکەمی لە سەرەتای ئەو مانگە (2008/8/1) تەواوبکرابوایە.

ئەندازیار نزار عومەر، بەڕێوەبەری جێبەجێکاری پرۆژەی پارکی شانەدەر لەو بارەوە گوتی "بەهۆی کێشەی پارێزگای دیالەوە کە فریزمان لەوێوە بۆ دێت و ئێستا بۆمان نایێت کێشەمان بۆ دروستبووە، بۆیە هەر کاتێک فریزەکە هات بە 10 رۆژی دیکە بەشی یەکەمی پرۆژەکە تەواو دەبێت".

پێکهاتەی پارکی شانەدەر بریتییەلە: چێشتخانەیەکی گەورە، گازینۆیەک کە وەکو ئەشکەوت دروستکراوە، ئەشکەوتەکەش خۆی تاڤگەیەکی گەورەیە، هەروەها گردێکی تێدایە کە چەند نافوورەی لەسەرە و 3 کافتریاشی تێدایە، بینایەی بەڕێوەبەرایەتییەکی گەورەی هەیەو هەرسێ بەشەکە بەڕێوە دەبات. هەروەها بەشێکیش بۆ فرۆشتنی گوڵی سرووشتی دانراوە کە گوڵەکانیش هەر لەوێ دەچێنرێن و دەفرۆشرێن.

جگە لەوە پارکی شانەدەر یاری منداڵانیشی تێدایە و، حەوزێکی گەورە و بچووکیشی تێدا دروستکراوە، ئاودەستی تێدایە کە لەبن گردەکە لە شێوەی ئەشکەوت دروستکراون. ئەندازیار نزار عومەر دەڵێ "ئەو پارکە سەرەڕای ئەوەی بەشێکی بچووکی بۆ منداڵان دانراوە، بەڵام پارکەکە بەگشتی تایبەتە بەگەنجان".

پارکی شانەدەر دوو گۆڕستانی تێدایە و ژمارەیان 50 گۆڕ دەبێت، کە یەکێکیان گۆڕی بابەگوڕگوڕە و رۆژانی چوارشەممە ژنانی هەولێر بۆ منداڵ نەبوون دەچوونە سەر ئەو گۆڕە، بەڵام گۆڕەکان ئێستا لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی پرۆژەکە پەرژین کراوە.

یوسف کەمال کوڕە گەنجێکی شاری هەولێرەو خوێندکاری شەشەمی ئامادەییە، لەتەنیشت پرۆژەکەوە تێدەپەڕێت. ئەو پرۆژەکە بە "زۆر جوان و باش "وەسفدەکات، بەڵام لەهەمانکاتدا دەڵێ "هیچ کاتێک جورئەتی ئەوەم نییە بەشەو بچمە ئەو شوێنە، چونکە گۆرستانی لێیەو من لەگۆرستان دەترسێم".

یوسف کە بەژن و باڵایەکی لاوازی هەیە، داوای لەبەڕێوەبەرانی پرۆژەکە کرد تا بۆیان دەکرێ هەوڵبدەن گۆڕستانی نێو پارکی شانەدەر بۆ شوێنێکی دیکە بگوازنەوە "ئەگەر ئەوەنەکرێ هەر کەسێک بچێتە ئەو پارکە لەترسی رۆحی مردووەکان و جنۆکەکان روحی دەردەچێ".

ئەندازیارنزارعومەردەڵێ "گۆرستانەکانمان وەکو خۆی بەجێهێشتووەو پەرژینمان بۆ کردوون، چونکە ئەو گۆڕستانانە مێژوویین و خەڵکانێک بەتایبەت ئافرەتان رۆژانی چوارشەممە سەردانی دەکەن، خۆیان لەسەر غلۆر دەکەنەوە بۆ ئەوەی کوڕیان ببێت و مرازیان بێتەدی".

لەسەر بودجەی ساڵی 2008ی وەزارەتی شارەوانی، لەشاری هەولێر، تەنیا 11 پارکی بچووک، لەگەڕەکەکانی: شۆڕش، مەنتکاوە، مەلایان، ئەفسەران، راپەرین، ئەندایاران، بەختیاری، موفتی، دروستدەکرێن کە رووبەرەکەیان لەنێوان 4000 تا 7000 مەتری دووجا دەبێ و بودجەکەشیان بریتییە لە 2 ملیارو 500 ملیۆن دینار.

نەوزاد ئەدهەم ئاماژەی بەوەدا کە بودجەکەیان کەمەو گوتی "ئێمە ئەگەر پرۆژەیەکی کەمێک گەورە بکەین پارەکە بەش ناکات، بۆنمونە تەنیا پارکی شانەدەر تائێستا نزیکەی 4 ملیار دیناری تێچووە".

پرۆژەی پارکی شانەدەر کە لەسەرەتای دەستپێکردنی ناوی محەتە بوو، 4 ملیارو 400 ملیۆن دیناری بۆ تەرخانکراوە و، ئێستا ناوەکەی کراوە بەپارکی شانەدەر. ئەندازیار نزار عومەر هۆی گۆڕینی ناوەکەی بۆ (ڕووداو) روونکردەوەو گوتی " لەبەر سەختی کارەکە، هیچ کەس لەو باوەڕەدانەبوو کە ئەو ئەشکەوتە تەواو بکرێ، بەڵام کە کارەکەمان سەرکەوتنی بەدەستهێناو ئەشکەوتەکەمان دروستکرد، ناوەکەمان کردە شانەدەر ئەگینا پێشتر ناوی پرۆژەی پارکی محەتە بوو".

بەڕێوەبەری پرۆژەی پارکی شانەدەر لەبارەی گوژمەی ئەو پارەیەی بۆ پرۆژەکە تەرخانکراوە گوتی "ئەو پارەیەی کە بۆ ئەو پرۆژەیە تەرخانکراوە بەش ناکات و پێویستە لەبودجەی ساڵی داهاتوو پارە بۆ بەشی دووەم و سێیەمی پارکەکە دابین بکرێ".

**پارکی شانەدەر**

– پرۆژەی پارکی شانەدەر رووبەرەکەی 160 هەزار مەتر دووجایە، تائێستا 4 ملیارو 400 ملیۆن دۆلاری تێدا خەرجکراوە.
– پارکی شانەدەر تایبەت دەبێ بە گەنجان و بەشێکی بچووکیشی بۆ منداڵانە.
– بەشێکی تایبەتی چاندن و فرۆشتنی گوڵی سروشتی تێدایە.
–ریستۆرانت و گازینۆیەکی لەشێوەی ئەشکەوت تێدایە و تاڤگەشی هەیە لەگەڵ سێ کافتیریای تێدایە.
–بەڕێوەبەری پرۆژەکە دەڵێ ئەو پارەیەی بۆی تەرخانکراوە بەشناکات و پێویستە پارە بۆ قۆناخی دووەم و سێیەمی تەرخانبکرێ.
– لەساڵی 2008 دا لە شاری هەولێر 11 پارک دروستدەکرێ و بودجەی تەرخانکراو بۆ ئەوە 2 ملیارو 500 ملیۆن دینارە.
– بەپێی نەخشەی بنەرەتی شاری هەولێر دەبێ 596 پارک لەهەولێر دروستبکرێن.



**ئەم لاپەڕەیە بۆ بڵاوکردنەوەی بابەتی گەنجان و بەدواداچوونی خوێنەران کراوەتەوە. تاکە مەرجی بڵاوبوونەوەش ئەوەیە کە بابەت و بەدواداچوونەکان لە 300 وشە زیاتر نەبن، ئەگەرنا (ڕووداو) بە 300 وشە دایاندەڕێژێتەوە.**
rudaw@rudaw.net

# بڕیاری تاپۆکردنی زەوییە گرێبەستەکان جێبەجێبکەن

سەلیم قادر

بڕیاری تاپۆکردنی زەوییە گرێبەستەکان، ماوەیەک بەر لە ئێستا وەکو یاسا لە پەرلەمانی کوردستان دەرچوو ئەوەش بووە جێگەی خۆشحاڵی جوتیاران و چاوەڕوانی جێبەجێکردنی دەکەن. ئەوەی ئێستا جێگەی پرسیارە لای هاووڵاتیان ئایا دوای ئەو چەند مانگە لەدەرچوونی یاساکە، ئەو یاسایە دراوەتە ئەنجوومەنی وەزیران یان نا و کەی جێبەجێدەکرێ.

جێبەجێکردنی تاپۆکردنی زەوییە کشتوکاڵییە گرێبەستەییەکان، کشتوکاڵ لە کوردستان دەبووژێنێتەوە، چونکە ئەو جوتیارانە ئەوکات هەستدەکەن زەویەکە هی خۆیانە و بۆخۆیان چاکی دەکەن و بێ سڵەمینەوە بیری ئیتوازی بۆ لێدەدەن و داری بەرداری لێدەڕوێنن و شتلی لێ دەچێنن.

بەپێی یاساکە زۆر لەو جوتیارانەی کە ماوەی گرێبەستەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ چەند ساڵێک ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە. زۆر لە جوتیاران لە ساڵانی شەستەکانەوە بەردەوام ساڵانە پارەیان داوەتە وەزارەتی کشتوکاڵ، ئەگەر بەراوردێک بکرێ ئێستا ئەو جوتیارانە زۆر لە نرخی ئێستای زەویەکان پارەی ئەو زەویانەیان داوەتە حکومەت،بۆیەش پێشنیاز دەکەم لەکاتی جێبەجێکردنی بڕیارەکەدا بە پارەیەکی ڕەمزی کەم زەویەکان لەسەر جوتیاران تاپۆ بکرێن. بەتایبەتیش کە جوتیاران ئەمساڵ بەهۆی وشکەساڵییەوە هەموویان زیانیان پێکەوتووە.

ئەگەر ئاسانکاری پێویست بۆ جوتیاران بکرێ، لە جیاتی ئەوەی بەرهەمی کشتوکاڵی لە دەرەوە بێنین خۆمان بەرهەم دەنێرینە دەرەوە.

# شەفافتربن

ئێوە ناوتان (ڕووداو)ە، بۆیە نازانم ئاگاتان لەو ڕووداوە هەبوو، کە لە گوندی سرێشمە هەبوو یان نا، خێرە باستان نەکرد .بەڕاستی جێگەی داخە کە ڕژانی خوێنی خەڵک هەروا بە ئاسانی لە بیردەچێتەوە. هەوڵبدەن زیاتر شەفافتربن. دەزانم لە کوردستان نان بەرامبەر بێدەنگییە، بەڵام یەکجار واش نا .لەگەڵ ڕێزی زۆرم.

باوکی میوە-ئەورووپا
2008/8/22
mewa2005@hotmail.com

***باوکی میوە ئەگەر تەماشای لاپەڕە 1 و 16ی ژمارەی ڕابردووی (ڕووداو) بکەی هەواڵ و ڕاپۆرتێکی وێنەدار، لەبارەی ڕووداوەکەی خەلیفانەوە دەبینی. لەو ژمارەیەشدا وتارێکی قایمقامی سۆران لەبارەی ڕووداوەکەی خەلیفانەوە هەیە.**
**(ڕووداو)**

# بەڕێز سەرۆک بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان

ڕێز و سڵاو.

لە ساڵی 1997 برازای من (سەبری محەمەد قاسم)، ئاگاداری کردمەوە کەوا بەتۆمەتی ئەندامێتی پارتی کرێکارانی کوردستانی قەدەخەکراو، هەموو مولکی مەنقول و غەیرە مەنقولی من لەلایەن دەسەڵاتدارانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە شاری زاخۆ، دەستیان بەسەردا گیراوە، منیش یەکسەر ئاگاداری هەڤاڵانی پارتیم کرد لە ئەڵمانیا و ئەوانیش نووسراوێکی فەرمییان ئاراستەی لایەنە پەیوەندیدارەکان کرد لە کوردستان و ئاشکرایانکرد کە من ئەندامی پارتیم لە ڕێکخراوی پارتی دیموکراتی کوردستان لە شاری دۆرتموندی ئەڵمانیا و هیچ پەیوەندییەکم بە پارتی کرێکارانەوە نییە و تۆمەتەکەش دروستکراوە.

دوای یەک ساڵ، سەفەری کوردستانم کرد و بەرپرسی پاراستنی دەڤەرەکەم بینی و داوای گەڕاندنەوەی مولکەکانی خۆمم لێکرد، ئەوانیش ڕاستیی مەسەلەکەیان زانی، بۆیە منیان دەستە سەرنەکرد و بەڵێنیان دا کە لە نزیکترین کاتدا کێشەکە چارەسەربکەن، بەڵام بەداخەوە داواکارییەکەم جێبەجێنەکرا و کێشەکەش چارەسەرنەکرا. دوای ئەوە بە چەندین ڕێگەی دیکە چەندین جار داواکارییەکەم دووبارە کردووە، داوا جاریش پێش دوو ساڵ کە سەرۆکی ئاژانسی پاراستنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان کاک مەسرور بارزانیم بینی، ئەویش بەڵێنیدا کە لە نزیکترین کاتدا لەوە بکۆڵێتەوەو وابکات مافەکەم بۆ بگەڕێتەوە، بەڵام تا ئێستا هیچ وەڵامێکی دروستم پێ نەگەیشتووە .بەهۆی مافخوراویم و گوێ لێنەگرتنم لەلایەن بەرپرسانی زاخۆوە، ئەم نامەیەم نووسی و پەنامان هێنا بەر دەرگای بەڕێزتان و دڵنیاین لەوەی کە جەنابتان پشتیوانی لە گەڕاندنەوەی ماف بۆ مافخوراوان دەکەن، هەروەها لەو باوەڕەداین کە ئەگەر نامەکەمان بگاتە بەر دەستی بەڕێزتان، هەموو ئەو مافانەمان کە بە ناحەقی لێمان زەوتکراون بۆمان دەگەڕێننەوە، چونکە بەڕێزتان ناحەقی قبووڵ ناکەن، بۆیە تکا و داواتان لێدەکەین لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم بابەتە بکەن. هەر بۆ زانینیش ئەو کاتە لەسەر کێشەیەکی خێزانی، هەندێ لە برازاکانم کە نیشتەجێی وڵاتی ئەڵمانیان ئەو تۆمەتەیان خستە پاڵم، دواتر بە نووسراوی پارتی ئاشکرابوو کە ئەوە تۆمەتێکی بێ بنچینەیە، بەڵام دیسانەوە موڵکەکانم بۆ نەگەڕێندراونەتەوە، کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

- تراکتۆری عەنتەر، قەوارە ناوەندی لەگەل تەواوی مولحەقاتی.
- کرێی کۆگا ئەویش بۆ ماوەی پێنج ساڵ دامبوو.
- کرێی زەوی بۆ ماوەی شەش ساڵ کە پێشوەخت دامبوو.
- 10 تەن گەنم.
- کرێی کرێکار و شۆفێرەکان.

کۆی گشتی ئەو زەرەر و زیانەی پێم گەیشتووە بە تەخمینی من زیاترە لە 250 هەزار دۆلاری ئەمریکی.

بژی کورد و کوردستانی ئاوەدان

**فاخر سندی**
**ئەڵمانیا**
Address:
Friedrich Ebert str 10
Duisburg 47198
Germany
Tel. :00492066420025
Mobil. :004917648104175

## گولستان پەروەر:

# ماڵپەڕی ئاڤێستاکورد ڕاست ناکات و ڕێزم بۆ حکومەتی کوردستان هەیە



**ڕووداو -ئەڵمانیا**

هونەرمەندی نێوداری کورد گولستان پەروەر لە ڕوونکردنەوەیەکدا بۆ (ڕووداو) بە توندی ڕەخنە لە مامەڵکردنی ماڵپەڕی ئاڤێستا کورد دەگرێ کە لەگەڵ ئەو هەڤپەیڤینی کردووە لە ژمارە (19)ی ڕۆژنامەی (ڕووداو) و ماڵپەڕی (ڕووداو) بڵاوکراوەتەوە.

گولستان پەروەر لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) باسی ئەوەیکردبوو کە بەنیازە گرێبەستەکەی بەهۆی کاری هونەری خۆیەوە بۆ بەردەوامی پرۆگرامەکەی لە تەلەڤزیۆنی ڕۆژ نوێنەکاتەوە، هەروەها دەڵێ سەردانەکەی بۆ باشووری کوردستان، بەهۆی ئەوە دوا کەوت چوونکە دەیەویست بە داوەتێکی ڕەسمی بچێت، کە ئەوەش پێش 3 ساڵ پێکهات و زۆر بەڕێزەوە ئەوکات و ئەمساڵیش پێشوازی لێکرا، بەڵام ماڵپەڕی ئاڤێستاکورد واینیشانداوە کە گولیستان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕازی نییە، ئەوەش هونەرمەند گولستان پەروەری توڕەکردووە.

لە هەمانکاتدا گولستان پەروەر ڕەخنە لەوە دەگرێ کە ماڵپەڕی ئاڤێستاکورد نووسیویەتی کە وەستاندنی بەرنامەی (باخچێ گولان)ی گولستان پەروەر لە تەلەڤزیۆنی ڕۆژ بەهۆی لاوازی بەرنامەکەیە و گولستان دەڵێ بینەرانی بەرنامەکەی بەردەوام لەزیادبووندان.

**ئەمەش دەقی ڕوونکردنەوەکەی گولستان پەروەرە:**

"ئەو قسانەی لە ماڵپەڕی ئاڤێستاکورد دا بەنێوی منەوە کراون و تێیدا ڕۆژنامەی (ڕووداو) وەک سەرچاوە نیشاندراوە دوورە لە ڕاستییەوە، ئەو لە خۆیەوە نووسیویەتی "گولیستان لە حکومەتی کوردستان ناڕازییە"، من هیچ شتێکی وام نەگووتووە و ئەز زۆر لە حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕازیمە و زۆر لێی سوپاسگوزارم. ئەو حکومەتە لە هەموو مێژووی خەباتی نەتەوەی کورددا هیوای هەرە گەورەیە، ئەو کارەی ماڵپەڕی ئاڤێستا کورد زیاتر لە پیلانگێڕی دەچێ و شێواندنی ڕاستییەکانە. فەسادی و دژایەتیکردنی بەهاکانی کوردە و بەداخەوەش ئەوە بووەتە کاری هەندێ کەسی بە کۆمپلێکس بۆ بەرزکردنەوەی نێوی خۆیان. کاتێک ئێمە وەک بنەماڵەی پەروەر سەردانی کوردستانی ئازادمان کرد، ڕێزێکی زۆر لەلای هەموو کەسێکەوە لە ئێمە گیرا، بەڵام کەسانی بەوشێوەیە دەیانەوێ بەنێوی ئێمەوە لە ڕووی دارایی و مانەوی بۆ ئەوەی سوود وەربگرن و خۆیان لە پێش چاوی هەندێ کەس شیرین بکەن،بەڵام من نامەوێ ببمە موخاتەبی ئەو کەسانە کە لە کاری ڕۆژنامەگەریدا بنەما ئێتیکییەکانی کاری ڕۆژنامەگەری لە پێش چاو ناگرن .ڕاگرتنی بەرنامەکەشم لە تەلەڤزیۆنی ڕۆژ لەبەر کارە هونەرییەکانمە. من ئەوە چەند ساڵە بەرنامەی (باخچێ گولان) ئامادە و پێشکێش دەکەم و گەلیش هەمیشە داوای بەرهەمی نوێم لێدەکات.دابڕانم لە تەلەڤزیۆنی ڕۆژ بۆ هەمیشەیی نییە بەڵکو بۆ ماوەیەکی کاتییە، لەبەرئەوەی بینەرانی بەرنامەکەم هەمیشە زیاتر و زیاتربوونە".

# شنگال هێشتا بەدوای ونبووانی تەقینەوەی ساڵی ڕابردوویدا دەگەڕێ

**ناسر نهێلی**
**ڕووداو- دهۆک**

"هەر لە گەڵ دەنگی تەقینەوەکە منیش کەوتم، کە هەستامەوە تەماشام کرد بریندارببووم، تەماشای تەنیشت خۆشم کرد بینیم (هەیسەم)ی کوڕیشم بەبرینداری کەوتووە، بەخۆم و چەند خزمێکم هەڵمانگرت و کاژێر دووی دوای نیوەڕۆ لە سەربازگەی شنگال دامانە دەست ئەمریکییەکان بۆ چارەسەرکردن، پێیانگوتین هەر کە باری تەندروستییەکەی باش بوو دەتاندەینەوە، بەڵام تا ئێستا نەیانهێناوەتەوەو هیچی لەبارەوە نازانین"، یوسف شێخۆ بەو شێوەیە بە حەسرەتەوە باسی ونبوونی کوڕەکەی خۆی بۆ (ڕووداو) دەگێڕێتەوە، بەرپرسانی ناوچەکە دەڵێن ئەمریکییەکان هەموو بریندارەکانیان گەڕاندوونەتەوە، بەڵام چەندین لاشە بەهۆی پارچە پاچەبوونیان لەکاتی تەقینەوەکەدا نەدۆزراونەتەوە.

تەقینەوەی ڕۆژی 2008/8/14 لە هەردوو گوندی سێبا شێخ خدر و گر عزێر کە بەڕێگەی دوو لۆری بارهەڵگر لەلایەن گرووپە توندڕەوە چەکدارە عەرەبەکانەوە، لەو دوو گوندەی سەر بە قەزای شنگال ئەنجامدرا، نزیکەی 1000 قوربانی لە خەڵکی مەدەنی لێکەوتەوە، جگە لە ڕووخاندنی نزیکەی 300 خانوو و زیانی زۆری دیکەی دارایی.

یوسف شێخۆ سلۆ، خەڵکی گوندی گر عوزێر، هێشتا لە چاوەڕوانی گەڕانەوەی (هەیسەم)ی کوڕیدایە کە دەڵێ بۆ چارەسەری دامانە دەست ئەمریکییەکان و تا ئێستا نەیانگەڕاندووەتەوە، ئەو بەهیوای گەڕانەوەی کوڕەکەی بە چاوی پڕ فرمێسکەوە نیشانەکانی بۆ (ڕووداو) هەڵدەدات و دەڵێ" کوڕی من هەیسەم خوێنەکەی جۆری (AB+) و نیشانەیەک لە پەنجەیەکیەتی". یوسف شێخۆ داوا لە لایەنە پێوەندیدار و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ دەکات یارمەتی بدەن لە زانینی چارەنووسی کوڕەکەی.

ئەو دەڵێ چارەنووسی نەک تەنیا کوڕەکەی،بەڵکو چارەنووسی نزیکەی 60 کەسی دیکەش کە بەر ئەو تەقینەوە کەوتوون دیار نییە، کە هەندێک لەوانە لە ڕۆژی تەقینەوەکەدا دراونەتە دەست ئەمریکییەکان بۆ چارەسەرکردن.

## ئەمریکییەکان هەموو بریندارەکانیان ناردنەوە

دەخیل قاسم
قایمقامی شنگال

قایمقامی قەزای شنگال دەخیل قاسم، قسەکانی یوسف شێخۆی ڕەتکردنەوەو، سەبارەت بە ونبوونی هاووڵاتیان لەکاتی ڕوودانی هەردوو تەقینەوەکە گوتی " ژمارەی ئەو کەسانەی تەرمەکانیان نەدۆزراوەتەوە 40 کەسن، ئەوانەش ئەو هاووڵاتیانەن کە بەهۆی نزیکیان لە شوێنی تەقینەوەکە لاشەکانیان پارچە پارچەبوون، بۆنموونە چوار کەس کە لە ئۆتۆمبیلێکدا بوون تەنیا تەرمی یەکیان دروست بوو، ئەوانیتر هەموویان پارچە پارچە ببوون".

قایمقامی قەزای شنگال زانیاری لەبارەی ئەو بریندارانەش دا بە (ڕووداو) کە لەکاتی تەقینەوەکەدا بۆ چارەسەرکردن درابوونە هێزەکانی ئەمریکا و گوتی" لەکاتی تەقینەوەکەدا، هێزەکانی ئەمریکا وەکو هاوکاری 24 برینداریان بە ژمارە نووسین و بە فڕۆکە ڕەوانەی نەخۆشخانەی بەلەدی نێو سەربازگەی ئەمریکا کران لە پارێزگەی سامەڕا،دوای چارەسەرە سەرەتاییەکان، 23 لەو بریندارانە بە ساخی ڕەوانەی نەخۆشخانەی دهۆک کران، بەڵام منداڵێکی 8 ساڵی گیانی لەدەستدا لەلای ئەوان و تەرمەکەی بۆ کەسوکاری ڕەوانە کرایەوە". قایمقامی شنگال لە درێژەی قسەکانیدا گوتی " قسەی ئەو هاووڵاتیانە بەهیچ شێوەیەک ڕاست نییە کە دەڵێن خەڵکمان لێ ونبووە یاخود لای ئەمریکییەکان ماوە، ئەوانەی ونبوون ئەوانەن کە لاشەکانیان بەهۆی تەقینەوە پارچە پارچە و پەرتو بڵاوبوون".



شێخ شامۆ جێگری سەرۆکی دەستەی باڵای بنکەی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی لالشیش هەمان قسەی قایمقامی دووپاتکردەوەو گوتیشی " ئێمە بۆ هاوکاریکردنی ئەو هاووڵاتیانەی گوتیان هەندێ کەسمان لەکاتی تەقینەوەکەدا لێ ونبوون، لە ڕێگەی کاک جەمیل کە وەک هەماهەنگکار لەگەڵ ئەمریکیان کاردەکات، هەوڵماندا و پێمانگوت بەدوایاندا بگەڕێت دوای ئەوەی لە هەموو نەخۆشخانەکانی نێو سەربازگەکانی ئەمریکیان گەڕا گوتی کەسیان لەوێ نین ".

باوکی هەیسەم، کە ئەو تەقینەوەیە بووە هۆی لەدەستدانی 7 کەس لە خێزانەکەی دەڵێ "لەو تەقینەوە تیرۆریستییەدا جگە لەوەی 7 کەسی لە جەرگی من ستاندن، خانووەکەشی ڕووخاندم و بایی 100 ملیۆن دینار زیانی مادیم پێکەوتووە، کەچی تەنیا 22 ملیۆن دیناریان وەک قەرەبوو پێداوم، کە خانووەکەشم بەنیوەیی ماوەو تەواو نابێ".

دوای ئەو دوو تەقینەوە گەورەیە، حکومەتی عێراق بڕیاریدا هەموو خێزانێکی زیانلێکەوتوو بە 22 ملیۆن دینار قەرەبوو بکاتەوە، ئەو قەرەبووە کە بە سێ قۆناخ دابەشکرا، قۆناخی سێیەمی لە ڕۆژی 2008/8/15 دا بە دابەشکردنی چەکی قەرەبووکردنەوەکان بەسەر 367 خێزانی گرعوزێر و سێباشێخ خدر کۆتایی هات.

دکتۆر دەخیل سەعید، وەزیری هەرێم بۆ کاروباری ئێزدیان، کە یەکێکبوو لەوانەی بەشداری ڕێوڕەسمی دابەشکردنی قەرەبووەکانی کرد، لەیەکەم ساڵیادی ئەو دوو تەقینەوەیەدا، لەبارەی گلەیی هاووڵاتیانی دەڤەرەکە لەکەمی بڕی قەرەبووەکە بۆ (ڕووداو) دواو گوتی "دوای ڕوودانی ئەو کارەساتە حکومەتی عێراق 10 ملیون دۆلاری بۆ قەرەبووکرنەوەی خەڵکی هەردوو گوندی سێپا شێخ خدر و گرعزێر تەرخانکرد، ئێمەش دەزانین ئەو پارەیە کەمە چونکە نەتەنیا خانووەکانیان، بەڵکو دوکان و کەلوپەل و ئۆتۆمبێلەکانیشیان بەهۆی ئەو تەقینەوەیە لەنێوچوون"، لە هەمانکاتدا گوتی "ئێمەش حەزمان دەکرد زیاتر یارمەتی بدرێن، بەڵام ئەوە تاکە تەقینەوە نییە لە عێراقدا ڕوویدابێ، بەڵکو ڕۆژانە تەقینەوە لە عێراق ڕوودەدەن".

## ئەمریکییەکان کوڕی منیان بە برینداری برد و تا ئێستاش ونە

یوسف شێخۆ

هاووڵاتییەکی تەمەن 50 ساڵ، کە لەنێو باخچەی بنکەی لالش دانیشتبوو، ڕەخنەی لە کەمی بڕی پارەی قەرەبووکردن گرت و گوتی " 20 کەس لە بنەماڵەی ئێمە بوونە قوربانی، کەچی تەنیا 22 ملیۆنیان پێداوین کە بەشی چاککردنەوەی خانووەکەشمان ناکات، بۆیەش داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عیراق دەکەین کە زیاتر هاوکاریمان بکرێ".

هەروەها سلێمان ئیبراهیم، خەڵکی گوندی گر عوزێر، کە وەک خۆی دەڵێ 31 کەس لە کەسوکاری لەو تەقینەوەدا گیانیان لەدەستدا، گلەیی لە کەمی پارەی قەرەبووەکە هەبوو. سلێمان کە خانووی لەو تەقینەوەیەدا ڕووخا دەڵێ" بەو پارەیە ناتوانم خانووەکەم تەواو بکەم و ناچارم بەو گەرمایە بەخۆم ومنداڵەکانمەوە لە ژێر خێوەتدا بمێنمەوە".

ئەمیر ئەحمەد، خەڵکی گوندی سیپا شێخ خدرە، خانووی ئەویش بەهۆی تەقینەوەکە وێران بوو، کەچی دوای تەواوبوونی قەرەبووەکە دەڵێ" ئێمە 38 خێزانی لێکەوتوو هێشتا یەک دیناری قەرەبووەکەمان وەرنەگرتووە، چەند جارە بێ سوود ناومان دەنووسن، بۆیەش داوا دەکەین ئێمەش قەرەبوو بکرێینەوە".

### هەردوو تەقینەوەکەی 2007/8/14

- لە ئەنجامی تەقاندنەوەی دوو لۆری بارهەڵگر 335کەس لە گرعوزێر و سیبا شێخ خدر گیانیان لەدەستدا، کە هەموویان کوردی ئێزدی بوون.
- 226- هاووڵاتی بە قورسی و 356هاووڵاتی دیکەش بە سووکی بریندار بوون.
- ئەیاز یوسف، خەڵکی دهۆک و دانیشتووی سوێد لە ئەنجامی شەڕە قسەدا لەگەڵ عەرەبان لەسەر ڕووداوەکە بە چەقۆ کوژرا، خەڵکی شنگالیش وەک وەفادارییەک کردیانە شەهیدی 336.
- لە ئەنجامی تەقینەوەکەدا 363 خانوو بەتەواوی ڕووخان و 150 دیکەش زیانیان پێگەیشت.
- تا ئێستا 367 خێزان بە 22 ملیۆن دینار قەرەبووکراونەتەوە، 36 خێزانی زیانلێکەووتووش بێ قەرەبوو ماونەتەوە.

# هەمەجۆر



## ترێ نازدارت دەکات

**رووداو- مادرزن**

◆ بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی پزیشکی دەرکەوت ئەوەی زۆر ترێ بخوات لەرووی دەروونییەوە دەبێتە کەسێکی هەست ناسک و بەناز دەبێ. ئەو لێکۆڵینەوەیە کە زیاتر لە 3 ساڵە لە رووسیا کاری لەسەر دەکرێ، لەسەر 10 کچ و کوڕ ئەنجامدراوە، لەئەنجامیدا دەرکەوت کە ئەو 10 کچ و کوڕە ماوەی 3 ساڵ بەردەوام ترێ و مێوژیان پێدراوە و هیچ میوەیەکی دیکەیان نەخواردووە، بەوهۆیەشەوە زۆر هەست ناسکتر و نازدارتر لە کەسانیتر دەرچوون و جیاوازن لەکەسانیتر.



## گوڵ نابێ سەرئاوەڵا بێ

**رووداو- ئاژانسەکان**

حکومەتی ئێران چوونە دەرەوەی گوڵشیفتە فەراهانی کچە ئەکتەری نێوداری فارسی بەهۆی بەشداریکردنی لەفیلمێکی بیانی قەدەخە کرد.

دوای ئەوەی ئاشکرا بوو گوڵشیفتە فەراهانی کە بە گوڵی سینەمای ئێران ناوزەد کراوە، بەشداریی فیلمی (کۆمەڵێـک درۆ Body of Lies)ی کـردووە لەگەڵ هەردوو ئەکتەری جیهانی لیوناردۆ دی کاپێرۆ و راسل کرۆ،کە لە 3 ساڵی رابردوودا لە ئوردن وێنەگیراوە، حکومەتی ئێران چوونە دەرەوەی ئەو هونەرمەندەی بۆ دەرەوەی ئێران قەدەخەکرد، حکومەتی ئێران هۆی ئەو بڕیارەشی گەڕاندەوە بۆ ئەوەی کە گوڵشیفتە بەبێ ئاگادارکردنەوەی حکومەت بەشداریی لەو فیلمە کردووەو لە هەندێ دیمەنیشدا پرچی بێ حیجاب و ئاوەڵا بووە.

بەپێی هەندێ سەرچاوە جیم جارموشی دەرهێنەری فیلمی کۆمەڵێک درۆ، دوای ئەوەی گوڵشیفتەی لەفیلمی (نیوەمانگ)ی بەهمەن قوبادیدا بینیوە بانگی کردووە بەشداریی فیلمەکەی بکات ، بۆ رۆلی ژنە پاڵەوانی فیلمەکەی.

لەفیلمی کۆمەڵێک درۆدا، گوڵشیفتە لەگەڵ لیوناردۆ دی کاپێرۆ و راسل کرۆ دەچێتە عێراق و لەگەڵ چەکدارەکانی رێکخراوی قاعیدە شەڕ دەکەن و پلان بۆ لەناوبردنیان دادەڕێژن.

# نەڵێن گەنجی کورد بێ پرۆژەیە



**رووداو- بەریتانیا**

بەڕێوەبەری کارە هونەرییەکانی گۆرانیبێژ نوێنەر ئەحمەد لەبەریتانیا رایگەیاند کە نوێنەر زۆر نیگەرانی بارودۆخی هونەریی کوردستانە و رایگەیاندووە "لەکوردستان مافی هونەرمەندان پێشێل دەکرێت، بۆیە ئیدی ناتوانرێ کاری هونەری لەو وڵاتەدا بکرێت".

نوێنەر ئەحمەد دەڵێ ئەوانەی باسی ئەوە دەکەن کە لاوی کورد پرۆژەی نییە "ئەوانە راست ناکەن و دەیانەوێ بەو قسانە بەسەر پێشێلکردنی مافەکانی هونەرمەندانی خاوەن هەڵوێست و راستەقینەدا گوزەر بکەن". ئەو هونەرمەندە گەنجە لە درێژەی قسەکانیدا گوتی ئەو ئێستا خۆی سێ پرۆژەی نوێی لەبەردەستدایە "هەر سێ پرۆژەکەش ئەکادیمین".

نوێنەر ئەحمەد گلەیی لەحکومەتی کوردستان کرد کە هاوکاری کەسانێکی وا دەکات کە هونەرمەند نین و لەبارەی خۆشییەوە گوتی "ئەگەر بەڕاستی من هونەرمەند بم و کەسیش هاوکاریم نەکات، هەوڵدەدەم خۆم پێشبخەم، ئەگەر بە کرێکاریش بێ پارە بۆ گۆرانی و کلیپەکانم پەیدادەکەم و هونەرەکەم پێشدەخەم".

نوێنەر بە بێزارییەوە دەڵێ "دەمەوێ لەناخمەوە خزمەتی ئەو کوردستانەی خۆم بکەم، نامەوێ بیر لەوە بکەمەوە کە ئێرە بەجێبێلم، من گۆرانی بۆ دڵی گەنجی نەگبەتی ئەو وڵاتە دەڵێم".



# ماریسا رێی خۆت بە کوردستانیش بخە

**رووداو- ئاژانسەکان**

لەیتۆن ماریسا کچە ئەکتەرو رێکلامکەری ئەمریکایی دوای ئەوەی رێکلامی بۆ بوتڵە ڤیتامینییەکانی ئاو کرد، لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەڤانیدا پرۆژەی داهاتووی خۆی ئاشکرا کردو گوتی "بەشداری فیلمێک دەکەم کە بڕیاروایە لەعێراق و دەوروبەری وێنەی بگیرێ".

ماریسا دوای ئەوەی بەشداری فیلمی Killer Movie ی کرد، فیلمەکە لەئەمریکا بووە پڕفرۆشترین فیلمی ساڵی 2008، ئەویش لەبەرامبەر رۆل بینینەکەی 12 ملیۆن دۆلاری وەرگرت. دوای ئەوەش بەرامبەر 2 ملیۆن دۆلار ریکلامی بۆ ئاوی کۆمپانیای ڤیتامین کرد، لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەڤانیدا ئاشکرایکرد کە دەرهێنەرێکی ئەمریکی داوای لێکردووە بەشداری فیلمەکەی بکات کە لەسەر شەڕی عێراقە.

لەیتۆن ماریسای تەمەن 22 ساڵ، کە سامانەکەی گەیشتووەتە نزیکەی 25 ملیۆن دۆلار، تائێستا بەشداریی 8 فیلمی جیهانی کردووە، کە نوێترینی فیلمیKiller Movie ە.

# زوو دڵداری بکەی سەردەکەوی

**رووداو- ئاژانسەکان**

بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی چینی، ئەو کوڕانەی لە تەمەنی 18 تا 20 ساڵ حەز لەکچێک بکەن، زۆر سەکەوتوو دەبن لە ژیانیاندا.

لەو لێکۆڵینەوەیەدا کە لەماوەی ساڵێکدا لەسەر 20 کوڕو کچی گەنج کراوە، دەرکەوت ئەو گەنجانەی لە تەمەنی 16 تا 18ساڵی کچێک یان کوڕێکیان خۆشبوێت، دوای پێکهێنانی ژیانی هاوسەریی هەندێ کێشەیان بۆ دروستدەبێ، ئەوانەی لە تەمەنی 18 تا 20 ساڵ ژیانی هاوسەریی پێکدێنن، لەژیانیاندا سەرکەوتووترین هاوسەردەبن و کەمترین کێشەیان دێتە پێشەوە، بەڵام ئەوانەی لە تەمەنی 20 تا 25ساڵ بەرەو سەرەوە ژیانی هاوسەری پێکدێنن زۆرترین کێشەیان لەنێواندا روودەدات. ئەو لێکۆڵینەوەیە جگە لەوەی لەسەر ئەو 20 گەنجە تاقیکراوەتەوە، بۆ ئەنجامگیرییەکەی پشت بەئاماری زۆربەی وڵاتانی جیهانیش بەستراوە.

# کۆمپانیا ئەلیس دربەکێ کوژەک ل کوردێن ئەڵمانیا خست

**رووداو- ئەڵمانیا**

کۆمپانیا ئەلیس یا تەلەفۆن و گەهاندنێ، بوهایێ پەیوەندیکرنێ بلند کر و دئەنجامدا هەر مالباتەکا کورد یا باشوورێ کوردستانێ کو ل ئەڵمانیا دژیت و بەشدار دگەل کۆمپانیا ناڤهاتی، ب سەدان یورۆیان زەرەرکرن.



ژ بەر کو پەیوەندیکرن ب باشوورێ کوردستانێ و ب تایبەت دگەل موبایلێن کۆرەک تیلیکۆم یا بێ بەرامبەر بوو. ماوەیەکێ درێژە گەلەک مالباتێن کوردێن باشوورێ کوردستانێ کو ل ئەڵمانیا دژین. بووینە بەشدارێن کۆمپانیا ئەلیس یا تەلەفۆن و گەهاندنێ ل ئەڵمانیا. لێ دیارە ل ڤێ داویێ کۆپانیا ناڤهاتی زانییە کو بەشدارێن وێ فێلبازیێ دکەن و ب رێکا هێلەکا ئەورۆپی پەیوەندیێ ب ئاسیا دکەن و ب تایبەت باشوورێ کوردستانێ. لەوما وان ئەو ژمارەیە گوهری و پاشی ژ نشکاڤە بوهایێ وێ بلند کر و د ئەنجامدا هەر مالباتەکا کورد یا باشووری ب سەدان یورۆیان بوونە قەرزدارێن کۆمپانیایێ. گیب مەحمود یەکە ژ بەشدارێن وێ کۆمپانیێ؛ "ب راستی فێلەکا مەزن ل مە هاتییە کرن و ئەم دێ هەول دەین ب رێکا پارێزەری مافێ خوە بزڤرینین ڤە. چونکی ئەو ژمارەیا ئەم پێ دکەین یا نۆرمالە و ناڤخوەیا ئەورۆپایە و ب گورەی گرێبەستا مە دگەل کۆمپانیێ؛ تەلەفۆنێن نۆرمال یێن ناڤخوەیا ئەورۆپا بێبەرامبەرن".

بۆ زانین ئەڤە پترە سالەکێ یە. هندەک مالباتێن کوردێن باشووری یێن بەشدار دگەل کۆمپانیا ئەلیس. بێبەرامبەر پەیوەندیێ دگەل موبایلێن کۆرەک تیلیکۆم دکەن. گەلەکان ژ وان و ب تایبەت ئافرەتان ژ سپێدێ تەلەفۆنێن خوە ڤەدکرن و تا شەڤ دکەتنە ئاخافتنێ دگەل خزم، کەسوکار و جیران و هەڤالان و مسۆگەر ئەڤ چەندە هەموو ل جەم کۆمپانیێ هاتیە تۆمارکرن. لەوما هیچ رێکەک ل بەر وان مالباتێن کورد نینە ژ بلی دانا وی قەرزی.

# ئاغاژنی بۆ گورگان بەجێهێشت

**رووداو- سنە**

فیلمی دیکۆمێنتاری (هەتاو دەگریێ) لەلایەن دەرهێنەر بیژەن زەمان پیرا کە باس لە کێشە کۆمەڵایەتییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دەکات دروستدەکرێ. ئەو فیلمە باس لە چیرۆکی ئاغای گوندێکی رۆژهەڵاتی کوردستان دەکات کە ژنەکەی 20 ساڵ لەمەوپێش خیانەتی لێکردووەو ئاغاش بەو هۆیەوە بردوویەتییە سەر بەرزترین چیای ناوچەکەو بەتەنیا لەوێ بەجێی هێشتووە. فیلمی هەتاو دەگریێ، وابڕیارە لەسەرەتای مانگی داهاتوو لەناوچە شاخاوییەکانی پارێزگای سنەی رۆژهەڵاتی کوردستان دەست بە وێنەگرتنی بکرێ.

# (رووداو)ییەک بووە زاوای (ئاوێنە)ییەکان



**رووداو- قەلادزێ**

ئێوارەی 2008/8/18 لە رێورەسمێکی خێزانیدا بە ئامادەبوونی بنەماڵە و ژمارەیەک لە دۆستانی هەردوولا ئەلقەی دەسگیرانی لەنێوان ساڵح و نەجیبەدا ئاڵوگۆڕکراو مارەبڕینیان راگەیێندرا.

بەڕێوەبەری نووسینی رۆژنامەی (رووداو) ساڵح قادر، لەگەڵ (نەجیبە محەممەد)ی هاوکار و پەیامنێری رۆژنامەی (ئاوێنە)، بڕیاری پێکەوەنانی ژیانی هاوسەرییان بە پیرۆزیی بنەماڵەی هەردوولادا. (رووداو) هیوای ژیانێکی خۆشبەختیان بۆ دەخوازێ.

# بەختی رووداو

### کاوڕ
Mar 21-Apr 19

خۆشەویستەکەت رەنجاندووەوپێویستە دیارییەکی جوانی بۆ بکڕیت و بچیتە لای، نابێ لەخۆ رازیبیت و کەسانی دەوروبەرت نارەحەت و نیگەران بکەی.

### گا
Apr 20-May 20

ئەمڕۆ لەناکاو هەواڵێکی خۆشت پێدەگات کە پێویستە ئەو هەواڵە بە خۆشەویستەکانت بگەیێنی تاکو ئەوانیش وەکو تۆ خۆشحاڵ ببن، لەوانەیە ئەو هەواڵە سوودی هەبێ.

### جمک
May 21-Jun 21

باری داراییت بەرەو باشی دەڕوات، پێویستە کەسێکی باش بدۆزییەوە تاکو بەرنامەیەکی باشت بۆ دابڕێژیت بۆ خەرجکردنی پارەکانت، چونکە پێشتر پارەکانت بەبێ بەرنامە خەرجکردووە.

### قرژاڵ
Jun 22-Jul 22

هەستێکت لادروست بووە کە پێتوایە ئەو کەسانەی لەدەوروبەرتن دووژمنتن، لەراستیدا وا نییە، ئەوانەی کە زۆر دێنە لای تۆ، تۆیان خۆشدەوێ و دەیانەوێ یارمەتیت بدەن.

### شێر
Jul 23-Aug 22

رۆژانی سێشەممەو چوارشەممە رۆژانی شانسی تۆن، پێویستە لەو رۆژانەدا باشتر بیر بکەیەوە تاکو بتوانی کاری باش بکەیت و سوود لەو رۆژانە وەربگری.

### گوڵەگەنم
Aug 23-Sep 22

کێشەیەکی گەورەت بۆ دروستدەبێ کە پێویستە بە هاوکاری لەگەڵ خێزانەکەت چارەسەری بکەی، خێزانەکەت لە چارەسەرکردنی زۆر یارمەتیدەرت دەبێ.

### تەرازوو
Sep 23-Oct 23

هەرچەندە خۆت بە کەسێکی باش دابنێی، تۆ کەسێکی کە یەکجار تەمبەڵیت کردووە، پێویستە ئەو کارانەی لەسەر شانتە بەبەرپرساییێتییەوە ئەنجامبدەی، تاکو سەرکەوتووتر بیت.

### دووپشک
Oct 24-Nov 21

هاورێکانت زۆر لێت پەستن، لەوەی کە کارێکت ئەنجامداوە بووەتە هۆی نارەحەتی ئەوان، هەرچەندە خۆت نازانیت، بەڵام باش بیر بکەوە بزانە چیتکردووە.

### کەوان
Nov 22-Dec 21

لەم هەفتەیەدا بەهۆی ئەو خەرجیانەی کردووتە، باری داراییت بەرەو خراپی دەچێت، پێویستە تاکو سەری مانگ دەست بەو پارەیەوە بگریت کە ماوە، لەوانەیە پێویستت پێ بێت.

### کارژۆلە
Dec 22-Jan 19

یەکێک لەخزمە نزیکەکانت لە شوێنێکی دوورەوە دەبێتە میوانت، کێشەیەکی بۆ هاتووەتە پێش کە تەنیا تۆ دەتوانی یارمەتیبدەی، کەواتە رەتیمەکەوەو یارمەتی بدە.

### سەتڵ
Jan 20– Feb 18

ئەنجامدانی ئەو هەموو کارە تووشی نەخۆشیت دەکات، پێویستە ئاگاداری باری تەندروستیت بیت، ئەگەر وا بەردەوام بیت لەوانەیە تووشی نەخۆشی بیت.

### نەهەنگ
Feb 19-Mar 20

کەسێک هەیە بەردەوام بیرت لێدەکاتەوە، ئەو هەموو هەوڵێکی داوە بۆئەوەی لە تۆ نزیک ببێتەوە، بەڵام بەهۆی ئەو کۆسپانەی لەبەردەمیەتی ناتوانی لێت نزیک ببێتەوە، بیدۆزەوە.




رووداو نێت

بۆ هەواڵ و شرۆڤەی نوێ بە زمانی کوردی (کرمانجی سەروو و خواروو) و ئینگلیزی، سەردانی ماڵپەڕی (رووداونێت – www.rudaw.net) بکە.

# ریالیزم چەمکێکی دوو تیخ



غەیاسەدین نەقشبەندی
bazoft2001@yahoo.com.au

**دەبێ لەبیرمان نەچێت ئەکتەری سەرەکی لای ریالیستەکان دەوڵەتەو ئێمەش دەوڵەتمان نییە، کاریگەری مەزنی ریالیزم لەسەر بنەمای سەروەری و یاسایی دەوڵەت کاردەکات.**

**چەمکی ریالیزم و ئاکامەکانی لەسەر ئەمڕۆی نەتەوەی کورد**

ریالیزم بەشێکی گرنگی تیۆری پەیوەندییە جیهانییەکان (International Relation) پێکدەهێنێت لەبەر ئەوەی بە دیدێکی واقیعیانە گرێیە جیهانییەکان شیدەکاتەوە، نەخاسمە لە ئاستی بووندا وەک کۆنسێپتێکی کاریگەرو زیندوو لەناو سیستمی پەیوەندییە جیهانییەکاندا .چەمکی ریالیزم لە سیاسەتدا وەک چەمکێکی پێڤاژ (Contradiction) بۆ کۆنسێپتی ئایدیالیزم هاتووە، ئایدیالیستەکان یان یۆتۆپییەکانی دوای جەنگی یەکەمی جیهان، چاوخشاندنەوەیەکی دیرۆکییان لەبارەی ئاکامەکانی جەنگەوە هەبوو، پرسیارە گرنگەکەی خوێندنی ریالیزم ئەوەبووە:

بۆچی جەنگ لای مرۆڤ بەردەوام کارێکی دووبارەیە؟

ئەوەی باوە کە هەموو جەنگەکان لە ئەنجامی هەڤبەرژەوەندی هەڵدەگیرسێن، ئەو بەرژەوەندییانەی کە زیاتر لە نەتەوەیەک/ دەوڵەتێک بە بەرژەوەندی شەرعیی دایدەنێن، یاخود ویستی مەزنبوون و بەهێزتربوون لەسەر حیسابی چەند لایەنێکی دیکەی لاواز، بەڵام ئایدیالیستەکان وای بۆ دەچن: کە دەبێ هزر نموونەیی بێت و تووندوتیژی نەبێتە چەمکی سەرەکی بۆ وەدەستهێنانی دەسکەوتەکان، ئەو دیدەش لەڕووی سەلماندنی فەلسەفییەوە کەموکورتی تێدایە، چونکە شتەکان وانین هەروەک ئێمە دەمانەوێ وابن، بەڵکو شتەکان بوویەرێکی دیکەیان هەیە و واقیعەکەیان زۆرجار لە ویست و گریمانی مرۆڤەوە دوورن، بۆیەش ئەو خاڵە دەبێتە خاڵێکی سەرەکی بۆ توێژینەوەو تێگەیشتنی تیۆری سیاسەتی نێودەوڵەتی "ریالیزمێکی تازە لەدوای جەنگی جیهانی سەری هەڵدا، لە نێوان ئایدیالیستەکانی کاتی جەنگ و ریالیستەکانی دوای جەنگ و شەرگەهەکەی (ubiquity) (دیمومە) هزری ریالیزم وەکو (کارل هانز) و (جۆرج کینان)ی"، ورووژاندەوە و لەناو قەوارەیەکی مۆدێرنیان داناوە، ئەو قەوارەیەش فۆرمێکی پێویست بوو بۆ وەدیهێنانی هزرێکی نوێتر کە بتوانێ لەگەڵ بدەرەکانی کات و ساتی تازەدا کە لە ساڵەکانی دوای جەنگی دووەمەوە خۆیان بگونجێنن .کاتێک تیۆریسیێن وهزرڤانە سیاسییەکان بە چاوی ریالیزمەوە سەیری کێشەکان دەکەن و هەر بەو چاوەشەوە بدەر و لێکەوتەکانی هەڵدەسەنگێنن، بەرژەوەندیی باڵای نەتەوە یان وڵات دەبێتە ئامانجی سەرەکی و مەسەلەی (ئەخلاق) مۆراڵ و هەموو شتێکی دیکە دەبنە شتی لاوەکی و بەرامبەر بەبەرژەوەندی باڵا بایەخیان نامێنێت.

جەنگ دەبێتە حاڵەتێکی زەروری کاتێک بەدیدی ریالیزم سەیری کێشەکان دەکەین و پێیان ئەرێنابین، جەنگ دەکەین بۆ ئەوەی ئەو ریالیزمەی خۆمان دەمانەوێ بچەسپێ، بەڵام دەبێ لەبیرمان نەچێت کە رۆڵی وتوویژی دیپلۆماسی گرنگییەکەی لەدەستدەدات و جەنراڵەکان دەبن بە خاوەن پەیڤی کۆتایی و جەنگیش دەبێتە گرنگترین چارەسەر.

ریالیزم ئەمریکای فێرکرد کە شتەکان بە گۆشەیەکی دیکە ببینێت و لە فۆرمی سیاسەتی دەرەوەیدا بەرژەوەندیی بەسەر ئیدیۆلۆجیادا زاڵبێت، ئەوەش یەکێکبوو لە هۆیەکانی زاڵبوونی ئەمریکا بەسەر سیاسەتی نوێی جیهاندا، بۆیەش سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بە شەڕ لە ئاشتی دەگەڕێت، یاخود شەڕ دەکات بۆ ئەوەی ئاشتی بەرقەرار بێت! بێگومان ئەو فۆرمە ئاشتییەی کە خۆی دەیەوێ.

سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بەسایەی ریالیزم توانیویەتی زلهێزەکانیتر دەستنیشانبکات و لەهەمانکاتدا بە پێڤاژ (Contradiction) لەگەڵیاندا بژیت، ئەگەرچی لە رووی هزروبۆچوون، باوەڕ، بەهاو ئاکار جیاوازییان هەبێت، دەتوانێت لە رێگای بەرژەوەندی و ئالوگۆڕی بازرگانی جیهانگەرێتی دروستبکات و نەک هەر ئەوەندەش، بەڵکو دەتوانێت ئەوبەرژەوەندیانە بکات بەمەرجێکی سەرەکی بۆ بەڕێوەبردنی جۆرەها شێوە سیاسەتی جیاوازو لە بدەری کاریگەری جیاوازدا، لەجیهانێکی پڕ ململانێ و دژەبەرەدا. ئەوانە و زۆرشتی دیکە کاری تێگەیشتنی مژاری فەلسەفیمان بۆ روون و ئاشکراتر دەکەن، بۆ ئەوەی بتوانین لەژێر رۆشناییەکەیدا پرۆسێسی تێگەیشتن بەباشتر ئەنجامبدەین، لە پێناو تێگەیشتنی دوا قۆناخی (ریالیزم) و بدەرەکانی و هەروەها ئاستە فکرییەکەی تیۆری سیاسەتی نێودەوڵەتی و وابەستەکانی.

هەندێک بۆچوون دیرۆکی ریالیزم دەگەڕێننەوە کاتێکی کۆنتر لە دیرۆکی جەنگی دووەمی جیهانی، بەڵکو، نیکۆلۆ ماکیاڤەللی (1469–1527)، تۆماس هۆبیز (1588–1679) وجان جاک رۆسۆ (1712–78) ئەو ریالیستانەی لەژێر ئەو دۆکتۆراینە (Doctrine) کاردەکەن و بەڕێوەبردنی حوکم دەخەنە ژێر رێبازی (Reason of State) واتە عەقلی دەوڵەت، یاخود عەقڵی




بەڕێوەبردنی دەوڵەت، دەکەونە ژێر رکێفی چەمکی هەموو شتێک لەپێناو حوکم.

هەر ئەو چەمکەش دەکەنە بنکەی بەڕێوەبردنی سیاسەتی دەرەوەیان، لەپێناو دابینکردنی ئاسایشی دەوڵەتەکە و ئەوەندەش لە سیاسەتی دەرەوەی زۆر لە سەرکردە سەرکەوتووەکانی چاخی نۆزدەو چاخی بیست خویادەبن، کە پرنسیپی ریالیزمی کلاسیکیان گرتووەتە بەر کە بەها و ئاکار و رەوشت دوای بەرژەوەندی وڵاتەکە دێن.

وەکو خوێنەرێکی باری سیاسی جیهانی، ئێستا دەتوانین گومانە رەواکانمان دەربارەی سیاسەتی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناڤین و بە تایبەت لە کوردستان بە شەرعی بزانین و تێدەگەین بۆچی نابێت بڕوای تەواوی بێگەردمان بە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکابێت، سەرەڕای ئەوەی کە هاوپەیمانێکی گرنگە بۆ کورد و یەکێکە لە هۆیە گرنگەکانی گەیشتنمان بەو رۆژە، واتە هاوپەیمانمانە (خۆشەویستی یەکلایەنە)، بەڵام بێگومان هاوپەیمانێکی ستراتیجی نییە. بەگوێرەی خوێندنەوەی دیرۆکی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە دوای جەنگی سارد، بۆمان خویا دەبێت کە ئەمریکا دەتوانێت لەپێناو بەرژەوەندیی مەزنتر هەموو نەتەوەیەک بفرۆشێت، نەخاسمە لە مەسەلەی گۆڕینی هاوکێشەی نێودەوڵەتیدا، کەواتە دەبێت کار بۆ ئەوە بکرێت: چۆن ئەمریکا بکەین بە هاوپەیمانێکی ستراتیجی و هەوڵی دروستکردنی بالانسێکی گونجاوی سیاسەتی دەرەوەی کورد لەنێوان ئەمریکا و ئەوروپادا، بۆ گرەنتیکردنی ئاسایشی نەتەوەیی کورد و بەردەوامبوونی گرنگی نەتەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی ناڤین وەکو یاریکەرێکی گرنگ کە توانای ئەوەی هەبێت هەبوونی خۆی بپارێزێت لەناو سیستەمێکی جیهانی دژبەرەک و تاک جەمسەردا.

جگە لە بوویەرە بەهێزەکانی سەرۆک بارزانی و راگرتنی باڵانسی هێزە ئیقلیمییەکان لەلایەن خودی سەرۆک وەزیرانەوە، هیچ شێوازێکی بنەڕەتی رەسمکردنی سیاسەتی دەرەوەمان نییە، تەنانەت پەیوەندییەکانمان لەگەڵ حکومەتی بەغداش تەنها دژەکردارن، خۆمان کردەکەین و چاوەڕێدەکەین تاوەکو فلان یان فیسار شتێک دژی کورد دەکات، ئینجا دەورووژێینەوەو هەموو کارتەکانمان بەیەکجار بەکاردەهێنین. ئەوەی کردارمان لەگەڵدا دەکات حەتما چاوەڕوانی دژەکردارەکانیشمانە، بۆیەش هەمیشە لە شەڕ دەبەینەوە و لە دانوستاندا دەدۆڕێنین، بۆیەش پێویستە خۆمان کردارمان هەبێت، کرداری وا کە ئەوەی بەرامبەر چاوەڕوانی نەکات بۆ ئەوەی خۆی بۆ ئامادە نەکات. تائێستا نەمانتوانیوە خۆمان بکەین بە سەنگی مەحەک یان خاڵی پەرەپێدان لەلایەن ئەمریکا و ئەوروپا، پەیوەندییەکانمان لەسەر ئاستی ئیقلیمی تەنانەت ئاستی جیهانیش زۆر لاواز و ئیفلیجن، لەبەر ئەوەی سیاسەتێکی دەرەوەی نەخشە بۆ کێشراومان نییەو بەگوێرەی کەش وهەوای سیاسی دەوروبەر دەسوڕێینەوەو لەخۆلگەی رەفتارەکانی بەرپرسە ئەمریکیەکان دەخولێینەوە، پێمان وایە هەرکەسێ قژزەردبێت وچاوی شینبێت! هەوە خۆیەتی!، ناشزانین ئەوانەی بۆ لای ئێمە دەنێردرێن وەکو بەردی شەترەنجن و تەنها کردار دەکەن یان راپۆرت وەردەگرن، ئەوانەی سیاسەتی دەرەوە دادەڕێژن، لەژێرپەردەن وکەس نایانبینێت، مەگەر بەکاری (Think-Tank) بەرێگای دامەزراندنی ئەو جۆرە ئنستیتۆیانە لە ئەنجامی ئەوەشدا هەتا ئێستا سەرەڕای گرنگی هەرێمی کوردستان لەرووی جیوسیاسییەوە نەمانتوانیوە گرنگییەکەی خۆمان لەپێناو نەخشەکێشانێکی سیاسی دوورخایەن بچەسپێنین.

**ریالیزم ئەمریکای فێرکرد کە لە سیاسەتی دەرەوەیدا بەرژەوەندیی بەسەر ئیدیۆلۆجیادا زاڵبێت، ئەوەش یەکێکبوو لە هۆیەکانی زاڵبوونی ئەمریکا بەسەر سیاسەتی نوێی جیهاندا**

بڕیارە مەزنەکەی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوک بۆ گەڕانەوە سەر هەرێمی کوردستان بەیەکێک لە هەنگاوە هەرەگرنگەکانی سیاسەتی ناوخۆ دەژمێردرێت، هەرچەندە وەکو دژە کردار خۆی نواندو کاتەکەی درەنگبوو، بەڵام هەر باشبوو، چونکە ئەگەر پێشتر کرابا بەبێی ئەوەی ببێتە دژەکرداری مادەی 24 کارتێکردنی زۆر زۆرتر دەبوو، هەڵبەتە لەخوێندنەوەی باری سیاسی و دامەزراندنی پۆڵەسی کات وشوێن دوو فاکتەری زۆر گرنگن، نەخاسمە ئەگەر باس لە سیاسەت و دواڕۆژی میللەتان بکەین، ئەو چەمک و بۆچونانەی کە دوێنێ بەڕاستمان دەزانین ئەمڕۆ لەوانەیە هەڵەبن، یانیش باویان نەمابێت.

جاران کە کابرایەک چەند زاراوەیێکی مارکسی لەبەردەکرد، لای کۆمەڵگا کەس و کارێکی پێشکەوتووبوو، هەمووکەسێک بەپێشکەوتنخوازی دادەنا، بەڵام دوای رووخانی بلۆکی سۆڤیەت و هەرەسهێنانی بلۆکی سۆشیالیستی ئەمڕۆ هەمان ئاخافتن شتی دواکەوتوون وئەگەر کابراش زۆر لەسەریان مکوڕبێت، یەکسەر بەکۆنەپەرست لەقەڵەمدەدرێ، هەروەها هەموو ئایدیولۆجیایێک کات وسات فاکتەری ڤالیدیتی دەنوێنن.

بەهەڵە بەکارهێنانی چەمکی ریالیزم، هەڵەیەکی کوژەکە چونکە هەر ئەو سیاسەتەبوو کوردی لەخشتەبرد و رێککەوتنی جەزائیرییان لەسەر کورد چەسپاند، ئێستاش زۆرجار دەبیندرێ لەسەر ئاستی بەرپرس و کاربەدەستە حکومییەکان خۆیان بە فەلسەفەی ریالیزمەوە دەبەستنەوە کە (ئێمە ریالیستین)! وەک چەمکێکی مۆدێرن بەکاریدەهێنن، واقیعمان ئەوەمان لەسەر دەسەپێنێت: ناتوانین ببین بە دەوڵەت، ناتوانین ئێران و تورکیا تورە بکەین، دەبێ باری خۆمان ئەوها وەکو ئێستا بپارێزین. ئەوانە نازانن کە ریالیزم کاتی بەسەرچووەو لەدوای رووخانی دیواری بەرلین و هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت ریالیزم بووەتە فەلسەفەیەکی کۆن و باوی نەماوە، چونکە بەساکاری و دوای ئەو رووداوە مەزنانە بۆمان دەردەکەوێت کە هیچ شتێک نییە موستەحیل بێت و هەموو شتێک بەگوێرەی کات وشوێن و رێککەوتنی هەل مومکینە. بەدەیان دەوڵەت بەبێ ئیرادەی رۆژئاوا دروستبوون و بەدەیان پارچەی نوێی سەر نەخشە بوون بە دەوڵەت و چاوەڕێی ریالیزمیان نەکرد بۆ ئەوەی رێگایان پێبدات.

لەکاتێکدا کە بایپۆلاریتی (Bipolarity) دوو جەمسەری بەسەر سیاسەتی جیهاندا زاڵبوو، چەمکی کۆنترادیکشن باوی هەبوو، دژەکان مانایەکی دیکەیان دەبەخشی، دژەکان تەواو دژی یەکتریبوون، پڕ بەرەواژی بەتاڵ بوو، رەش دژی سپی بوو، ئەوسا دەکرا بەچاویلکەی ریالیزم سەیری دونیامان کردبا، بەڵام دوای رووخانی دیواری بەرلین و هەڵوەشانەوەی ئەزموونی سۆڤیەت کارەکان گۆڕان و فەلسەفەی ریالیزم وەک جاران باوی نەما.

جاران وەکو چەمکێکی ریالیزم ودووجەمسەریی لەجیهاندا، نەدەکرا لە هاوکێشەیەکی دووجەمسەری هاودژ هەردووکیان راستبووان واتە ئەگەر سەرێکی جەمسەرەکە (A) بوایە و جەمسەرەکەی دیکەی (B) بووایە و (A)و (B) دوو جەمسەری دژبان، نەدەبووا هەردووکیان راست بن، ئەگەر یەکیان راستبا بێگومان ئەویتریان هەڵەبوو یان درۆبوو، ئەگەر وەکو شیمانە باوەڕمان بەوە هەبووایە کە راستی دژی درۆیە، بەڵام کاتێک (Bipolarity) دووجەمسەریی لەجیهاندا نەما، تەنها یەک جەمسەرەو چەمکەکانی دیکەش لەگەڵیدا گۆڕاون، ئێستا دەتوانین لە حاڵەتی پەرداخێکی بەنیوەدا بڵێین :نیوەی بەتاڵە و دەشتوانین بڵێین نیوەی پڕە، هەردووکیشیان راستن و بێگومان پڕیش پێچەوانەی بەتاڵە! کەواتە لەجیاتی چەمکی پێڤاژ ( تناقض- Contradiction) چەمکی (Paradox) جێگیردەبێت، کە لە ناو هاوکێشەیەکی دووجەمسەردا لەوانەیە هەردوو لایەنی هاوکێشەکە دژی یەکبن و هەردووکیشیان راستبن .

خۆبەستنەوە تەنها بە ریالیزم هەموو کارەکانمان ئیفلیجدەکات و هێزێکی ستراتیجی بۆ سیاسەتی دەرەوەی هەرێم ناهێڵێت، کە پێویستە ببێتە سیاسەتی هونەری مومکینات. ئەو سیاسەتە دەبێ مەبەست و ئامانجی ئەوشتانە بن کە بە دیدی ریالیستێک "ناکرێن"! لەبەر ئەوەی واقع نییە. ئەو شتانەی کە دەکرێن، تەنها بەردەوامبوونمان لێی گەرەکە، بەڵام دەبێ هەوڵی بەدیهێنانی ئەو شتانە بدەین کە "نابن" و سیاسەتێکی دەرەوەی درێژخایەن دابمەزرێنین بۆ ئەوەی بتوانین مانایێک بە ئەرکە سیاسییە رۆژانەکانمان بدەین.

شتی لەوە گرنگتر ئەوەیە دەبێ لەبیرمان نەچێت کە ئەکتەری سەرەکی لای ریالیستەکان دەوڵەتە و ئێمەش دەوڵەتمان نییە، کاریگەری مەزنی ریالیزم لەسەر بنەمای سەروەری و یاسایی دەوڵەت کاردەکات، ئەکتەرەکانی دیکە لای ئەو رێبازە شتی لاوەکین و بە شێوەیەکی کاتی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت .

لێرەدا دەتوانین بەئاشکرا ببینین کە بۆچی تائێستا ئەمریکا بە رەسمی ناوی کورد ناهێنێت، یاخود بە رەسمی هیچ گرێبەست و هاوپەیمانییەتێکی نووسراوی لەگەڵ ئیمزاناکات، ریالیزمەکەی هینری کیسنگەر، رێککەوتن و پێکهاتەی جەزائیری لێ دروستبوو و هەروەها تا دەگاتە پۆڵ بریمەر و کۆندەلیزا رایس، هەموویان خوێندکاری ئەو فەلسەفە ریالستییەی کیسنگەرن، مکوڕیشن لەسەر ئەوەی کە ئەخلاق، بەها، ئاکار، دوای بەرژەوەندی باڵای ئەمریکا دێن.

ئەگەر تەنیا بەچەمکی ریالیزم سەیری شتەکان بکەین و هیچ دیتنێکی دیکە لە پێش چاو نەگرین زیانێکی زۆرمان پێدەکەوێت، چونکە بەکارهێنانی ریالیزم وەکو رێچکە، تەنها لەبەرژەوەندی جەمسەرە بەهێزەکانە، ئەوە ئەگەر بەحاڵی خۆت ئەرێبی ریالیستی، ئەگەر ریالیستیش بیت دەبێ لەکەرکوک خۆشبی و لەپارچەبوونی کوردستان خۆشبی و بە هەمووشتەکان کە ریالیتی بەسەریدا چەسپاندووی رازیبی.

**کۆتایی:**

**ئەو ریالیزمەی کە بەچاکی دەزانم ئەوەیە: دەبێ دوژمنانی کورد بزانن کە، دووسەد ساڵە شەڕ لەپێناو سەربەخۆیی دەکەین، لاریمان نییە! شەشسەد ساڵی دیکەش بۆی بجەنگین، بەڵام هەردەبێ ببین بەخاوەن دەوڵەتێکی سەربەخۆ ئەوەش فاکتێکی ریالیزمە.**

---



گۆران محەممەد
goransalih@hotmail.com

# بێ ئاوی بێ کەرکووکی

پێناچێ دەسەڵاتداری کورد ئەو راستییە بزانێ کە لە کن هاووڵاتی کوردستان، بوونی ئاو، کارەبا و رێگاو بان و خزمەتگوزاریی لە گەڕانەوەی کەرکووک گرینگترە. ئاخر هاووڵاتییەک، هیچ خێرێک لە وڵاتەکەی نەبینێت، چۆن شەڕی بۆ دەکات؟ ئەوە نییە خەڵکی خەلیفان، لە تاو بێ ئاویی، سەربەخۆ و بێ زۆرلێکردن، رژانە سەرشەقام و حەسحەسەکانی دەسەڵاتداری کوردستان چاوقایمانە بە گوللە وەڵامیان دانەوە و کوژرانی منداڵێک و برینداربوونی پێنج کەسیان لە ناوخۆپیشاندانەکەدا، بە کێشەیەکی کۆمەڵایەتی وەسفکرد. کەچی هەمان دەسەڵات خەڵکی بۆ خۆپیشاندان لە دژی مادەی 24 راکێشایە سەرشەقامەکان. چەندین قوتابخانە، دابەشکردنی مووچەیان خستە دوای خۆپیشاندانەکان، بۆ ئەوەی بەوانەی نەدەن کە نەچوونەتە خۆپیشاندان.

دەسەڵاتی کوردستان، تا ئێستا تاقە رێگایەکی بۆ دەروازەی شارێکی وەک سلێمانی کە بە قەولی خۆیان پایتەختی رۆشنبیرییە، دروست نەکردووە، کەچی روویان دێت داوای کەرکووک بکەن. (کابوڵ)، (قەندەهار) و (ئیسلام ئاباد)م نەدیوە، لێ دڵنیام دەروازەی ئەو شارە پڕ ئاشووب و تیرۆریستانە، زۆر لە دەروازەی پایتەختی رۆشنبیری کوردستان ئاوەدانترە. تۆ لەوە گەڕێ کاتێ لە تاسڵووجەوە دەچیتە سلێمانییەوە، دەڵێی بە قادرمەدا دەڕۆیت، ئەملاوئەولای رێگاکە، بە دەبەی کۆنی بەنزین و گاز، پیکابی شووتی و کاڵەک و مریشک فرۆش تەنراوە. دەسەڵاتێک تا ئێستا شەقامێکی ئاوا سەرەکیی پێ رێکنەخرابێت، چۆن رووی دێت، داوای بەڕێوەبردنی چەند شارێکی دیکەش بکات؟

زۆربەی گەڕەکەکانی سلێمانی لە هەفتەیەکدا یەک سەعات ئاویان دێتەوە، خۆ شوشتن لە سلێمانی جۆرێکە لە دەستکەوت، حەوشە شوشتن خەون و باخ ئاودانیش موستەحیل. خەڵکی پایتەختی رۆشنبیری کوردستان، بەم گەرمایە هەر چەند رۆژ جارێک، خۆیان دەشۆن، تێناگەم دەسەڵاتی کوردستان، چۆن رووی دێت بەمە بڵێ شار، نەک پایتەختی رۆشنبیری.

خەڵکی خانەقین، شەو رۆژ لە حوسێنییە کەوتوون و هانایان بۆ حەزرەتی ئیمام بردووە شارەکەیان نەچێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، ئاخر ئەوان کە ئێستا لە سایەی حکوومەتی مالیکییەوە نزیکەی 24 سەعات کارەبایان هەس، هیچ مەمنوون نین بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان. بۆ ئەوان حوکمڕانیی کوردی، لە دەنگی دەهۆڵ دەچێ، لە دوورەوە خۆشە.

تاقە یەک بنەدار، لە کێڵگەی بەرپرسە بە هیچ تێرنەبووەکانی کوردستان، بۆ رۆژێکیش بێ ئاو نابێ، مەلەوانگەکانیان هەفتەی چەند جارێک ئاوی دەگۆڕدرێت، کەچی هاووڵاتییەکی شارە حەیاتەکەش خەون بە حەمامێکەوە دەبینێت. تەقەمان لێمەکەن، ئاومان بدەنێ خۆمانی پێبشۆین. هەر کاتێکیش چڵکی ئازادییەکەی ئێوەمان لێبووەوە، خۆمان دێین خۆپیشاندان بۆ کەرکووک دەکەین.

---

# ئەمریکا Think Tank بەڕێوەی دەبات، کوردستان چی؟



هێمن میرانی*

ئەمریکییەکان دەڵێن" ئەمریکا گرووپەکانی بیرکردنەوە بەڕێوەی دەبەن" . بەو مانایەی گرووپەکانی توێژینەوە بایەخێکی گەورەیان هەیە لە ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و سەربازی ئەو وڵاتەدا.

بە گوێرەی ئەو پێناسانەی فەرهەنگەکانی سیاسەت و خودی دامەزراوە باڵاکانی توێژینەوە لە دونیای پێشکەوتوو وەکو پەیمانگەی برۆکینگز (Brookings Institute 1916) و دامەزراوەی کولتور Heritage Foundation و پەیمانگەی کاری ئەمریکی بۆ توێژینەوەی رای گشتی AEI و پەیمانگەی توێژینەوەی سیاسەتی گشتی لە بەریتانیا IPPR و هەزاران دامەزراوەی دیکەی بیرکردنەوە لە دونیا بۆ گرووپەکانی بیرکردنەوەیان کردووە،ئەو گرووپانە بریتین لە، دەزگایەک، ناوەندێک، پەیمانگەیەک، کۆمپانیایەک، کە لە روانگەیەکی زانستی کار بۆ توێژینەوە و چارەسەرکردنی کێشەکان دەکەن و زانیاری و ئەلتەرناتیڤی پێویست پێشکەش دەکەن . توێژینەوەی فرە رەهەند لە بوارە جیاجیاکاندا بەرهەم دێنن.

بە گشتی ئەم دامەزراوانە قازانج نەکەرن Non-profit و لە لایەن حکومەتەوە پاڵپشتی دارایی دەکرێن و، هەیانە سەر بە پارتێکی دیاریکراون. ئەرکی ئەو دامەزراوانە ئەوەیە لە جیاتی حکومەت بیر دەکەنەوە و لە دەرەوەی دەسەڵات رووداو و پێشهاتەکان شیدەکەنەوە. بە واتایەکی دیکە دەزگای هەرە گرنگن کە شتەکان وەکو خۆیان دەبینن و لێکدانەوەی بێلایەنانەیان بۆ دەکەن. لە وڵاتانی پێشکەوتووی دونیا هەزاران دامەزراوەی بیرکردنەوە هەن کە لە رووداو و پێشهاتی جیاجیادا حکومەت بۆ رزگاربوون لە تەنگەژەیەک پەنایان بۆ دەبات.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەو ئەزموونە دەوڵەمەندو هێزە هەمە لایەن و بەو لێشاوە پسپۆڕ و ئەکادیمییەی خۆی،بەبێ سڵکردنەوە کاتێک لە عێراق دووچاری کێشە دەبێ، جگە لە راپۆرتی باڵیۆزەکەی و راپۆرتی فەرماندەی سەربازی خۆی لە عێراق، پەنا دەباتە بەر بێکەر و هاملتن بۆ ئەوەی رێ بە حکومەت پێشانبدەن و چارەسەری بۆ بدۆزنەوە. دامەزراوە گرنگەکانی وەکو هیریتچ و هیدسن Hudson بەردەوام توێژینەوە بۆ خزمەتی سیاسەتی گشتی دەکەن. کاتێک کۆنگرسمانێک، وەزیرێک، سەرۆک کۆمارێک ماوەی ئەرکەکەی تەواو دەبێ، یان خانەنشین دەکرێ، بە مووچەی تەواو نانێردێتەوە ماڵ تەنیا بخەوێ، بەڵکو دەچێتە ئەو دامەزراوە گرنگانەی بیرکردنەوە و لە جیاتی حکومەتەکەی بیر دەکاتەوە .

ئێمە ئیدارەی سێ پارێزگا دەکەین و بە شەرمی دەزانین دامەزراوەی بیرکردنەوەمان هەبێ لە جیاتی حکومەت بیر بکەنەوە، ئەو پۆستانەی بە ناوی راوێژکاری سەرۆکی هەرێمی کوردستان، سەرۆکی حکومەت، یان ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتەکان، و ئەو هەموو مووچەییەی خراوەتە خزمەت راوێژکارەکان و بە دەگمەنیش راوێژیان پێدەکرێ، زۆر گرنگترە بخرێتە خزمەت دروستکردنی چەند دامەزراوەیەکی گرنگی بیرکردنەوە Think Tank .

ئەگەرچی چەند زانکۆ و لێشاوێک مامۆستای زانکۆ و ئەکادیمیک لە کوردستاندا هەن، بەڵام ئەو زانکۆیانە نەیانتوانیووە لە جیاتی حکومەت بیربکەنەوە و سیاسەتی گشتی و رووداوەکان بخەنە ژێر شرۆڤە و هەڵوەستەی جددی. دامەزراوەکانی بیرکردنەوە لە کوردستان زۆر پێویستن بە هۆی بوونی کۆمەڵێک کێشەی گەورە، هەر لە کێشە ناوخۆییە گەورەکانەوە بگرە، وەکو گرانی و ئەو فەوزایەی بەناوی بازاڕی ئازاد هەیە، کێشەی مردنی کەرتی کشتوکاڵ، کێشەی نیشتەجێبوون، تا دەگاتە پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر — بەغدا و کێشە قانونییەکانی نێوانیان. ئەم کێشانە پێویستیان بەوە هەیە بەر لەوەی بڕیاریان لێ بدرێت پێشتر خۆیان بۆ ئامادە کرابێ، نەک لە پڕێکدا و بە یەک دوو کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی یەکلا بکرێنەوە و کاریگەرییە دوور مەوداکانیان لێک نەدرێتەوە .

ئەو دامەزراوانەی بیرکردنەوە گەلێ گرنگن، لێ دامەزراندنی ئەمانیش نابێ وەکو ئەو هەموو دامەزراوانە بێ کە تەنیا ناوەکانیان لە دامەزراوەکانی دونیا دەچێ.

*** ماستەر لە زانستی سیاسەت**






# قاچ سزای نەزانی عەقل دەکێشێ!

مستەفا شەفیق- ئەڵمانیا
gare2005@hotmail.de

هیچ کەسێک ناتوانێت نکۆڵی لەوە بکات کە ڕۆڵی سەرکردایەتی لە شکست و کارەساتەکانی کوردستاندا نەبووە، بەڵکو هۆکاری یەکەمی ژێر دەست مانەوەی کورد سەرکردایەتی بووە.

بەڵام زۆر جار تێگەییشتنی هەڵە دەبێتە هۆی تێکەڵاوییەک لەم باسەدا . کە ڕەخنە لەسەرکردایەتی یان کەسایەتییەکی مێژوویی کورد دەگیرێ کەسانێک وەکو موریدی شێخ ڕووبەڕووی خەڵک دەبنەوەو وادەزانن ئەوانن پاسەوانی پاراستنی ئەم کەسایەتیانە لە خەڵک و ئەوەیان لە بیر دەچێتەوە کە سەرکردەی ڕاستەقینە گەل دەیپارێزیت و پێویستی بە کەسانی ماستاوچی نییە . سەرکردەکان بە نیازپاکی و بۆ باشبوون دەکەونە بەر ڕەخنە، چونکە سەرکردەکانی کورد زۆربەیان بە ڕێگایەکدا ڕۆیشتوون و دەڕۆن کە شەهیدبوونیش، یەکێکە لە ئەگەرەکان.

ڕەخنەی سەرەکی گەل لە سەرکردایەتی ئەوەیە کە نەیتوانیوە لێهاتوویی بنوێنێ لە گەیاندنی کیشەی کورد بە سەرکەوتن و گەیاندنی گەل بە ژیاینکی ئازاد. گەل گلەیی زۆری لە سیاسەت و ڕەفتاری سەرکردایەتی خۆی هەیە، لەبەر ئەوەی دڵنیا نییە لە ژیانی و ڕووبەڕووی کۆمەڵێک کەسانی گەندەڵ و تەمبەڵ دەبێتەوە کە بەرپرسیارێتیان گرتووەتە سەرشان و کارناکەن، گەلیش کەسانی خزمەتکاری دەوێ نەک ئاغاو مشەخۆر، ئایا گەل ناهەقە؟ ئەگەر ناهەق بێت دەبێ ئەم ناهەقییەی بۆ ڕوون بکرێتەوە، ئەگەر حەقیش بێت دەبێ گوێ لە خواستەکانی بگیرێت. ئەگەر سەرکردایەتی کورد لەم خاڵەدا خۆی یەکلایی نەکاتەوە گەورەترین زیان بە خۆی و کیشەی نەتەوەکەی دەگەیێنێت.

دەسەڵاتی کوردی بەگشتی دیموکراسیبوونی خۆی ڕاگەیاندووەو، دەڵێ ئامانجێکی سەرەکی دیموکراسییە و دژی دیکتاتۆری و دەسەڵاتی دابراوە لە خەڵک، لەکاتێکدا یەکەم مەرجی دیموکراسیبوون گوێگرتنە لە خواستی خەڵک. خەڵک هەرچییەکی بوێت دەبێ لە سەرووی هەموو خواستێک بێت. بەڵام ئایا دەسەڵاتی کوردی ئەمڕۆ دەتوانێت بانگەشەی ئەوە بکات کە ئەم پرەنسیپەی پەیرەو کردووە؟ ئایا سەرکردایەتی کورد بۆچی وەڵامێکی ڕاشکاوانەی خەڵک ناداتەوە؟بۆچی تەواوی گەل هاوار دەکات گەندەڵی و ناعەدالەتی پشتی ئێمەی شکاندووە وەلێ دەسەڵات هیچ هەڵوێستێکی نییە بەرامبەر ئەم هاوارەی خەڵک؟ زۆر کەس هەن دەڵێن ئەم هات و هاوارە ڕاست نییە و پروپاگەندەیە،بەڵام بۆچی تەواوی خەڵک ببنە قوربانی ئەم پرۆپاگەندەو دەسەڵات ئەوەندە خۆی نەبان بکات؟ لەبەر چی تاوەکو ئێستا تاکە بەرپرسێک لەسەر ئەم مەسەلەیە سزا نەدراوە،ئایا بەراستی هەموو ئەم بەرپرسانە پاکن و ناحەزان ئەم ناتۆرانەیان بۆ دروست دەکەن؟ بۆ هەموو کێشە چارەنووسسازەکان خەڵکی کوردستان بێ متمانە بووە،واتە دەسەڵاتی کورد ڕووبەڕووی بارودۆخیکی زۆر هەستیار بووەتەوو پێویستە بڕیاریکی یەکلاکەرەوە بدات، یان دەبێ بوێرانە لەگەڵ خەڵک هەڵوێست وەربگرێت و هیچیتر ڕێگە بە کەسانی هەلپەرست و گەندەڵ نەدات یاری بە چارەنووسی خەڵک بکەن یان دەسەڵاتیش دەبێتە بەشێک لەم خراپەکاریانەی دەکرێن. زۆر ئاشکرا دەبینرێت لە دەوری هەموو کاربەدەستێک کۆمەڵێک مرۆڤی ناشایستە و بێ بەرهەم پایەیان وەرگرتووەو هیچ پێوەرێکی یاسایی نییە بۆ کار و پلە دان بەم کەسانە، هەموو کەسێک لەناو کۆمەڵی ئێمە ئەم واقیعە دەبینێت، هەموو مرۆڤیک کە تێکەڵاوی ئەم کۆمەڵە بووبێت ئەم ڕاستییە هەستپێدەکات، هەموو چاودێرێکی بیانی کەم یان زۆر ئەم ڕاستیانەی بەرچاو دەکەوێت باشە بۆچی ئەم کاربەدەستانە ئاوڕێک لەدەوری خۆیان نادەنەوە و ئاگایان لە هیچ نییە؟

هەرچەند خۆمان گێل بکەین لە ڕاستییەکان و چاومان بگرین و گوێ نەدەینە ڕەخنەکانی خەڵک، بەڵام بڕوام وایە ڕاستییەکان وازمان لێناهێنن و بەرۆکمان بەرنادەن .هەموو ئەو هەوڵانەی ئەمڕۆ دەیانکەین و گوێیان نادەینێ سبەی یان درەنگتر زۆر بەگەورەتر ڕووبەڕوومان دەبنەوە . هەموومان دەبینین ئەو چەوتیانەی لە مێژووی ئێمەدا کراون چۆن ئەمڕۆ وەکو کۆسپ لەپێش ئێمە وەستاون و هەموو چەوتی و کارە نا بەجێیەکانی ئێمەش بۆ نەوەکانی داهاتوو دەبنە بەربەستی سەر ڕێگایان . لەکاتێکدا ئەم سەردەمە بواری ئەوە نادات چەوتییەکان بە دەیان ساڵی دیکە دەرکەون بەڵکوو چەوتیەکانی ئێمە ڕەنگە هەر بێنەوە سەر ڕێگای خۆمان. ئەوەی باجی چەوتیەکانیش دەدات هەر دەسەڵات نییە بەڵکو زیاتری دەکەوێتە سەر خەڵک، وەکو ئەو وتەیەی دەڵێ: هەر قاچە سزای نەزانی عەقل دەکێشێت.

پەیامی ڕووداو

# عێراقی شەڕ و زۆرداری

جەعفەر عەسکەری ئەو کوردەی دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق بووە یەکەم وەزیری بەرگریی عێراق لەوانەیە زۆر شانازی بەوە کردبێ کە سوپای عێراقی لە نەبوونەوە دروستکرد، بەڵام هەر ئەو سوپایە دووجار گوندەکەی ئەو (عەسکەر)یان ئەنفالکرد. دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدامیش یەکەم فەوجی سوپای عێراق لە کورد دروستکرایەوە لە موسڵ، بەڵام پێناچێ کورد هێشتا بە خاوەن حساب بکرێ لەو دەوڵەتەدا، هەربۆیەشە سوپای ئێستای عێراقیش بەرنامەی نهێنی هەیە بۆ گرتنەوەی هەموو ئەو شوێنانەی سوپای عێراقی سەدام تێیدابوو تا پێش ڕووخانی، ئینجا با کورد سەرۆک کۆمار و جێگری سەرۆک پەرلەمان و حکومەت و سەرۆک ئەرکانی سوپاش بێ.

عێراق وەک وڵاتێکی ناسەقامگیر لە پێکهاتە و مێژوویدا، باوەڕناکرێ سیستەمێکی سیاسی دیموکراسی بەخۆیەوە بگرێ، چونکە دیموکراسی هیچ کات لە شوێنێک چەکەرە ناکات کە عەسکەر قسە و دەستی لە سیاسەتدا هەبێ و سوپای بەهێز بۆ یەکلاییکردنەوەی گرفتە نێوخۆییەکان دروستبکرێ. ئێستا کە کوردستان و بەغدا لەسەر چەند کێشەیەک تەنگژەیان کەوتووەتە نێوان، ئەوە بەتەواوی گوێزراوەتەوە نێوان سوپای عەرەبی عێراق و پێشمەرگە، بۆیەش بەهیچ لۆژیکێک ناکرێ کێشەی قەرەتەپە دوور لە تەنگژە سیاسی و ئابوورییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا تەماشابکرێن.

سوپای "عێراقی هیوا و ئاشتی" کە بەفەرمانی تووندی مالیکی پێش ئەوەی هەنگاوێک بۆ دەرکردنی گرووپە چەکدارەکانی قاعیدە و ئەوانیتر بهاوێژێت لە دیالە، بەربێتە لیوای 34ی پێشمەرگە کە ساڵی ڕابردوو بە داخوازی مالیکی و ئەمریکا بۆ کۆنترۆلی ئەو شوێنانە بۆ یارمەتیدانی حکومەتی مالیکی چووبوو، 24 قوربانیشی لەو پێناوەدا داوە، ئەوە دروست هەمان زەمینەی سەدامی دەخولقێنێ بۆ دروستکردنەوەی سوپایەکی بەترس بۆ نێوخۆ و سەرکوتکردنی نێو سنوور نەک پاراستنی سەر سنوور. هەروەک چۆن زەمینەی دروستبوونەوەی عەلی حەسەن مەجیدی دیکە دەخولقێتەوە، لەو بوارەشدا جێگری وەزیری پێشمەرگە دروستی بە عەلی غەیدان گوتووە کە "لەگەڵ عەلی حەسەن مەجید تەنیا ناوی باوکتان جیاوازە". مالیکی کە ئامادەیە هەموو ئەفسەرەکانی سەردەمی سەدام وەربگرێتەوە دەیەوێ بەحساب نەکردنی پێشمەرگە وەک بەشێکی مەنزومەی بەرگریی عێراق ئەو هێزەی کوردستان پەرتەوازە بکات.

عێراق تائێستا لە دەوڵەتێکی تووندوتیژەوە نەبووەتە دەوڵەتێکی مەدەنی، زەحمەتیشە لەئایندەشدا بگۆڕێت، بۆیە هەمیشە ئەو لۆژیکە شەڕگەییە زاڵدەبێ، هێزی چەکدارت لەهەر شوێنێک کشایەوە لەڕووی سیاسیشەوە پاشەکشێ دەکەی، وەک چۆن ئەمڕۆ لە قەرەتەپە و ناوچەکانی دیالە دەیبینین، بۆیەش بۆ وەبەرهێنان و پێشکەوتنی ئابووری و زاڵنەبوونی لۆژیکی بەغدای غەدار و کوردستانی داگیرکرا و ئاوڕدانەوە لە پێشمەرگە گرنگە.

ئاکۆ محەممەد



# سرێشمە وێستگەی بەخۆداچوونەوە

کرمانج عیزەت سلێمان*

سرێشمە گەورەترین گوندی سنووری قەزای سۆرانە کە ژمارەی دانیشتوانی لە 800 ماڵ تێدەپەڕێ، لە چوار تیرەی سەرەکی پێکهاتووە، وێڕای پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، یەک بیرو باوەڕی سیاسیش 95%ی دانیشتوانەکەی کۆدەکاتەوە، لە دەستپێکی شۆڕشی ئەیلولیشەوە ئەوانیش دەور وپێگەیان لە شۆڕشی کوردستاندا هەبووەو لەگولانیش هەروا، هەمیشە شوێنی پاراستن و پەڕینەوەی پێشمەرگە بوونە. ئەم هەڵوێستانە وای لێکردوون کە هەمیشە بە نازێکەوە داواکانیان بخوازن. لە ڕووی خزمەتگوزاریەوە 80% ی شەقامەکانیان کونکریتن و قوتابخانە و بنکەی تەندروستی و شارەوانی و سەنتەری ڕۆشەنبیریان هەیە، جگە لە خزمەتگوزاری کارەبا و ئاو، لەو ماوەیەشدا داوای بە ناحیەکردنی گوندەکەشیان لێکردووین، ئێمەش بە پشتگیرییەوە داوای ئەوانمان بەرز کردووەتەوە، چونکە مەرجی بە ناحیەبوونی تێدایە.

کێشەی کەمی ئاویان نەبوو، بەڵکو سکاڵایان لە پیسی سەرچاوەی ئاوەکە هەبوو، داواکەشیان ڕەوا بوو، بۆیە ساڵی ڕابردوو لەلایەن پارێزگای هەولێرەوە چەندین پێشنیار بۆ دۆزینەوەی سەروچاوەیەکی خاوێن پێشکێشکران تا دواتر پێشنیاری سەروچاوەی ئاوی بێخال پەسەند کراو لە گەڵ پرۆژەی ئاوی چۆمان درایە تیمی ئەندازیاری ئەمریکاییەکان و بودجەیان بۆ دابین کرد، بەڵام ئەم پرۆژەیە دەبوایە بە دوو قوناخ لە بەر نزمی ئاستی سەرچاوەی ئاو لە شوێنی ئامانج کە سرێشمەیە جێبەجێکرابا، بڕیاردرا قۆناخی یەکەم لە بێخاڵ بۆ خەلیفان و هەمان حەوزی سرێشمە کە لەوێ پرۆژەکە ئامادەیە و بە هەمان ترۆمپاکانی پێشوو بۆ سرێشمە بنێردرێ، ئەمە حساباتی هونەری لە خۆ دەگرت کە ئەندازیارانی بواری ئاو بە هاوکاری ئێمە و ئەمریکاییەکان نەخشەسازییان بۆ کرد بوو، کە بەم شێوەیە هیچ ئاستەنگی هونەری نابێت و بە بڕی یەک ملیۆن و دوو سەت هەزار دۆلار جێبەجێدەبێت، بەڵام هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە سرێشمەییەکان وێڕای ئەوەی نەیاندەویست پرۆژەکە هەڵوەشێتەوە داوای گۆڕانی ئاراستەی ئاوەکەیان دەکرد، کە یان لە ناو گەلی عەلی بەگ یان لە زار گەلی خەلیفان بێ ئەوەی بچێتەوە ناو خەلیفان ئاراستەی سرێشمە بکرێ، بۆ داوای ئەوان ئێمە لە دیوانی قائمقامیەت بە ئامادەبوونی نوێنەری تیمی ئەمریکا بۆ ماوەی زیاتر لە سەعاتێک گفتوگۆمان لەسەر ئەم داوایە کرد، دوایی ئەمریکاییەکان ڕازینەبوون هیچ گۆڕانێکی دیزاینەکە بکرێت و پێیانگوتین یان بەم شێوەیە جێبەجێدەکرێ یان هەڵیدەوەشێننەوە، بۆیە خەڵکی سرێشمەمان لەو هەڵوێستە ئاگادار کردنەوە و ئەوانیش تێگەیشتن و بڕیار درا پرۆژەکە جێبەجێبکرێت، پرۆژە دەستی پێکرد، بەڵام ئەوان هەر سووربوون لە سەر داواکەی خۆیان، گوتیان هەرکاتێک بۆرییەکان نزیکی خەلیفان ببنەوە قبول ناکەین و بە شێوەی خۆپێشاندان گۆڕینی ئەو بۆریانە دەکەینە ئەمری واقع و فەرزی دەکەین، جگە لەوەی داواکارییەکەیان بۆ مەکتەبی جەنابی سەرۆک و جەنابی پارێزگار و حیزب و حکومەت بەردەوام بوون.

خەلکی سرێشمە دەزانن ئەو پرۆژەیە لە ڕووی هونەرییەوە هیچ گرفتێکی نابێت و بەڵێنی ئەوەمان پێدان ئەگەر دوای تەواوبوونی هەر کەموکوڕییەک هەبێ ئێمە ئامادەین لە پارەی بودجەی پەرەپێدان جێبەجێی بکەین، بەڵام با چاوەڕێی ئەو کات بین، کەچی خەڵکی سرێشمە لە ڕوانگەی هەندێ لێکدانەوەی کۆمەڵایەتی پێیانوابوو دەبێ لە ئێستاوە هێڵی ئاوی سرێشمە بە ناو خەلیفان تێنەپەڕێ و تا لە ناو خەلیفانەوە بێت ئەو پرۆژەیە بە پرۆژەی تایبەتی سرێشمە تەواو نابێت و بۆ شوێنی دیکەش کەڵکی لێوەردەگیرێ، بۆیە وێڕای ئەوەی هەموو دەزگاکان ئەو مەترسییەیان بۆ گرەنتی دەکردن ئەوان هەر پێداگیربوون لە سەر ڕایەکەیان تا ڕۆژی 17/ 8/ 2008 بڕیاریاندا خۆپیشاندان بکەن، بێ ئەوەی مۆڵەت وەربگرن.سرێشمەییەکان، ئەو خۆپیشاندانەیان غروری ئەو نازەیانە کە لە سەر حکومەت دەیکەن نەک دژایەتی حکومەت بێ،بەڵام نەبوونی کەلتوری ڕاستەقینەی خۆپیشاندان بە تایبەتی کە جاری یەکەمە بێ مۆڵەتی فەرمی خۆ پێشاندان دەکەن، بەداخەوە کۆنترۆڵ ئاسان نییە، خۆپیشاندەر کە ئیجازە وەردەگرێ پاسەوانی خۆپیشاندانی لەلایەن حکومەتەوە بۆ دەکرێ،لە شوێنی خۆپیشاندان ئامادەیی وەردەگیرێ کە هیچ مەترسی ئاڵۆزی و گرژی ڕوونادا، چونکە خۆپێشاندان لە وڵاتانی دیموکراسی ئامانجی ئاشکرایە کە ڕاگەیێندرا پێویست بە ترسی ئەو شوێنە ناکات کە بۆی دەچن، لە بەرامبەریشدا پۆلیسەکانی ناحیەی خەلیفانیش بە هەمان شێوە شارەزا نین کە چۆن هەڵسوکەوت لە گەڵ خۆپێشاندانی بەوشێوەیە بکەن، لە نێوان حەماسی جەماوەرەکە وهوتافکێشان و قەرەبالغیدا و لە نێوان واجبی پاسەوانی ئەو هەیبەتە حکومیەدا بێ ئەوەی فەرمانی پێ بێت دەمە تەقەی لێ دروست دەبێت، ئاکام ئەوەی هەرگیز نەدەبوو بووبایە قەوما!

ئێمە لە چارەکە سەعاتی یەکەم کۆنترۆڵی وەزعەکەمان کرد و خۆپیشاندەران و پۆلیس و هەموومان کەوتینە ڕاستکردنەوەی بارێک کە کەسمان چاوەڕوانمان نەدەکرد، کەچی بەداخەوە کە کارەسات ڕوویدا و منداڵێکی لایەدی تاقانە بووە قوربانی و چەند کەسێکیش بریندار بوون، چونکە ئەوەی ڕوویدا لە ئامانجی کەسماندا نەبوو، نە باوکە جەرگ سووتاوەکە و خەڵکی خۆپیشاندەر و نە پۆلیس و بەرپرسەکان، بۆیە زۆر زوو توانیمان بە سەریدا زاڵ بین.ئەمڕۆش ئەو کارەساتە وامان لێدەکات هەموومان بە خۆمان دابچینەوە،بە حکومەت و هاووڵاتی و ڕێکخراوە مەدەنییەکان و ڕاگەیاندنیشەوە، ئەگەر ئامانجمان ژینگەی دیموکراسی بێت، دەبێ خۆی لێ ڕابێنین و فێری ئەو کەلتورە پیرۆزە بین، بۆ دووبارەنەبوونەوەی ڕووداوی لەو جۆرە .

*قایمقامی قەزای سۆران



# با دەوڵەت ئاپۆ ئازاد بکات

خالیدکاکینچ

تکایە لەسەرخۆبن، یەکسەر هەڵنەچن، با ڕێگایەکی دیکە تاقیبکەینەوە.من کەسێکی ئاساییم، ئەندام و لایەنگری پ ک ک ەش نیم. لەوانەیە هەندێک پڕوشکی ئاگرەکەم لە دوورەوە پێکەوتبێت، بەڵام ئەویش کاریگەری باشی هەبووە. هەفتەی ڕابردوو زۆر لەم ڕوانگەیە قووڵبوومەوە.

ئەو ڕێکخراوەی پێیدەڵێین پ ک ک، 24 ساڵە لە سەری شاخەکان دێت و دەچێت، لەدژی تورکیا شەڕی بەرپاکردووە. عەبدوڵڵا ئۆجەلانی ڕێبەری نزیکەی نۆ ساڵە لە زیندانە. سەرەڕای ئەو هەموو دەنگۆیانەی باس لە پارچەبوونی ئەم ڕێکخراوە دەکەن و هەواڵەکانی دیکەی وەک ئەوەی :لە هەموو شوێنێک ڕاومانان، کۆتاییمان پێهێنان، دەبێت بە ئاشکرا دان بەوەدابنێین کە ئۆجەلان لە ناو جەماوەری کورددا خاوەن خۆشەویستی و ڕیزلێنانێکی بێ هاوتایە، جەماوەرەکەشی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە زیادبووندایە.

دەوڵەت لە چوارچێوەی یاسادا پرۆسەی ڕیفۆرم ئەنجامدەدات، ڕێگە لە هاوکاری دەرەوە بۆ پ ک ک دەگرێت،پارتی دادیش بە ڕێگەی هەست و سۆزی ئایینی لە هەرێمەکەدا گەورەترین کاریگەری لەسەر جەماوەر دەکات، بەڵام سەرەڕای ئەمانە هەموویان لە کاریگەری ئۆجەلان کەم نابێتەوە.

لە لای خۆمەوە بیرم لەوە کردەوە پێویستە چی بکرێت:لە دواییدا گەیشتمە ئەو قەناعەتە: ئەگەر لە شوێنی دەوڵەت بوومایە ئۆجەلانم ئازاد دەکرد...لە بەرامبەرچی؟

1- بەرامبەر دەستبەرداربوونی لە هەندێک شت، ئەمەش دەبێتە مایەی گومانکردنی کورد لە ئۆجەلان.

2- کاتێک ئۆجەلان لەگەڵ مرۆڤەکان ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە، هەموو کەموکوڕی و خراپەکاریەکانی دەردەکەون.

کاتێک خەڵکی هەرێمەکە ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی ئۆجەلان دەبنەوە، زەمینەی بیرکردنەوەی واقیعیانەیان لەلا گەڵاڵە دەبێت. ئەو شتانەی ئاپۆ لە ناو زیندان باسی نەکردوون، لە دەرەوە باسیان دەکات. ئەوکاتیش هەموو ئەو بەهانانەی پ ک ک بۆ بەرگریکردن لە ڕەفتارەکانی وەک پاساو دەیانهێنێتەوە ڕەوایی خۆیان لە دەستدەدەن.

کاتێک چاوپێکەوتن لەگەڵ ئۆجەلان کەمێک درەنگ دەکەوێت، جەماوەرەکەی لەسەر پێیە، یەک مانگ پێش ئێستا کاتێک قژیان بڕی، بووە کێشەیەکی گەورە. بە ئازادکردنی هەموو ئەمانە کۆتاییان پێدێت. ئەوکات کورد هەڵسەنگاندنێکی ڕاستی ئۆجەلان دەکات.

منیش لە سەرەتادا هەندێک بە گومان بووم. بەڵام بارزانی نابێتە مایەی هەڕەشە بۆ سەر تورکیا، چونکە کوردانی تورکیا چەپگر و دیمکراتخوازن. لە ناوچەی دەریای ڕەش شوڤێنیزم و ئیسلامی سیاسی سەرهەڵنادات. بۆ نموونە لەم شەش ساڵەی دواییدا 2000 کەس لە تورکیا پەیوەندییان بە ڕێکخراوی قاعیدە کردووە . لە ناو ئەم ڕێکخراوەدا تورکە هەرە توندڕەوەکان دەڵێن "براکانمان با گفتوگۆ بکەین" ئەمە کلتورێکە. کوردپەروەر و ئایینپەروەرەکانیان ڕێگە بە باڵادەستی و توندڕەوی نادەن. هەروەها هەڵبژاردنی ئەحمەد تورک بۆ سەرۆکایەتی دەتەپە بۆ تورکیا هەلێکی لەبارە، سەرەڕای هەبوونی کەسانی توندڕەو لە ناو پارتەکەی ئەحمەد تورکدا، بەڵام دەوڵەت سەبارەت بە کێشەی کورد چاوەڕوانی هەنگاوی نوێی لێدەکات.

لە کۆتاییدا، ئەگەر ڕێگە بدەین ناتاشەکانیان لەسەر چیاکان بێنە خوارەوە و لەگەڵ ملیتانەکانیان هاوسەرگیری بکەن و دەوڵەتیش پارەی هاوسەرگیرییەکە دابین بکات، ئەمە بە قازانجی دەوڵەت تەواو دەبێت و، بە تێچوونی کەمتر ڕەوشەکە کۆتایی پێدێت.

لە ڕۆژنامەی (ئاکشەم)ی تورکییەوە
2008/8/19

# جێگر بەکەیفی کوردانە

**رووداو- ئاژانسەکان**



باراک ئۆبامای پاڵێوراوی دیموکراتەکان بۆ سەرۆکایەتی ئەمریکا، جۆ بایدن، تەمەن 65 ساڵ، بەبنەچە ئێرلەندی بۆ پۆستی جێگری سەرۆک کۆماری ئەمریکا دیاریکرد.بایدن لە ساڵی 1972 وە ئەندامی ئەنجوومەنی پیرانە، ئەو سیناتۆرە کە کەسێکی نزیکی یۆنانی و ئەرمەنییەکان ناسراوە، دژی سیاسەتەکانی تورکیایە و لە ساڵی رابردوو پێشنیاری دابەشکردنی عێراقی بۆ سێ هەرێمی فیدراڵ دا بە کۆنگرێسی ئەمریکا و پەسەندکرا، لەلایەن کوردستان بەخۆشی پێشوازیلێکراو لەلایەن بەغداش رەتکرایەوە.

# بەس نەیفرۆشی دەفتەرێک وەردەگری

**رووداو – سلێمانی**

هەر جوتیارێک بیەوێت دەڕاسەیەک بکڕێت، بەو مەرجەی نەیفرۆشێتەوە، وەزارەتی کشتوکاڵ 10 هەزار دۆلاری دەداتێ و گەردنیشی خۆش و ئازا دەکات و پارەکەی لێوەرناگرێتەوە.

مژدە کەریم، بەڕێوەبەری بەشی خزمەتگوزاری لەبەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی سلێمانی بە (رووداو)ی راگەیاند کە وەزارەتی کشتوکاڵ بڕیاریداوە لەکڕینی ئامێری دروێنە و کێڵان و گواستنەوەی بەرهەمی جوتیاران بۆ عەلوەکان، هاوکاری جوتیارانی کوردستان بکات.



مژدە کەریم، مژدەی ئەوەی دایە جوتیاران "هەر جوتیارێک مەکینەیەکی تراکتۆر بکڕێت، وەزارەت بڕی1500 دۆلاری دەداتێ، ئەگەر دەڕاسەش بکڕێت بڕی 10 هەزار دۆلاری دەداتێ".

# مادام لەئەوروپانە کەیفی خۆتانە



**رووداو- نێتکورد**

عەبدولعەزیز باز، موفتی سعودیە لەتازەترین فتوایدا دەڵێ ئەو گەنجە موسڵمانانەی بۆ خوێندن دەچنە دەرەوە دەتوانن (موتعە) بکەن و لەگەڵ ژنانی ناموسڵمان سێکس بکەن. بەڵام موفتی سعودیە یەک تاکە مەرجی بۆ ئەوە داناوە کە گەنجەکە پێش ئەوەی بگەڕێتەوە وڵاتەکەی بە ژنەکە بڵێت کە ئەو موتعەی لەگەڵ کردووە.


**خاوەنی ئیمتیاز** : کۆمپانیای رووداو

**سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن** : نوورەدین سەعید وەیسی nuradinwaisi@yahoo.com

**سەرنووسەر** : ئاکۆ محەممەد akopress74@yahoo.com

**جێگری سەرنووسەر** : سەلام سەعدی salam@rudaw.net

**نوێنەری ئەوروپا** : هێمن عەبدوڵڵا hemnabdulla@rudaw.net

**نووسینگەی سلێمانی** : شەقامی کانێسکان پشت پارێزگای سلێمانی 07701536483

Rûdaw

Rudaw readers know more

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە کۆمپانیای رووداو دەریدەکات ناونیشان: هەولێر-بەرامبەر نیوستی

www.rudaw.net rudaw@rudaw.net Tel: 00964 066 2558279


# وەزیر داوای گوڵ دەکات و دیوان بۆی ناکڕێت



**رووداو- هەولێر**

فەلەکەدین کاکەیی، وەزیری رۆشنبیری ئەو هەواڵەی رەتکردەوە کە مانگانە یەک ملیۆن و 500 هەزار دینار بۆ کڕینی گوڵی سروشتی بۆ ژوورەکەی تەرخانکرابێ و گوتی "گوڵ لەژوورەکەم نییە، عەیبە ژووری وەزیر گوڵی لێ نەبێ".

ناوبراو گلەیی لەدیوانی وەزارەتەکەی کرد کە چەند جارێک داوای گوڵی کردووە بۆ ژوورەکەی، بەڵام بۆیان نەکڕیوە "بەداخەوە گوڵ لەژوورەکەم نییە، بڕوا بکە چەندین جار گلەییم لەدیوانی وەزارەت کردووەو داوام کردووە گوڵ بۆ ژوورەکەم بکڕن، نایکڕن".

بەڵام لە هەمانکاتدا گوتی لە سەرەتای چوونیان بۆ ناو بینایە تازەکەی وەزارەت، گوڵ لەژوورەکەیدا هەبووە "هەفتەیەک گوڵ هەبوو لەژوورەکەم، رەنگە ئەو پارەی کە باسی دەکەن هەر هی ئەو کات بێ".

بەپێی راپۆرتێکی خەرجییەکانی چوار مانگی رابردووی وەزارەتی رۆشنبیری، کە لە رۆژنامەی هاوڵاتی بڵاوکرایەوە مانگانە 1 ملیۆن و نیو بۆ کڕینی گوڵی سروشتی بۆ ژووری وەزیری رۆشنبیری لە خەرجییەکانی وەزارەتدا نووسراوە.

فەلەکەدین کاکەیی کە زۆر حەز لە گوڵ دەکات و زۆر جاران گوڵ لە یاخەی خۆ دەدات گوتی"ئەگەر وەڵامی (هاوڵاتی)شم دایەوە، هەر داوا لەدیوانی وەزارەت دەکەم گوڵم بۆ بکڕن".

**راپۆرتێک لە لاپەڕە (4) بخوێننەوە**

## ل نک پرێ چێنابە

**سامان سندی**

**رووداو- زاخۆ**

فەرمانگەها شینوارێن پارێزگەها دهوکێ پرۆژەکا گەشتوگوزاری کو تنێ 300 مەتران ژ پرا دیرۆکیا دەلال ل زاخۆ دویرە راوەستاند، ژبەر کارتێکرنا نەگەتیڤا پرۆژێ ل سەر پرێ.

حەسەن قاسم، رێڤەبەرێ فەرمانگەها گشتی یا شینوارێن پارێزگەها دهوکێ د داخویانیەکێدا بۆ (رووداو) گۆت "ئەڤ پرۆژە ل گۆر یاسایا شینوارا نابی بهێتە چێکرن ژ بەرکو گەلەکی نزیکی پرا دەلالە و سێ تابقە و جهێ پرۆژێش شینوارییە".

حەیدر جنید، خوەدیێ ڤی پرۆژێ بۆ (رووداو) گۆت "پشتی مە مۆڵەتا چێکرنا ڤێ پرۆژێ ژ وەزارەتا شارەوانیا کوردستانێ وەرگرتی بگرێبەستەکێ بۆ 25ساڵان، و مە نها ژی مە هنەک ژوی پرۆژەی ئەنجامدایە، ژ نوکا فەرمانگەها شینوارێن پارێزگەها دهوکێ پرۆژێ مە راوەستاندیە".

## دووژنی لە پەنابەری خۆشترە

**رووداو- دانیمارک**

وەرگێڕێکی عێراقی لەنێوان وەرگرتنی مافی پەنابەری لە دانیمارک بەرامبەر تەڵاقدانی یەک لە دوو ژنەکەی، تەڵاقنەدانی هەڵبژارد و لەگەڵ هەردوو ژنەکەی گەڕایەوە عێراق.

دوای ئەوەی هێزەکانی دانیمارک ساڵی رابردوو لە باشووری عێراق کشانەوە، حکومەتی دانیمارک بڕیاریدا مافی پەنابەری بداتە 200خێزانی ئەو عێراقیانەی لەگەڵ هێزەکانیان کاریان دەکرد، بەڵام بەڕێوەبەرایەتی خزمەتگوزاری خێزان لە وەزارەتی دادی دانیمارک، دوای ئەوەی زانیی ئەو وەرگێڕە دووژنی هەیە، کە ئەوەش بەپێی یاسای دانیمارک قەدەخەیە، داوای لێکرد لەنێوان تەلاقدانی ژنێکی و مانەوەی لە دانیمارک یەکێکیان هەڵبژێرێ.

ماریان فولوند، پارێزەری ئەو وەرگێڕە بە رۆژنامەی (نیهیدسافیسن)ی راگەیاند "ئەو خێزانە هەرچەندە زۆر لەگەڕانەوە بۆ عێراق دەترسان، بەڵام لەبەر ئەو گرفتانەی بەهۆی دوو ژنیەوە رووبەڕوویان بووەوە و بەهۆی زۆر باسکردنی حاڵەتەکەیان گەڕانەوە عێراق".

## خوا ئاوی بڕیوە نەک بورهان بلەیی

**رووداو- خەلیفان**

دوای ئەوەی دەنگۆی ئەوە بڵاو بووەوە بەرپرسێکی سەربازیی بەنداوێکی لەسەر ئاوی گەلی عەلی بەگ دروستکردووە، بەرپرسەکە ئەوەی رەتکردەوەو گوتی"خۆ من حکومەت نیم بەنداو دروستبکەم".

بورهان بلەیی، کە دانیشتووی گوندی بلەی، سەر بەناحیەی خەلیفانە، بە (رووداو)ی راگەیاند حەز دەکات لیژنەیەک پێکبهێنرێت بۆ ئەوەی لەوە بکۆڵێتەوە "جارێکیش مودیر ناحیە تەلەفۆنی بۆ کردم، گوتی جەماعەتی مەسایف تەلەفۆنیان بۆ کردووە کە بورهان سەدی لەسەر ئاوی گەلی عەلی بەگ دروستکردووە، چما بورهان حکومەتە سەدی دروستبکات".

ناوبراو گوتیشی "لەناوچەی خەلیفان هەزاران دۆنم زەوی هەیە، من تەنیا 10 دۆنم زەویم هەیە، ئەو 10 دۆنمەش باخچەیە، وەکو خەڵک ئاوی دەدەم، ئەو قسەیەی دەکەن فڕی بەسەر راستییەوە نییە، خوا ئاوی بڕیوە، ئاو چۆن بە من دەگیرێ".



تاڤگەی گەلی عەلی بەگ بە تەواوی وشک بوو (فۆتۆ:رووداو)


